ڕووداو
RÛDAW
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (418) دووشەممە 2016/8/1 - 10ی خەرمانانی 2716 (750) دینار

# حکومەت یەک ملیار دۆلار قەرزداری کارەبایە

**ڕووداو- سلێمانی**

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا هۆشداری دەدەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەگەر پارەیان بۆ دابین نەکـەن، بەرهەمهێنانی کارەبا دەوەسـتێ، بەرپرسـێکی وەزارەتـی کارەباش دەڵێت لەگـەڵ وەزارەتی دارایی لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بەشێک لەو قەرزەی لای حکومەتە بۆ کۆمپانیاکان خەرج بکرێت.

زۆربەی کارەبای کوردستان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەرهەم دێت. ئێستا هەر یەک لە کۆمپانیاکانی ماس گرووپ، کار گرووپ، فۆکس گرووپ و قەیوان کارەبا بەرهەم دێنن، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نزیکەی ساڵ و نیوێکە حکومەت پارەی بۆ خەرج نەکردوون.

ئازاد مستەفا بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی ماس گرووپ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی ساڵێک و شەش مانگە ملیارێک و 44 ملیۆن دۆلار قەرزمان لەلای حکومەتە.

هـەر لەوبارەوە سـەردار خالیـد، خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی فۆکـس گوتی "نزیکەی 20 ملیۆن دۆلارمان لای حکومەتە، وەزارەتی دارایی مانگانە چەکمان پێدەدەن، بەڵام ئەوەش جۆرێکە لە قەرز، چونکە پارەکە لە بانک خەرج ناکرێت".

7 »

**ئیسلامییەکان:**

## ئەگەر بەرەی ئیسلامی دروست بکەین دەبینە خاوەنی 25 کورسی

3



## ئاڵتوونەکەی پەکەکە دەرز دەخاتە نێوان قەندیل و ڕۆژئاوا

6



## یەک ملیۆن دۆنم زەویی کوردستان لەبەردەم مەترسیی بوونە بیاباندایە

8

**دەستپێشخەریی بارزانی بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسی:**

# سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکێتی و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ گۆڕان

**بەرپرسێکی پارتی:**
پارتی دۆخەکەی تێکنەداوە، بەڵام ئامادەیە چاکی بکاتەوە

**هەڵسوڕاوێکی گۆڕان:**
پارتی هەنگاوێکی کرداری نەیەتە پێشەوە، گۆڕان لەجێی خۆی ناجووڵێت




3 »

## ئاڵای کوردستانیان بردە فێستیڤاڵی هاوڕەگەزخوازان

11 »

**ڕاپۆرتە هەواڵ** 2

## "ساڵانە 6 ملیۆن دۆلار بۆ حەج کرینەوە دەڕوات"



**هەڤپەیڤین** 10

د.مستەفا گوربوز، بۆ (ڕووداو):

## ئەمریکا سیاسەتی ئێران لە هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە دەزانێت

**ڕاپۆرت** 7

## ناحیەیەکی کوردستان 300 ساڵە خوێ ناکرێت



**هونەری** 12

## سلێمانی بە حەیران بەرەنگاری قەیران دەبێتەوە



## 16 ساڵە بێسەروشوێنە

**ڕووداو– هەولێر**

گەنجێکی دانیشتووی شاری هەولێر نزیکەی 16 ساڵە لە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە، کەسوکارەکەشی دەڵێن هەر کەسێک سۆراخی دەزانێت، ئەوان یان تۆڕی میدیایی ڕووداو ئاگاداربکاتەوە. ئەو گەنجە کە ناوی جەنگی حاجی سلێمان حەسەنە لە دایکبووی ساڵی 1984ە، لە ساڵی 2000ەوە لە ماڵەوە چووەتەوە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە. کەسوکاری جەنگی وێنەی کوڕەکەیان بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو ناردووە و دەڵێت لەو ڕۆژەی ئەو کوڕەیان ونبووە، بەدوایدا دەگەڕێن، بەڵام نایدۆزنەوە، بۆیە داوا دەکەن هەرکەسێک هەواڵی دەزانێت پەیوەندیان پێوە بکات، یان تۆڕی میدیایی ڕووداوی لێ ئاگادار بکاتەوە.



# "ساڵانە شەش ملیۆن دۆلار بۆ حەج کڕینەوە دەڕوات"

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

بەرپرسێکی ئەوقاف پێشبینی دەکات ساڵانە نزیکەی شەش ملیۆن دۆلار لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەدرێت بە هەندێک کۆمپانیای حەج و عومرە بۆ کڕینەوەی حەج، لە کاتێکدا ئەو کەسانە روکنەکانی حەجیش جێبەجێ ناکەن. ئەندامێکی لیژنەی فتواش دەڵێت "بەشێکی زۆری پارەی کڕینەوەی حەج بە هەدەر دەڕوات".

وەرزی نوێی حەجی ئەمساڵ نزیکبووەتەوە و ئەمساڵ 3656 هاووڵاتیی کوردستان فەریزەی حەج بەجێ دەگەیەنن. بەڵام لەبەر زۆریی داواکاری هاووڵاتیان بۆ حەج و سنووردارکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لەلایەن سعودیەوە، ساڵانە لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییەوە چەند کەسێک بەشێوەی تیر و پشک بۆ کڕینەوەی حەج تەرخان دەکرێن.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ساڵانە لەلایەن وەزارەتەوە و لە پشکی حاجیاندا 30 تا 40 کەس بەشێوەیەکی فەرمی بۆ کڕینەوەی حەج تەرخان دەکرێن کە ئەو کەسانە پێشتر فۆرم پڕدەکەنەوە و لەلایەن خەڵکیشەوە بریکارنامەیان بۆ دەکرێتەوە، یاخود لەلایەن فەرمانبەران و مورشیدی ئاینییەوە ئەو کارە دەکرێت، ئەو کەسەی حەجەکەش دەکات ئازادە لەوەی چەند پارە وەردەگرێت.

بەڵام مەریوان ئاشکرای کرد کە ساڵانە لەلایەن هەندێک کۆمپانیاوە نزیکەی 3000 کەس بە نهێنی حەج کڕینەوەیان بۆ دەکرێت و گوتی "تاوەکو ساڵی 2010 لە سعودیە نووسینگەی کڕینی حەج هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوانیش زانییان کارەکە ساختەکاری تێدا دەکرێت، قەدەغەیان کرد و ئێمەش جگە لەو پشکەی وەزارەت، ئەوانەی دیکەمان قەدەغە کردووە".

بەپێی زانیارییەکانی نەقشبەندی، هەندێک لەو کەسانەی لە کوردستان حەج دەکڕنەوە نزیکەی 800 دۆلار دەدەنە خاوەنی کۆمپانیاکان، ئەوانیش ڕەنگە 300 دۆلارێک بە کەسێکی عەرەب بدەن، کە ئەویش تەنیا وەرەقە و مۆرێک دەداتەوە کۆمپانیاکە، لە کاتێکدا هیچ روکنێکی حەجەکەشی بۆ ناکات، بە هەموو کۆمپانیاکان ساڵانە نزیکەی شەش ملیۆن دۆلار بەو شێوەیە پەیدا دەکەن، لە کاتێکدا حەجەکەش وەکو پێویست ناکرێت".

ئەو بەرپرسەی ئەوقاف کە ساڵانە وەکو فەرمانبەری وەزارەت لەگەڵ حاجییان سەفەری حەجی کردووە، گوتی "جارێک خاوەن کۆمپانیایەک داوای لە خۆم کرد کە پارەم پێدەدات بۆ ئەوەی حەجکڕینەوە بۆ کەسێک بکەم، بەڵام ڕەتمکردەوە".

بە گوتەی مەریوان، بەهۆی سکاڵای زۆری هاووڵاتییانەوە کە زانیویانە حەجەکەیان ساختە بووە، ئەو جۆرە حەجەیان لە کۆمپانیاکان قەدەغە کردووە و گوتی "داوا لە هاووڵاتیان دەکەین پارە بەو شێوەیە لە کڕینەوەی حەج بەفیڕۆ نەدەن، چونکە ئێمە لە هەر ساختەکارییەک بەرپرس نین".

د. ئەحمەد شافیعی ئەندامی لیژنەی باڵای فتوا لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەڕووی شەرعەوە کڕینەوەی حەج تەنیا بۆ مردوو یان کەسی پەککەوتەیە، ئەوەش بەو مەرجەی حەجیان لەسەر واجب بێت، جگە لەوەش ئەو کەسەی حەجەکەیان بۆ دەکات متمانەپێکراو بێت و لە کوردستانەوە بڕوات و هەموو روکنەکان جێبەجێ بکات.

شافیعیش تێبینی لەسەر حەج کڕینەوەی هەندێک لە کۆمپانیاکان هەیە و دەڵێت "هەندێک لەو خەڵکانەی ئەو پارەیە دەدەن ڕەنگە پارەکەیان بە خۆڕایی و بەهەدەر بڕوات، چونکە لە سعودیە کەسی متمانەپێکراویان دەست ناکەوێت و نازانرێت ئەو حەجە دەکرێت یاخود نا، ڕەنگە هەر ئەو کەسە بەڵێنی بە چەندین کەسی دیکەش دابێت حەجیان بۆ بکات".

هەروەها شێخ عەبدولقادر قەرەداغی بەرپرسی لقی سلێمانی کۆمەڵەی کۆمپانیاکانی حەج و عومرە بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە لە حەج کڕینەوەدا ئیستیغلالکردن هەیە، بەڵام ساڵانە ئەو کارە بۆ دوو تا سێ هەزار کەس ناکرێت، جگە لەوەش ساڵانی ڕابردوو بەدواداچوونی وردمان بۆ ئەو کۆمپانیایانە کرد کە ئەو کارە دەکەن و هەندێکمان لە سەفەری حەجدا دوورخستنەوە، پێشبینی دەکەین ئەمساڵیش کەمتر ببێتەوە، ئەویش لەبەر قەیرانی دارایی".

قەرەداغی ساڵانە لەگەڵ حاجییان سەفەری حەج دەکات، گوتیشی "جگە لە کۆمپانیاکان، ئەو مامۆستای ئاینی و فەرمانبەرانەی ئەوقاف و حاجییانیش کە لەگەڵمان دێن ساڵانە هەریەکەیان نزیکەی 15 حەج کڕینەوەیان هێناوە، جگە لە عەرەب، خوێندکارە کوردەکانیش کە لە سعودیە دەخوێنن دێنە هوتێلەکان بۆ ئەو کارە، بەڵام ئێمە عەرەب و خوێندکارەکانیشمان دەرکردوون".



## سەربازی تورکیشیان تێدا بووە

# سەربازانی سەربازگەکەی باشیک ژەهراوی دەبن



### بەڕێوەبەری سەربازگەی گوداد لە باشیک:
### لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان پێکهێناوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

ژمارەیەکی زۆر سەربازی سەربازگەی باشیک کە بەشێکیان سەربازی تورکیان، نەخۆش دەکەون و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن. دوای پشکنین دەردەکەوێت ژەهراوی بوون. سەرچاوەیەک لەنێو سەربازگەکە دەڵێت "داعش ئاوی سەربازگەکەیان ژەهراوی کردووە"، بەڵام بەرپرسی سەربازگەکە دەڵێت بەهۆی ئاوی گەرمەوە وایان بەسەرهاتووە.

ڕۆژی 29ی ئەم مانگە لە سەربازگەی گوداد لە نزیک باشیک کە تایبەتە بە سەربازانی حەشدی نیشتیمانی و هێزێکی سوپای تورکیا، ژمارەیەک سەرباز نەخۆشکەوتن و بەشێکیان ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی شاری دهۆک کران. لەنێو ئەو سەربازە ژەهراوییبووانەدا کۆمەڵێک سەربازی سوپای تورکیاش هەبوون کە دەگوترێ هەندێکیان یەکسەر بۆ وڵاتەکەیان گوازراونەتەوە.

خەیری خدر، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شێخان لەبارەی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی گەیشتنە لای ئەوان گوتی "ئەوانەی گەیەنرانە نەخۆشخانەکەمان ژمارەیان 20 سەرباز بوو، هەموویان سەربازی حەشدی نیشتیمانی بوون، بەڵام بەپێی زانیاری ئێمە نزیکەی 60 سەربازی تورکیاش کە لە سەربازگەکەن نەخۆش کەوتبوون، هەندێکیان هەر لەلای ئێمە چارەسەر کرابوون، بەشێکیشیان ڕەوانەی تورکیا کرانەوە".

خدر باسی نەخۆشیی ئەو سەربازانەی کرد و گوتی "وەکو هۆکار لێرە نەمانتوانی هۆکاری دروست بزانین، بەشێک لەوان دڵیان تێکهەڵدەهات، بەشێکیشیان ئیسهال بووبوون".

سەربازگەی گوداد نزیکەی دوو ساڵە لە نزیک شارۆچکەی باشیک دامەزراوە و 1500 چەکداری سەر بە هێزەکانی حەشدی نیشتیمانی تێدایە کە زۆربەیان خەڵکی شاری مووسڵ و دەوروبەرین. هەروەها ماوەی هەشت مانگە زیاتر لە 300 سەربازی تورکیا بە تانک و زرێپۆشەوە لەو سەربازگەیە جێگیرکراون کە ژمارەیەک ڕاوێژکاریشیان لەگەڵە و ڕاهێنان بە چەکدارانی حەشدی نیشتیمانی دەکەن.

سەرچاوەیەک لەنێو ئەو سەربازگەیە بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "ئێستا دڵەڕاوکێیەکی زۆر لە نێو سەربازانی سەربازگەکە دروست بووە، چونکە دەڵێن داعش ئاوی سەربازگەکەی ژەهراوی کردووە، داوەکەشیان بۆ سەربازانی تورکیا بووە، بەڵام حەشدی نیشتیمانیش پێوەبوون".

بەڵام عەمید ڕوکن محەممەد یەحیا، بەرپرسی سەربازگەی گوداد لە باشیک قسەیەکی دیکە لەبارەی نەخۆشکەوتنی ئەو سەربازانە دەکات و دەڵێت "ئەو سەربازانە بەهۆی گەرما و ئاوی گەرمەوە نەخۆشکەوتوون، ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن ژەهراوی کراون".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو سەربازانەی نەخۆشکەوتوون، عەمید محەممەد یەحیا دەڵێت "نزیکەی 20 سەربازی حەشدی نیشتیمانی و پێنج سەربازی تورکیا ڕەوانەی نەخۆشخانە کران". گوتیشی "ئێستا ڕەوشەکە ئاسایی بووەتەوە، بەڵام لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان پێکهێناوە بۆ دەرخستنی هۆکاری ئەو ڕووداوە".

# گرتنی تاوانبار بە ئەلیکترۆنی دەکرێت

## پۆلیسی دهۆک: پێنج تاوانبارمان لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە گرتووە

**عوبەید ڕەشافەیی**
**ڕووداو– دهۆک**

نزیکەی مانگێکە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ گرتنی تاوانباران لە دهۆک پەیڕەو دەکرێت، پۆلیسی دهۆک دەڵێت "تاوەکو ئێستا پێنج تاوانبار بەهۆی ئاسانکاریی سیستەمەکە دەستگیرکراون". لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ئەو سیستەمە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێ.

ئەفسەرێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک، ساڵێکە خەریکی سیستەمێکی ئەلیکترۆنییە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ئاسانکاری بۆ گرتنی تۆمەتبار و تاوانباران بکرێ.

ڕائید هێمن سلێمان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سیستەمەکە لە لایەن کەسێکەوە دروستکراوە کە دەرچووی پرۆگرامسازییە بە ناوی خالید ئیبراهیم، ناوبراو لەلای ئێمە ملازمی یەکەمە".

لەبارەی ناوەڕۆکی سیستەمەکە ڕائید سلێمان گوتی: "کاتێک فەرمانی گرتن بۆ تۆمەتبارێک دەردەچێ، یەکسەر داخلی سیستەمەکە دەکرێت، ناونیشان و وێنەی تۆمەتبار دەچێتە هەموو بنکە و بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان و خاڵە سنوورییەکان، تەنانەت لای مەفرەزە گەڕۆکەکانی پۆلیسیش ئەو سیستەمە لەنێو لاپتۆپێک دادەنرێ".

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک دەڵێ: "ناوی تۆمەتبار یان تاوانبار داخلی سیستەمەکە دەکرێت ئیتر لە سلێمانی و هەولێر بێت یان هەر شوێنێکی عێراق، دەتوانین زۆر بە ئاسانی دەستگیری بکەین".

پۆلیسی دهۆک زانیاری زیاتر لەسەر سیستەمەکە ئاشکرا دەکات کە جگە لە خودی تۆمەتبار، ئۆتۆمبێلی تۆمەتبارەکەش ئاشکرا دەکرێ و دەڵێت "ئەگەر شوفێرێک لە کەسێکی دا و ڕایکرد، ئەگەر ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە بدرێ بەپۆلیس، ئیدی لە هەر شوێنێک بێت زوو دەدۆزرێتەوە، جگە لەمە کەسێک تاوانبارە و خۆی ڕادەستی دادگا ناکات، کە دەچێتە فەرمانگەیەک یەکسەر ناوی دیار دەبێ کە تاوانبارە، ئیدی تەلەفۆنی پۆلیس دەکرێت بۆ ئەوەی دەستگیر بکرێ".

بڕیار بوو سیستەمەکە لە هەموو کوردستان پەیڕەو بکرێت، بەڵام ڕائید سلێمان دەڵێت "جارێ وەزارەتی ناوخۆ ویستی بزانێت تا چەند سیستەمەکە لە دهۆک سەرکەوتوو دەبێ و کێشەکانی چی دەبن، ئینجا لە پارێزگاکانی دیکەش پەیڕەو دەکرێت و ڕەنگە لە داهاتوودا لە هەموو عێراق پەیڕەو بکرێت". گوتیشی "تاوەکو ئێستا لە ڕێگەی ئەو سیستەمەوە پێنج کەس دەستگیرکراون".



# کێشەی زەکەریا عەبدوڵڵا و بانکی کوردستان لە دادگا یەکلایی نەبووەتەوە

**ڕووداو – هەولێر**

لە ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو)دا ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کێشەیەکی یاسایی نێوان هونەرمەندی کورد و بزنسمان زەکەریا عەبدوڵڵا و بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان بڵاوکرایەوە. هەروەک لەو ڕاپۆرتەشدا بڵاوکراوەتەوە، کێشەکە لە دادگایە و هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە زەکەریا عەبدوڵڵا ڕایگەیاند کە ئەو پارەیەی لە ڕاپۆرتەکەدا باسیکراوە لەلایەن زەکەریا عەبدوڵڵاوە وەرنەگیراوە، بەڵکو داواکراوە بۆ کڕینی کەرەستەی بیناسازی، بەڵام کەرەستەکان نەکڕدراون. لە ئەنجامی ئەوەشدا کێشە دروستبووەو، هێشتا کێشەکە لە دادگا یەکلایی نەکراوەتەوە.

زەکەریا عەبدوڵڵا لە ساڵانی نەوەتەکاندا وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ کاریگەرییەکی زۆری لە بواری هونەری کوردی و لەسەر گەنجانی کورد دروستکرد بەهونەرەکەی، ئێستاش هەوادارێکی زۆری هەیە. لە هەمانکاتدا لەساڵانی ڕابردوودا وەک بزنسمانێکیش لە کوردستان کاری دەکرد.

رووداو



## بەرپرسێکی کورد لە بەغدا دووردەخرێتەوە

**رووداو- هەولێر**

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق، ئەیاد نامیق، ئەمینداری گشتیی پەرلەمانی لە پۆستەکەی دوورخستەوە کە لەسەر پشکی پارتی بووو، پارتیش سێ کاندیدی دیاریکردوون بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکە. ئارام شێخ محەممەد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "لە دوایین کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق کە سێ رۆژ لەمەوبەر بەڕێوەچوو، لەچوارچێوەی چاکسازییەکانی نێو پەرلەماندا بڕیادرا ئەو پۆستانەی پەرلەمان پڕبکرێنەوە کە تاوەکو ئێستا بەوەکالەت بەڕێوەدەبرێن، لەو چوارچێوەیەشدا ئەیاد نامیق، لە پۆستەکەی دوورخراوەتەوە کە تاوەکو ئێستا بەوەکالەت پۆستەکە بەڕێوەدەبرد".

## دەستپێشخەریی بارزانی بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسی:

# سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکێتی و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ گۆڕان

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

نوێنەرەکەی بارزانی، ماوەی هەفتەیەک لە سلێمانی مایەوە و چەندین کۆبوونەوەی سازکرد، بڕیارە دووبارە بگەڕێتەوە سلێمانی و دەست بە خولێکی دیکەی دانوستاندن بکات، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان نوێنەرەکەی بارزانی بە مەرجێکی قورسەوە گەڕاندەوە لای بارزانی و یەکێتیش داوایەکی پارتی رەتکردەوە. نوێترین قسەی پارتی بۆ گۆڕان ئەوەیە کە "پارتی دۆخەکەی تێکنەداوە، بەڵام ئامادەیە چاکی بکاتەوە".

خەریکە دەرگایەک بۆ دۆخە سیاسییە چەقبەستووەکەی کوردستان دەکرێتەوە، ئەویش دوای چەند کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە 22- 2016/7/27 لە شاری سلێمانی، لە نێوان نوێنەری بارزانی و بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی.

د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ماوەی یەک هەفتە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەری رەش لە سلێمانی بوو. د.فوئاد حوسێن، وەکو نوێنەر و نێردراوی تایبەتی بارزانی چووە سلێمانی، تاوەکو چارەسەرێک بۆ دۆخە سیاسییەکە بدۆزرێتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە سەرچاوەیەکی باڵاوە دەستی کەوتووە، فوئاد حوسێن لە سلێمانی سێ کۆبوونەوەی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان کردووە، دوو لە کۆبوونەوەکان دووقۆڵی بوون (یەکێکیان لەگەڵ گۆڕان و یەکێکیان لەگەڵ یەکێتی)، کۆبوونەوەی سێیەمیش سێ قۆڵی بووە (نوێنەری بارزانی، گۆڕان و یەکێتی).

سەرچاوەکەی (رووداو) کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، باسی هەندێ زانیاری وردی سەردانی نوێنەرەکەی بارزانی بۆ سلێمانی دەکات، کە یەکەمجارە بڵاودەکرێنەوە "کۆبوونەوەی یەکەم لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ماوەی دوو کاژێر و نیو بووە، دواتر هەر لە سلێمانی لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، بەتەنیا کۆبووەتەوە، کۆبوونەوەی سێیەم بۆ ئێوارەخوانێک لەماڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و بە حزووری نەوشیروان مستەفا و نوێنەری بارزانی



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

کۆبوونەوەکە کراوە و کەسی دیکە تێیدا بەشدار نەبووە، کۆبوونەوەکەش سێ کاژێری خایاندووە".

سەرچاوە باڵاکە دەڵێت "فوئاد حوسێن لەوە تێگەیشت کە کێشەکان گەورە نین، بەڵام گرێیەکان کە پێشتر دەکرا بە دەست بکرێنەوە، ئێستا دەبێ بە ددان بکرێنەوە و ئەم کۆبوونەوانە سەرەتایەکن بۆ ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەکی دیکە تاوەکو کێشەکان چارەسەر بکرێن".

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان کە ئاگاداری بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی حیزبەکەیە، بە (رووداو)ی راگەیاند "نوێنەری بارزانی زیاتر هاتبوو، چێکی دۆخەکە بکات و بزانێ گۆڕان و یەکێتی چی دەڵێن، لە کۆتاییدا فوئاد حوسێن گوتی تێگەیشتم داوای چی دەکەن و داواکانتان دەخەمە بەردەم بارزانی".

ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، لەبارەی ئەو داوایەی لەڕێگەی فوئاد حوسێنەوە بۆ بارزانی نێردراوە زانیاری زیاتری ئاشکرا کرد کە "یوسف محەممەد ئامادەیە بۆ گۆڕین، بەڵام بە مەرجێک، یوسف محەممەد سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکات تاوەکو یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەگۆڕدرێ، بەشێوەیەک سیستەمی سیاسی لە کوردستان پەرلەمانی بێ. هەروەها ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بۆ ساڵێک درێژ دەکەینەوە بە کەمکردنەوەی هەندێ دەسەڵاتەوە، دوای ئەوە ئەگەر سەرۆکی پەرلەمانیش بگۆڕدرێ لاریمان نییە".

ئاواتی شێخ جەناب، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەوەی پارتی ناوی ناوە دەستپێشخەری، بەلای ئێمەوە هیچ نییە جگە لە کات کوشتن". ئاواتی شێخ جەناب هەروەها دەڵێ "ئەم ماوەیە بەناوی گۆڕانەوە قسە زۆر دەکرێت، با من هەڵوێستی دروستی گۆڕانتان پێ رابگەیەنم، تاوەکو پارتی هەنگاوێکی کرداری نەیەتە پێشەوە، سەد دەستپێشخەری و کۆبوونەوە بکات، گۆڕان هەنگاوێک لەجێی خۆی ناجولێت".

لەبارەی ئەو دەنگانەی کە دەگوترێت گۆڕان ئامادەیە دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ببێ، ئاواتی شێخ جەناب دەڵێ "ئەو قسانە بیرکردنەوەی پارتیانەن، گۆڕان خاوەنی قسەی خۆیەتی، تاوەکو پەرلەمان بە سەرۆکایەتی د.یوسف

### ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی:

### پارتی دۆخەکەی تێکنەداوە، بەڵام ئامادەیە چاکی بکاتەوە

### هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان:

### پارتی هەنگاوێکی کرداری نەیەتە پێشەوە، گۆڕان لەجێی خۆی ناجووڵێت

ئاسایی نەبێتەوە، هیچ کۆبوونەوە و رێکەوتنێکی دیکەمان نابێت".

هاوکات یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان داوایەکی پارتی لەڕێگەی فوئاد حوسێنەوە رەتکردووەتەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت "فوئاد حوسێن پێشنیازی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی لەلایەن یەکێتییەوە خستە بەردەم هێرۆخان، بەرامبەر ئەوەی جێگرێکی دیکە بۆ سەرۆکی حکومەت زیاد بکرێ و بدرێتە گۆڕان، بەڵام هێرۆخان ئەم داوایەی رەتکردەوە و گوتی یەکێتی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان پڕناکاتەوە".

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە 2016/7/30 بەسەرپەرشتی کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی کۆبووەوە، دواتر لە رێگەی دەرکردنی بەیاننامەیەک رایانگەیاند "ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە هاوڕابوون لەسەر ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانیشتن و دیالۆگ بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ سەرجەم کێشە و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە (رووداو)ی راگەیاند "سەرۆک بارزانی دەیەوێ کێشەکان لەرێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن". گوتیشی "سەرۆک بارزانی سوورە لەسەر ئەوەی نێوماڵی کورد پەرتەوازە نەبێ و ئێستا دەبێ کورد بەیەک دەنگی، خۆی بۆ قۆناغی دوای داعش ئامادە بکات، چونکە ئەگەر خۆمان رێکنەخەین وەک جەنابی سەرۆک دەڵێت، دوای داعش مەترسی زۆر لەسەر کوردستان هەن".

ئەحمەد کانی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لەبارەی هەوڵەکانی حیزبەکەی بۆ چارەسەرکردنی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان وەک بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت، پارتی کات دەکوژێ و نایانەوێ کێشەکان چارەسەر بکەن، بە (رووداو)ی گوت "پارتی گەمە ناکات، بەڵکو دەیەوێ کێشەکان چارەسەر بکات".

ئەحمەد کانی کە بەیەکێک لە سەرکردەکانی پارتی نزیک لە ناوەندی بڕیار دادەنرێ، گوتی "سەرۆک بارزانی لە ناوەڕاستی مانگی رەمەزان و لە جەژنی رەمەزان پەیامی هەبوو، حیزبەکان دابنیشن و کێشەکان چارەسەر بکەن. هەر بۆیە د.فوئادی راسپارد کە لەگەڵ حیزبەکان کۆببێتەوە و دیارە سەردانەکەشی ئیجابی بووە و بەهەنگاوێکی باشی دەبینین".

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ پارتی چەندە جددیە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەتایبەت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کە دەڵێن پارتی تێکیداوە و دەبێ هەر خۆیشی چاکی بکاتەوە، ئەحمەد کانی دەڵێت "پارتی تێکی نەداوە، بەڵام ئامادەیە چاکی بکاتەوە. ئێستا پارتی لە خاڵە هاوبەشەکان دەگەڕێ بۆ ئەوەی خاڵە ناکۆکەکان چارەسەر بکەین".

## ئیسلامییەکان:

# ئەگەر بەرەی ئیسلامی دروست بکەین دەبینە خاوەنی 25 کورسی

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

حیزبە ئیسلامییەکان بە گومانەوە باسی دروستکردنی بەرەی ئیسلامی دەکەن. بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ ئەم هەنگاوە تەنیا بۆ "قسە و موزایەدەی سیاسییە". بەڵام دەڵێت ئەگەر یەک بگرن دەتوانن 25 کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکەن. یەکگرتووی ئیسلامیش بە گەشبینییەوە لە بابەتەکە دەڕوانێت و دەڵێت لە لیستی خزمەتەوە دەستیان پێکردووە.

سێ حیزبە ئیسلامییەکەی نێو پەرلەمانی کوردستان کە خاوەن 17 کورسی پەرلەمانن (یەکگرتوو 10 کورسی، کۆمەڵی ئیسلامی 6 کورسی و بزووتنەوەی ئیسلامی کورسییەک) ئێستا چاویان لەوەیە ئەو ژمارەیە وەک خۆیان دەڵێن بۆ 25 کورسی بەرزبکەنەوە.

دەمێکە باسی دروستکردنی بەرەیەکی ئیسلامی لە کوردستان دەکرێ، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان متمانەیەکی ئەوتۆی بە دروستکردنی ئەو بەرەیە نییە.

مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "خوا کرداری لە ئێمە دەوێ، بەڵام ئێستا مەسەلەی دروستکردنی بەرەی ئیسلامی بووەتە موزایەدەی سیاسی و ئیعلامی، ئەگەرنا با دابنیشین و پۆستەکان وەلا بنێین و هەرسێ حیزبەکە بکەین بە یەک".

مەروان گەڵاڵی داوا دەکات ئیسلامییەکان چاو لە گۆڕان و یەکێتی بکەن کە چۆن لە 2016/5/17 لە سلێمانی رێککەوتنیان ئیمزا کرد "بەرەی ئیسلامی پێویستی بە پرۆژەیە وەکو ئەوەی گۆڕان و یەکێتی، ئەوان پێش ئەوەی بیکەن بە هەرا و لە راگەیاندن باسی بکەن، سەرقاڵی نووسینەوەی پرۆژە بوون، دەبێ ئیسلامییەکانیش چاو لەوان بکەن و پرۆژە ئامادە بکەن".

گەڵاڵی، قسەکردن لەسەر بەرەی ئیسلامی بەبێ بنەما ناودەبات و دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ شتێک نەکراوە بۆ دروستکردنی ئەو بەرەیە، کۆمەڵی ئیسلامی ئێستا سەرقاڵی نووسینی پرۆژەیەکن، بۆ ئەوەی دواتر پێشکەشی یەکگرتوو و بزووتنەوەی ئیسلامی بکەن".

### مەروان گەلاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی:

### دروستکردنی بەرەی ئیسلامی تەنیا قسە و موزایەدەی سیاسییە

### شوان قەڵادزەیی، سەرکردەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی:

### بابەتی بەرەی ئیسلامی هێشتا قسەی گشتییە

### محەممەد ئەحمەد، ئەندامی لێژنەی جێبەجێکاری یەکگرتوو:

### لە لیستی خزمەتەوە دەستمانپێکردووە

پرۆژەی پێکهێنانی بەرەی ئیسلامی ئێستا زیاتر لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە قسەی لەسەر دەکرێ. بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێ لە ساڵی 1998ەوە پرۆژەیان بۆ ئەوە ئامادەیە. ئێستاش وەک سەرکردەکانی ئەو حیزبە دەڵێن لە قسەکردن جددیەت هەیە، بەڵام لە کردار شتێک نابینن.

شوان قەڵادزەیی، کە لەیازدەمین کۆنگرەی بزووتنەوەی ئیسلامیدا لە 2016/7/27 لە سلێمانی، بە کۆکردنەوەی 200 دەنگ زۆرترین دەنگی کۆنگرەی بۆ ئەنجوومەنی شووورای ئەو حیزبە بەدەستهێنا، قسە لەسەر پێکهێنانی بەرەی ئیسلامی دەکات لە کوردستان و بە (رووداو)ی گوت "بابەتی بەرەی ئیسلامی دەیانجار لەسەر زمانی بەرپرسە باڵاکانی ئیسلامی باسکراوە، بەڵام لە کرداردا هیچ نەبووە، ئەوەی هەیە هێشتا قسەی گشتییە".

قەڵادزەیی کە سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەیە لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت "ئێستا بابەتەکە جددیترە، چونکە لەسەر ئاستی یەکەمی حیزبی ئیسلامییەکان باس دەکرێ". گوتیشی "ئەمجارە برایانی یەکگرتوو، بەتایبەت سەڵاحەدین بەهائەدین (ئەمینداری گشتی یەکگرتوو) جددیەتی پێوە دیارە و لە کۆبوونەوە گشتییەکان و داخراوەکان باسی دەکات".

بزووتنەوەی ئیسلامی وەک شوان قەڵادزەیی باسی دەکات، ساڵی 1998 پڕۆژەی داوە بە یەکگرتووی ئیسلامی بۆ دروستکردنی بەرەی ئیسلامی "بەڵام یەکگرتوو نەهاتنە پێش، ئەو کات بزووتنەوەی یەکبوون دروستبوو، دوایی سەری نەگرت". بۆیە وەک ئەو سەرکردەیەی بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێت حیزبەکەی "چەتری پڕۆژەی بەرەی ئیسلامییە، ئێستاش هیوامان وایە ئەم پڕۆژەیە دوانەکەوێ و خەڵک نائومید نەبن".

بەبڕوای قەلادزەیی، دەبێ هەرچی زووە ئیسلامییەکان فریای کادری خۆیان بکەون "ئەگەر بەرەی ئیسلامی دروستنەکرێ حیزبە ئیسلامییەکان باجێکی قورس دەدەن، چونکە کادیری باڵای ئەو حیزبە ئیسلامیانە دەڕۆن و لە شوێنی دیکە خۆیان دەبیننەوە، بۆیە هیچ پاساوێک نەماوە بۆ دروستنەکردنی بەرەی ئیسلامی".

یەکگرتوو ئیسلامیی کوردستان دوای تەواوبوونی کۆنگرەی بزووتنەوەی ئیسلامی بە رۆژێک لە رێگەی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو داوای کاری هاوبەشی ئیسلامی لەو حیزبە کرد.

سەلاحەدین بەهائەدین لە 2016/7/19 لە پەیامێکدا بۆ عیرفان عەلی عەبدولعەزیز، بەبۆنەی دەرچوونەوەی بە رابەری بزووتنەویە ئیسلامی، دەڵێت "هیواخوازین پێکەوە زۆرترین کۆشش و باشترین هەنگاو بەرەو پیادەکردنی پرۆژەی کاری هاوبەشی ئیسلامی بنێین و هەمیشە شەریکێکی کارای پرۆسەی یەکڕیزی و رێکخستنەوەی نێوماڵی ئیسلامخوازان بن".

هەروەها لە 2016/7/15 لە شاری سلێمانی لەسەر پرسی دروستکردنی بەرەیەکی ئیسلامی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەسەر داوای یەکگرتوو کرا.

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری یەکگرتوو کە بە مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە هەژماردەکرێ وەڵامی ئەوەی داوەتەوە کە ئایا هەوڵەکانی یەکگرتوو موزایەدە و قسەی راگەیاندنە بۆ پێکهێنانی بەرەی ئیسلامی لە کوردستان؟ دەڵێت "ستراتیژی ئەم چوار ساڵەی یەکگرتوو دوای کۆنگرەی حەوتەم، ئەوەیە لە گەشەپێدانی پرۆسەی سیاسی تاوەکو مەسەلەی دەوڵەتی کوردی هەوڵی جددی بۆ بدەین. ئەمەش بە یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردی و لابردنی گرژییەکان سەردەکەوێ".

محەممەد ئەحمەد بە (رووداو)ی گوت "کاری ئێمە تەنیا قسەکردن نییە، بەڵام لەبیر نەکەین هەموو شتێک بە قسەوە دەست پێدەکات. راستە هیچ شتێک بێ ئاستەنگ نابێ، بەڵام نزیکی زۆر هەیە و دەبێ گەشە بە کاری هاوبەش بدەین لە لیستی خزمەتەوە بۆ فراکسیۆنی هاوبەش و پرۆژەی هاوبەش هەنگاو بنێین".

ئیسلامییەکان باسی زەروورەتی پێکهێنانی بەرەی ئیسلامی دەکەن لە باشووری کوردستان. مەروان گەلاڵی دەڵێت "زەروورەتی بەرەی ئیسلامی، دەمی نەیارەکان دادەخات و قسەی نەیاران نامینێ کە دەڵێن یەک ئیسلام و یەک خوا هەیە، کەچی چەند حیزبی ئیسلامی هەیە".

بزووتنەوەی ئیسلامیش لەسەر گرنگی بەرەی ئیسلامی دەڵێت "لە پەرلەمان پێگە و سەنگی بەهێزمان دەبێ و لایەنی کەم جێگری سەرۆکی حکومەت و پۆستی دیکە". شوان قەڵادزەیی دەڵێت "لایەنە ئیسلامییەکان و بانگخوازەکان ئەگەر لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو بە یەک لیست بەشداربن، ئەوا بەلانیکەمەوە 25 کورسی پەرلەمان مسۆگەر دەکەن". بۆچوونی مەڕوان گەڵاڵی و محەممەد ئەحمەدیش لە قەڵادزەیی نزیکە دەڵێن ئەگەر سێ حیزبەکە لە بەرەیەکدا بن، پێشبینی دەکەن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا 20- 25 کورسیی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنن.



## نووسینگەی پێدانی ڤیزای تورکیا لە سلێمانی دەکرێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڤیزای تورکیا لە سلێمانی بدرێتە هاونیشتمانیان، سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەفتەی ڕابردوو کونسوڵی تورکیا لە هەولێر، سەردانی سلێمانی کردووە و پێی ڕاگەیاندوون لە ماوەی 10 ڕۆژی داهاتوودا نووسینگەیەک دەکەنەوە بۆ پێدانی ڤیزای تورکیا بە هاووڵاتیان و گوتی "دەبێت لەم هەفتەیەدا نووسینگەکە بکەنەوە و ڕەنگە هەر لەنێو باڵەخانەی کونسوڵخانەکەشدا بێت". پێشتر بەرپرسانی سلێمانی و تورکیاش ئاماژەیان بەکردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە سلێمانی کرد، بەڵام سیروان گوتی "کونسوڵ پێیگوتین بەهۆی دۆخی ئێستاوە کردنەوەی کونسوڵخانەکەیان بۆ کاتێکی دیکە ڕاگرتووە".

### دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر کارەساتی شنگالدا

# هێشتا شەش بەڕێوەبەری شنگال لەنێو داعشدان

## بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال:
## جگە لە گۆڕینی سێ بەرپرس، هیچ بەرپرسێک لە شنگال سزا نەدراوە

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

دوو ساڵ بەسەر هێرشی داعشدا بۆ سەر قەزای شنگال تێدەپەڕێ، جگە لە گۆڕینی سێ بەرپرسی ئەو قەزایە، هیچ کام لەو بەرپرسانە سزا نەدراون کە دەگوترێ بەهۆی کەمتەرخەمیی ئەوانەوە، شنگال کەوتە دەستی داعش. قایمقامی شارۆچکەکە دەڵێت "دەبێ کەمتەرخەمەکان دادگایی بکرێن".

خدر شەمۆ، نیشتەجێی قەزای شنگالە، خۆی و 12 کەس لە کەسوکاری کەوتبوونە دەستی چەکدارانی داعش، هەتا ئێستاش هاوژینەکەی و پێنج کچی لە دەستی ئەو چەکدارانەدا ماون.

خدر دەڵێت "چاوی هەموومان لەسەر پارتییە کە ئەوانەی کەمتەرخەم بوون و بوونە هۆکاری ئەوەی ئەو هەموو کچ و ژنە بکەونە دەستی داعش، سزایان بدات".

شەمۆ کە لەگەڵ سێ لە منداڵەکانی لە کەمپی شاریا نیشتەجێیە، دەشڵێت "برینی ئێمە ساڕێژ نابێت، هەتا کەمتەرخەمەکان سزا نەدرێن".

ڕۆژی سێی ئابی 2014 چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی کوردی ئێزدی کەوتنە دەست چەکدارانی داعش و ئەوانی دیکەش کە ژمارەیان نزیکەی 400 هەزار کەس دەبوو ئاوارەی چیای شنگال بوون و هەشت ڕۆژ لەو چیایە گیریان خوارد.

بەپێی ئامارەکان نزیکەی 5000 کوردی ئێزدی کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش، زۆربەی پیاوەکان کۆمەڵکوژکران، کچ و ژنی تەمەن مام ناوەند و منداڵیش لە بەساڵاچووەکان جیاکرانەوە و بردران بۆ مووسڵ و تەلەعفەر و ڕەققە و دێرەزوور و لەوێ کڕین و فرۆشتیان پێکرا.

مانگێک دوای کارەساتی شنگال، لەسەر فەرمانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەر یەک لە بەرپرسی لقی 17ی پارتی لە شنگال، بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال و بەرپرسی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە شنگال بۆ ماوەی شەش مانگ لە پیرمام لە ژێر چاودێری دانران، بەڵام دواتر ئازادکران.

قاسم سمۆ کە دوای کارەساتی شنگال، وەکو بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال دەستبەکار بوو، بە (ڕووداو)ی گوت "هەتا ئێستا تەنیا سێ بەرپرسی شنگال لە پۆستەکانیان لادراون، ئەوانیش بەرپرسی ئاسایشی شنگال، قایمقام و بەرپرسی لقی 17 پارتی بوون لە شنگال، جگە لەم گۆڕانکاریانە هیچ کەسێک لەسەر دۆسیەی کەوتنی شنگال سزا نەدراوە".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

قاسم سمۆ کە کوردی ئێزدییە و خەڵکی گوندی کۆچۆیە، داوا دەکات پەلە بکرێ لە ئازادکردنی ناوچەکانی دیکەی شنگال و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی ئازادکراون، ئەوانەشی بەرپرس بوون لە کەوتنی شنگال لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ".

مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال کە لەسەروبەندی ڕزگارکردنی شنگالدا کرایە قایمقامی قەزاکە، بە (ڕووداو)ی گوت "نەک تەنیا من، بەڵکو هەموو خەڵکی شنگال داوای سزادانی کەمتەرخەمەکان دەکەن".

ساڵێک و چوار مانگە ناحیەی سنوونێ و هەشت مانگیشە سەنتەری قەزای شنگال لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کراوەتەوە، تاوەکو ئێستاش 11 بەڕێوەبەری ئەو قەزایە گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان. قایمقامی شنگال دەڵێت "شەش بەڕێوەبەری قەزای شنگال هەتا ئێستا لەنێو داعشدان، دووی دیکەش هەتا ئێستا پەیوەندییان بە ئێمەوە نەکردووە، لەوانەش بەڕێوەبەری شارەوانی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شنگال، لەبەر ئەوە بەنیازین ئەو دوو بەڕێوەبەرە و بەشێک لە بەڕێوەبەرەکانی دیکە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بگۆڕین".

# ڕۆژێک لەگەڵ عەقید لوقماندا



ئەیوب نووری
ڕووداو- هەولێر

شەوی پێنجشەممەی ڕابردوو پێشمەرگەیەکی ئازا بە گوللە هاوەنێکی داعش لە میحوەری خازر شەهید بوو. ئەو ئەفسەرە ناوی لوقمان و خەڵکی چەمچەماڵ بوو. عەقید لوقمان، 44 ساڵ، پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانە، سمێڵێکی گەورەی ڕەشی هەبوو کە لەگەڵ یەکەم ساتی بینینیدا سەرنجی ڕادەکێشای.

کەسێکی نەرم و نیان و لەسەرخۆ، لەوە نەدەچوو لەبەرەیەکی جەنگدا بێ لەگەڵ دوژمنێکی دڕندەو هەلپەرستی وەک داعش، بەڵام لەهەمانکاتدا جەنگاوەرێکی لێبڕاو بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی پاسەوانی گوندی موفتی بوون، تاوەکو ڕێ بگرن لە گەڕانەوەی داعش.

من مانگی شەشی ئەمساڵ عەقید لوقمانم ناسی ئەو کاتەی چووبووم بۆ گوندی موفتی تاوەکو لەنزیکەوە سەیری چەند تونێلێکی داعش بکەم. کاتێک لەبەردەم تونێلەکەدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی هاوکارم ڕاوەستابووم، پێشمەرگەیەک هات و خۆی وەک عەقید لوقمان ناساند. پێیگوتین تونێلەکە دەرگایەکی دیکەی هەیە و بردینی بۆ لای کونێک لەتەنیشت ستوونێکی کارەبا "خوارەوە زۆر لێرە فێنکترە و خەمتان نەبێ خۆمان چەندینجار چووینەتە ناوەوە"، پاشان ڕووی لە یەکێک لەپێشمەرگەکانی کرد و گوتی "بڕۆ تفەنگێک و لایتێک بێنە و وەرەوە."

کە پێشمەرگەکە گەڕایەوە، خۆم شۆڕ کردەوە نێو تونێلەکە و عەقید لوقمانیش بەدوامدا. نێو تونێلەکە وەک ماڵێکی تەواو وابوو بە ژووری نووستن و مەتبەخ و ڕاڕەو و سیستمی کارەبا و تەنانەت شوێنی تەلەفزیۆن و جل هەڵواسین. زەوی و سەقفەکەشی لە تەختەی ڕێک دروستکرابوو. کاتێک کە گەشتی ناو تونێلەکەی پێدەکردین، عەقید لوقمان گوتی زۆر بە هاوسەنگەرەکانی گوتووە کە نابێ تونێلەکە بسووتێنن، چونکە دەیانتوانی خۆیان سوودی لێوەربگرن و لەئایندەشدا خەڵک بێن بۆ سەیری، بەڵام کەسانی سەروو خۆی گوتبوویان دەبێ بسووتێنرێ، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو چەکداری داعشی تێدا مابێ.

زۆربەی تونێلەکە لەئاگرەکە دەرباز ببوو. کونی چوونە ژوورەوەی سەرەکیی تونێلەکە لەناو ژووری یەکێک لەماڵەکانەوە دروستکرابوو. چەکدارەکان کۆنکرێتی ژوورەکەیان شکاندبوو، لەوێوە تەواوی تونێلەکەیان هەڵکەندبوو. خۆڵەکەشیان هەموو بردبووە نێو ژوور و مەتبەخ و حەوشەی ماڵەکەوە.

کارێکی وەها تۆکمەیان کردبوو کە کاتێ لێت دەڕوانی هەستت دەکرد هاتوون هەزار ساڵ لەو شوێنە بمێننەوە، بەڵام عەقید لوقمان و پێشمەرگەکانی لەوێ بوون تاوەکو ئەو خەونەیان نەیەتەدی.

چەکدارانی ئەم بەرەیە و گوندی موفتی بەتایبەت بەڵگەی ئەوە بوون کە داعش و حیزبی بەعس نەک دوو، بەڵکو یەک ڕووی هەمان دراون. لەنووسینی سەر دیوارەکانیاندا دیار بوو. لەسەر یەکێک لەدیوارەکان نووسیبوویان "سەدام شێخی موجاهیدانە". لەسەر دیواری ژوورێکی دیکەش نووسیبوویان "عاشقانی جەنگ". بنەماڵەی عەقید لوقمان چەندین ساڵ لەدژ بەعس جەنگا بوون و ئێستا عەقید لوقمانیش لە دژی جێگرەوە ئیسلامییەکانیان دەجەنگا.

لەتونێلەکەوە چووم بۆ ناو قوتابخانەی گوند کە پێشمەرگەکان کردبوویان بە بنکەی خۆیان. لەوێ لەسەر کورسییەکی دارین دانیشتم و عەقید لوقمان بە یەکێک لەپێشمەرگەکانی گوت چا لێبنێت. عەقید لوقمان دەیگوت لێرە هێشتا مەترسی ماوە ئەگەرچی داعش لەو شوێنەش دەرکراون. دەستی بۆ بەردەم قوتابخانەکە ڕاکێشاو گوتی هەر دوێنێ لەوێدا بۆمبێک تەقییەوە بەمەرجێ مانگێکە بەلایدا دێین و دەچین.

لەوکاتەدا بێسیمەکەی دەستی دەنگێکی پچڕپچڕی عەرەبی لە شەپۆلەکانەوە وەرگرت. منیش لێم پرسی "ئەوە دەنگی داعشە؟" گوتی "بەڵێ ئەوانن، بەردەوام گوێیان لێ دەگرین". بێسیمەکەی دایە دەستم و منیش گوێم گرت لە چەکدارە نادیارەکان و قسەکانیانم لەدەفتەرێکدا دەنووسی. چەکدارێکیان بەیەکێکی دیکەی دەگوت "دەمەوێ شێخ ببینم، زۆر لە کاتی ناگرم، تەنیا چەند خولەکێک." ئەوی دیکەش وەڵامی دەدایەوە "باشە وەرە بۆ لای ئوتێل نەینەوا". چەکدارێکی دیکە لەسەر شەپۆلێکی دیکە دەیگوت "ئەوە کەسەکەمان نارد بۆ لاتان، ڕێگاکەی نیشان بدەن". چەکدارەکەی بەرامبەری وەڵامی دایەوە "باشە با بێت دەیناسین. پێشتر کارمان لەگەڵ کردووە". شەپۆلەکەمان گۆڕی و ئەمجارەیان چەکدارەکان بەزمانێک قسەیان دەکرد کە هەرگیز نەمبیستبوو. لە زمانی خەڵکی ناوچەی قەفقاز دەچوو.

لەعەقید لوقمانم پرسی ئایا هەرگیز لەگەڵ چەکدارەکان قسە دەکەن؟ گوتی "نەخێر. ئەگەر قسەش بکەین وەڵاممان نادەنەوە. ئەگەر بشزانن گوێیان لێدەگرین یەکسەر شەپۆلەکە دەگۆڕن."

عەقید لوقمان و پێشمەرگەکانی خۆیان خستبووە بەردەم گەرمای سووتێنەری هاوین و مەترسی قەنناس و هاوەنی داعش بۆ پارێزگاریکردن لەم گوندە تاوەکو ڕۆژێ لەڕۆژان دانیشتووانەکەی بتوانن بگەڕێنەوە. بۆ پێشمەرگە لاوەکان عەقید لوقمان وەک برایەکی گەورە وابوو. لەگەڵیان چای دەخواردەوەو لەبەرچاویدا قسەیان دەکرد و جگەرەیان دەکێشا و ئاسوودە بوون. ئەو دەیزانی کە پێشمەرگەکانیش وەک ئەو لەناو هەمان بەلەمدان. دوور لەماڵ و منداڵ و شار.

عەقید لوقمان بەرامبەر دوژمنەکانی لێبووردە نەبوون گیانی خۆیشی بەخشی، تەنیا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سنوورەکانی پێشمەرگە نەبەزێنن. وێنەکەشی ڕەنگە زۆر زوو شەقامێکی دیکەی ئەم وڵاتە برازێنێتەوە هەروەک وێنەی ئەو سەدان پێشمەرگەیەی دیکە کە لەپێناو پاراستنی کوردستاندا شەهید بوون.

# "لەبەر پلانێکی سعودیە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ دوادەخرێت"

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بۆ نەینەوا کۆنترۆڵ ناکرێتەوە؟ ڕۆژانە ئەو پرسیارە هەزاران جار لە نێوان عێراقییەکان بە گشتی و ئەو ئاوارانە بە تایبەتی کە وەرزێکی ئاگرین لە ژێر خێمەکاندا بەڕێدەکەن، دەکرێت، بەڵام زانیارییەکان دەڵێن بڕیار لای ئەو ژەنەڕاڵ و پلەدارە سەربازییانە نییە کە بەردەوام دەڵێن ئامادەن بۆ جەنگ. پەرلەمانتارێکی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ ئێستا شەڕی مووسڵ زۆرتر شەڕێکی سیاسییە تاوەکو سەربازی.

عەرەفات کەرەم، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت ئێستا بە تەواوی دەرکەوتووە کە حکومەتی عێراق بۆ خۆی بە پلان نایەوێ جارێ شاری مووسڵ کۆنترۆڵ بکاتەوە و دوای دەخات "چونکە دەیەوێ حەشدی شەعبی وەک بەشێک لە سوپای عێراق ببێتە فەرمی و بەشداری ئەو شەڕە بکات، بیریش لە پاش ئازادکردنی مووسڵ دەکاتەوە لەڕووی بەڕێوەبردنیەوە".

عەرەفات کەرەم نوێترین زانیاری لەبارەی هۆکاری دواکەوتنی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێ "سعودیە لە کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵ گەورەترین کۆنگرە لە ڕیاز دەبەستێ و لەو کۆنگرەیەدا نەخشەڕێگایەک بۆ دروستکردنی هەرێمی سوننەکان دادەڕێژێت و تەنیا ئەو سەرکردە سوننانەش بانگ دەکات کە پرۆژەی ئێرانی و شیعی ڕەتدەکەنەوە لە عێراقدا". گوتیشی "هەریەکە لە تارق هاشمی و نوجێفییەکان و ئەو کەسایەتییە سوننیانەی کێشەیان لەگەڵ سیاسەتەکانی مالیکی هەبوو، لەو کۆنگرەیە دەبن".

وشیار عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق کە ئەندامی لیژنەی بەرگری و ئاسایشە، پێیوایە بڕیاری دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنەوەی نەینەوا، لە دەست هاوپەیمانانە نەک عێراقییەکان "ئەوە هێزی هاوپەیمانەکانن دەبێ گڵۆپی سەوز هەڵبکەن". بەبڕوای وشیار عەبدوڵڵا ئێستا شەڕی مووسڵ بووەتە بابەتێکی سەربازێ سیاسی و بەشێک لە هۆکاری دواکەوتنی شەڕەکەش بۆ نائامادەیی سوپای عێراق و ئەو زیانە گەورەیەی لە سەرەتای جەنگەکەوە بەریکەوت.

وشیار عەبدوڵڵا باسی چەند سیناریۆیەک دەکات لە بەردەم سوپای عێراق و هاوپەیمانان کە یەکێک لەوانە دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆی شەڕی فەللوجەیە لەلایەن داعشەوە.

سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، وشیار عەبدوڵڵا دەڵێت "ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە مانگی نۆی ئەمساڵ پرۆسەی ئازادکردنەوەی نەینەوا دەست پێبکات، چونکە ئەوە کارێکە دەبێ ئەمریکا بیکات و پێش ئەوەی لەگەڵ کۆمارییەکان بچنە هەڵبژاردنەوە بۆ یەکلاکردنەوەی کورسی سەرۆکایەتی". وشیار عەبدوڵڵا، قورسترین کۆسپی بەردەم حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان و کوردیش بە قۆناخی دوای داعش ناودەبات و دەڵێ "دواتر کێ ئەو پارێزگایە بەڕێوەدەبات، ئال نوجێف یان خەڵکانی دیکە؟ یان سوپای عێراق و حەشدی شەعبی".

کورد جارێکی دیکە خوێنێکی زۆری لەسەر ئەو سنوورانە ڕشتەوە کە داعش کردنییەوە بە سنووری شەڕ، وەک چۆن حکومەتی عێراق نایەوێ سوننەکان بە خەیاڵی هەرێمێکی نوێوە دەسەڵات لەو پارێزگایە وەربگرنەوە، کوردیش نایەوێ بەبێ گرەنتی بچێتە نێو ئەو جەنگەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دراونەتە (ڕووداو)، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند جارێک کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک هۆز و کەسایەتییە دیارەکان و نەتەوە جیاوازەکانی دەشتی نەینەوا کردووە و پشتگیری کردوون کە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەببەن "بەڵام دەیەوێ گرەنتی ئەوەش هەبێ کە نەبنە کێشە بۆ ئەو ناوچانەی کوردستانین و بەدەست پێشمەرگەوەن".

عەرەفات کەرەم، لەو بارەیەوە پێشبینی دەکات کە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی نەینەوا، کێشە لەنێوان کورد و سوننە دروستبێ لەسەر ئەو ناوچانە "بەڵام کورد لە ئێستاوە بە سوننەکانی ڕاگەیاندووە، ئەو شارۆچکە و گوندانەی لە بنەڕەتدا کوردستانین، پێشمەرگە لێیان ناکشێتەوە و دەبنە بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستان".

ئایەتەکین یڵماز، نووسەر و ڕەخنەگری کوردی باکووری کوردستان بۆ (ڕووداو):

# تورکیا وەکو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێهاتووە



**ئایەتەکین یڵماز، ساڵی 1967 لە شارۆچکەی ئەرگانی سەر بە ئامەدی باکووری کوردستان لەدایک بووە. لە سەرەتای نەوەتەکاندا بە بیانووی ئەندامێتی لە پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ماوەی نۆ ساڵ و شەش مانگ زیندانی دەکرێت، دوای ئازادکردنی، لە پەکەکە جیادەبێتەوە و دەست دەداتە نووسینی پەرتووک. ئێستا خاوەن قەڵەمێکی ڕەخنەگری دیارە لەنێو ناوەندە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی باکووری کوردستان و تورکیادا. ئایەتەکین خاوەنی پێنج پەرتووکە، بەهۆی بەرهەمەکانی چەندین خەڵاتی لەسەر ئاستی باکووری کوردستان و تورکیا بەدەستهێناوە.**

**ئایەتەکین یڵماز لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کاریگەری و کاردانەوەکانی دوای کودەتای 15ی تەمموز دەکات و دەڵێت "دەوڵەتێک کە پێشتر حەق و حیسابی لەگەڵ کودەتاچییەکانی ڕابردوو نەکردبێ، بەردەوام مەترسیی کودەتای لەسەر دەبێت".**

ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: تورکیا دەوڵەتێکە لەسایەی کودەتاوە گەیشتووەتە ئەم ڕۆژگارە. کودەتا یەک لەدوای یەکەکان چی بۆ کۆمەڵگای تورکیا هێناوە؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** نەک تەنیا لە تورکیا، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەش نەمانبینیوە کودەتا دەستکەوتێکی بۆ کۆمەڵگاکان هەبووبێت. بەپێچەوانەوە هەموو کودەتاکان ئەشکەنجە، مردن و کاولکارییان بەدوای خۆیاندا هێناوە. ئەگەر لە کودەتا سەربازییەکانی سەردەمی کۆماری تورکیا بکۆڵینەوە لەوەش زیاتر دەبینین. ئەو کێشە سیاسیانەی کە ئەمڕۆ تورکیا بە دەستیانەوە دەناڵێنێ، بەرهەمی کودەتای 12ی ئەیلوولن. چونکە تاوەکو ئێستا ئەو دەستوورەی کاری پێدەکرێت دەستووری سەردەمی کودەتایە. کودەتای سەربازی زوڵم بۆ کۆمەڵگا دێنێت و ئازادییەکانیش دەبات.

**ڕووداو: سەرەڕای هەموو کودەتاکان، دەوڵەتی تورکیا نەک جیهانبینی خۆی نەگۆڕیوە، بەڵکو هەوڵیشی نەداوە بیگۆڕێت. ئایا هەوڵی کودەتاکەی 15ی تەمموز دەبێتە سەرەتایەک بۆ گۆڕینی جیهانبینی دەوڵەت؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** کۆمەڵگایەک کە پێشتر حەق و حیسابی لەگەڵ کودەتاچی نەکردبێ، بەردەوام مەترسی کودەتای لەسەرە و لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەری ڕوودانی کودەتا هەیە، بۆچی کۆمەڵگایەک یان دەوڵەتێک لێپێچینەوە لەگەڵ کودەتاچییەکان ناکات؟ لە تورکیا ئەوانەی ئەو پرسیارە دەکەن هیچ کاتێک ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێناپەڕێت. ئاکپارتی بۆ یەکەمجار وەکو حکومەت گوتی حەق و حیسابیان لەگەڵ دەکەین، بەڵام نەیکرد و نەیتوانی بیکات. لە تورکیا ئەوانەی دەگەنە دەسەڵات، دوای ئەوەی لەناو دەزگاکانی دەوڵەت جێی خۆیان دەکەنەوە، لەبیریان دەچێت کە هەموو دەزگاکان دەزگای کودەتان و دەڵێن با هەندێک کەیف و سەفا بکەین. وڵاتێک کە ئەوەندە بە دەستی کودەتاکانەوە ناڵاندوویەتی، هێشتا دەزگای سەربازی بە متمانە پێکراوترین دەزگا دەزانێت کە ئەمەش لایەنی تراژیدیی مەسەلەکەیە.

## بەهۆی کودەتاوە ژیانی 150 هەزار کەس سەرەوژێر بووە

## بۆشاییەکانی سوپا بە ئەندامانی (باڵیۆز) و (ئەرگەنەکۆن) پڕ دەکرێنەوە

## نابێت چاوەڕێی گۆڕانکاری گەورە بین لە باکووری کوردستان

نابێت لە بیری بکەین کە ئەو وڵاتە حەق و حیسابی لەگەڵ هیچ کودەتاچییەکی پێشتووتر نەکردووە. یەک کودەتاچیمان نەبینیوە لە کردەوەکانی پەشیمان بووبێتەوە. دوای ئەوەی سێ ژەنەڕاڵی کودەتای 12ی ئەیلولی 1980 پیربوون و کەوتنە سەر جێگا، حکومەتی ئاکپارتی سزای زیندانیکردنی بۆ بڕینەوە، پاشانیش هەر بەخۆی سزاکەی هەڵوەشاندەوە. ئەگەرنا دەزانین کە دەوڵەتێک بەرپرسانی ڕابردووی خۆی لەسەر کودەتا موحاسەبە نەکردبێ، ئەوە هەموو ئەو هەڵانەی لە ڕابردوو دراون دووبارە دەبنەوە. بێگومان هەوڵی کودەتای 15ی تەممووزیش بووە بەڵگەی ئەو ڕاستییە.

## کۆمەڵگایەک لە کودەتاچییەکان نەپێچێتەوە، بەردەوام مەترسیی کودەتای لەسەر دەبێ

## تورکیا بە گوێرەی قۆناغەکان دوژمن بۆ خۆی دروست دەکات

**ڕووداو: بەڕێزت لە هەڤپەیڤینێکدا دەڵێی "ئەو دەوڵەتە بەبێ دوژمن ناژی". پێتوایە دوای هەوڵی کودەتای 15ی تەمموز هەمان سیاسەت درێژەی هەبێ؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** یەکەمجار ئەو قسەیە لە ساڵی 1920 لەلایەن خەلیل مەنتەش دەکرێت کە یەکێکە لە پیاوەکانی دەوڵەت، ئەو قسەیەم لەوێ وەرگرتووە. لەو بارەیەوە دەڵێت "ئێمە کۆمارێکمان دامەزراند، بەڵام بەبێ دوژمن ناژین". پێموایە مەسەلەکە بە تەواوەتی ئەمەیە، تورکیا بەردەوام بە دوژمنەکانی هەناسە بۆ خۆی پەیدا دەکات، دەوڵەتێکە بە گوێرەی قۆناغەکان دوژمن دروست دەکات، دەوڵەتی بەم شێوەیە "خائین"ی زۆر دەبن. ئەو سیستەمانەی بەردەوام دوژمن و خائین دروست دەکەن، ڕکابەریشی بۆ دروست دەکرێن. ئەو ڕکابەرانە هەندێکجار لەناوەوە و هەندێکجاریش لە دەرەوە دەبن.

کاردانەوەکان لەدژی هەوڵی کودەتای 15ی تەمموز جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ کاردانەوە لەدژی کودەتا سەربازییەکانی پێشوو. لە مێژووی کۆماری تورکیا یەکەمینجارە خەڵکی مەدەنی لەدژی کودەتاچی دەوەستنەوە. ئەمە لە مێژووی نزیکی تورکیادا کاردانەوەیەکە نموونەی نەبووە. لەمبارەیەوە هەڵوێستی دژە کودەتا لە ئەمڕۆدا شتێکی بەنرخە. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لە بەردەوامی و ڕاستگۆیی دژبەرانی کودەتا تێدەگەین. کودەتا تەنیا بە پێکهاتەی سەربازی ناکرێت، حکومەتی مەدەنی و دەوروبەرەکەشی دەتوانێ کودەتا بکات. لەمبارەیەوە دەبینە چاودێریکەری ئەمە، ئایا تەنیا لەدژی ئەوانە دەوەستینەوە کە کودەتایان لەدژی ئێمە کردووە، یان لەدژی هەموو کودەتاچییەکان دەوەستینەوە؟ لەم چوارچێوەیە و هەروەها لە چوارچێوەی ئەوانەی لەدژی کودەتای سەربازی دەوەستنەوە، پێویستە کودەتای مەدەنی نەکرێ. لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی تورکیا لە ماوەی داهاتوودا بە تاقیکردنەوەی لەم شێوەیەدا تێدەپەڕێ.

**ڕووداو: لەدوای هەموو کودەتاکان کورد قوربانیی یەکەم بووە. ئەمجارەش کورد دەبنە قوربانی؟ دوای پرۆسەی پاککردنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت بۆ بێدەنگکردنی کورد، شەپۆلێکی دەستگیرکردن و ڕاوەدوونانی کورد دەست پێدەکات؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** جارێ لە بە قوربانیکردنی کورد گەڕێ، پرۆسەیەکی شەڕوشۆڕ لە ئارادایە و بەو هۆیەوە لە هەموو جارێک زیاتر قوربانی لێدەکەوێتەوە. واتە دەوڵەت بێ ناوبڕ درێژە بە ئۆپەراسیۆنەکانی دەدات. جگە لەمە چی دیکە دەکات؟ دوای هەوڵی کودەتا، سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە (باکووری کوردستان) پێویستە چاوەڕێ نەبین تاوەکو گۆڕانکارییەکی گەورە ڕووبدات. دیارە ئەو کودەتاچیانەی حەز لە پەرەسەندنی توندوتیژی دەکەن لەناو دەوڵەت خۆیان حەشارداوە. لە قۆناغەکانی شەڕدا دەسەڵات و دەرفەتی بێ سنوور بە سوپا دراوە. ئەگەر حکومەت دەخوازێ هەژموونی سوپا لە نێو دەوڵەتدا بشکێنێ و سنوورداری بکات، ناچارە کۆتایی بە پرۆسەی شەڕ بهێنێ. ناتوانین لەیەک کاتدا باسی بەردەوامی شەڕ و بێکاریگەریکردنی سوپا بکەین.

**ڕووداو: کورد لەدوای هەوڵی کودەتای 15ی تەمموز چۆن دەتوانێ خۆی بپارێزێت؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** گەلێک هەیە کە لەهەمووان زیاتر لە دەستی کودەتاکان زوڵمی چەشتووە، کورد لەیەکەم ڕۆژی کودەتاکە لە دژی کودەتا و کودەتاچییەکان هاتە دەنگ. پێویستە حکومەت ئەمە ببینێ، بۆ ئەوەی زەمینەی ئاشتی دروست بکات، پێویستە سیاسەتێکی نوێ پەیڕەو بکات. بەهۆی بوونی "دوو سەر" لەنێو دەوڵەتدا، کوردی ناوچەکانی شەڕ لە هەمووان زیاتر زیانیان پێدەگات. ئەگەر بیرۆکراتە دوو سەرییەکەی دەوڵەت بگەڕێتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی، ئەمە دەبێتە ڕووداوێکی زۆر گرنگ. لەناو دەوڵەت، دەوڵەتە پاڕالێلە شاراوەکە ئاشکرا دەبێت. لەکاتی شەڕ و شۆڕ خەڵکی ناوچەکە زۆر زیانی پێگەیشتووە. کاتێک بە ئەنجامدانی چەند کارێک هەندێک شت ئاشکرابوون، ئەو دوو سەریە جارێکی دیکە لەناو دەوڵەت بە نهێنی خۆی ڕێکخستەوە، گوێمان لە هەندێک شت دەبێت کە سەرچاوەکەی دەوڵەتی پاڕالێلە.

**ڕووداو: دوای ئەوەی ئەردۆغان لەناو تورکیا ئەوەندە بەهێز دەبێت، زۆرینە بەو باوەڕە گەیشتوون کە ئەوە بۆ کورد باش نییە، ئەم لێکدانەوەیە لە جێی خۆیدایە؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین کە دەستپێکردنەوەی شەڕ ئەردۆغانی لە هەڵبژاردنی دوایی بەهێز کرد. دوای هەوڵی کودەتا ئەردۆغان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بەیەکەوە وەستان و کەشوهەوایەکی نوێی نەرمی دروستکرد. لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا ئەردۆغان ناتوانێ ململانێ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بکات، بەڵام سیاسەتی ئەم ساڵەی دوایی ئەردۆغان لەسەر بنەمای ململانێ لەگەڵ ناوەوە و دەرەوە بوو. هەوڵی کودەتا دراوە، ئۆپەراسیۆنەکان درێژەیان هەیە، یەکەمین مژدەی ئەردۆغان بۆ جەماوەرەکەی لە مەیدانەکان، دروستکردنی مزگەوتێک و قشڵەیەکە لە مەیدانی تەقسیم. ویستی دروستکردنی قشڵە لە تەقسیم و دووپاتکردنەوەی چەند جارێک، خەڵکێکی زۆری سەرسام کردووە. بیری لێبکەنەوە، سەربازەکانی قشڵە بەر لە ڕۆژێک هەوڵی کودەتایان داوە، تۆش لە جێگای خۆت هەڵدەستیەوە و دەڵێی ئەو قشڵەیە و ئەو مزگەوتە دروست دەکەم. پرۆژەیەک لە تورکیا کە لەنێوان قشڵە و مزگەوت گیری خواردبێ، ناتوانێ بەردەوام بێ.

## ئەگەر حکومەت دەیەوێ هەژموونی سوپا بشکێنێ دەبێ کۆتایی بە شەڕ بهێنێ

**ڕووداو: سوپای تورکیا لەدوای هەوڵی کودەتا یەکگرتوو دیار نییە. هەندێک دەڵێن ئەگەر پەکەکە درێژە بەشەڕ بدات سوپا جارێکی دیکە خۆی یەکدەخاتەوە، ئایا پێویستە پەکەکە ئاگربەست ڕابگەیێنێ؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** ئەگەر بەبیرتان بێ، تێکچوونی ئاگربەست لەدوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران و جارێکی دیکە دەستپێکردنەوەی شەڕ، پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆنیشی یەکخست و لەگەڵ حکومەت هاوهەڵوێست بوون. بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ دەمگوت ئەگەر دەوڵەت هیچ هەنگاوێکیش نەنێ، پێویستە پەکەکە دەست بەشەڕ نەکاتەوە. ئەوان دەڵێن ئێمە دەستمان بەشەڕ نەکردەوە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە دەستی بە شەڕ کردووەتەوە. لە ساڵانی نەوەتەکاندا دەوڵەت ئەو شەڕەی بە ساردی و بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو بەڕێوەدەبرد، بەڵام ئێستا حکومەت دەخوازێ شەڕەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. واتە کاتێک کاری پێی بوو شەڕ بکات و کاتێک کاری پێی نەبوو ئاگربەست ڕابگەیێنێ، هەندێکجاریش پلانی شەڕ، پلانی پاراستنی دەوڵەت دەبێت. دیارە 30 ساڵە دەوڵەت ئەو هاوسەنگییەی باش عەیار داوە.

**ڕووداو: لە بەرامبەر هەوڵی کودەتادا، بەرەی چەپ بە وریایی هەڵوێست دەردەبڕێ، ئەوان دەڵێن نە کودەتا و نە دیکتاتۆری. لەمبارەیەوە چی دەڵێی؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** لە ڕابردووشدا هەڵوێستی چەپی تورکیا لەدژی کودەتا، کێشە و گفتوگۆی زۆری دروست کردووە. هێشتا ڕەخنە لە کودەتای 12ی ئەیلوول دەگرن و باسی لایەنە باشەکانی کودەتای 27ی ئایار دەکەن. کارەساتەکە لەوەدایە کە هەموو کودەتاکان زیاتر لە چەپخواز و سۆسیالیستەکانیان داوە. دەتوانین بڵێین ئەو کەسانەی لە بەرامبەر هەوڵی کودەتای 15ی تەمموز بێدەنگن یان بە وریایی هەڵوێست نیشان دەدەن، دژبەری ئەردۆغان و ئاکپارتین. لەبەر ئەوەی ئەوانە نە کودەتایان دەوێ نە ئەردۆغان بە تابلۆیەکی لەو شێوەیەی ئێستا هەیە. پێموایە پێویستە بەهەموو شێوەیەک کودەتای سەربازی ڕەتبکرێتەوە. چونکە ڕەوا نییە و لە دەرەوەی سیاسەتە. ئەنجامێکی دیکەی کودەتا جگە لە ئەنجامە ترسناکەکانی، بەجێهێشتنی کاریگەریی خراپە لەسەر کەسانێکی دیاریکراو. لە ئەنجامی هەوڵی کودەتای 15ی تەمموز جگە لە سەدان کوژراو و بریندار، دوورخستنەوەی 50 هەزار کارمەندە لە کارەکانیان. ئەگەر لەگەڵ ژمارەی خێزانەکانیان بەیەکەوە هەژماریان بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژیانی زیاتر لە 150 هەزار کەس سەراوژێر بووە. ئەگەر لە ئەنجامی هەوڵی کودەتا ناسەرکەوتووەکە ئەوەندە کاولکاریە هەبێ، باشە ئەگەر کودەتاکە ئەنجامی هەبووایە چی دەبوو؟ تەنیا کودەتا نا، بەڵکو هەوڵی کودەتاش مەترسیدارە.

**ڕووداو: لە مەودایەکی مام ناوەندی و درێژدا دەوڵەتی تورکیا دێتەوە سەرخۆ؟ یان تورکیا دەبێتە سووریا و کێشەی کوردیش وەکو کێشەی فەلەستین – ئیسرائیلی لێدێت؟**

**ئایەتەکین یڵماز:** کاتێک سەیری ژمارەی زیندانیکراوان دەکەین، یان ئەوانەی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، تابلۆیەکی بەرفراوان و قووڵ لەبەردەممان قیت دەبێتەوە. 50 هەزار کارمەندی دەوڵەت لەسەر کارەکانیان دەرکراون، دەزانین ژمارەی ئەوانەی کە تۆمەتی بەشداریکردنیان لە کودەتا لەسەر ساخ بووەتەوە دەگاتە هەزاران ئەفسەری پلەدار. لە بارودۆخێکی وەهادا بەتایبەتی ئەو بۆشاییەی لە نێو سوپا و بیرۆکراتی دادوەری دێتە ئاراوە چۆن پڕ دەکرێتەوە، لەلای زۆر کەس نیگەرانی لێکەوتووەتەوە و دەڵێن ئەو بۆشاییە بە ئەندامانی باڵیۆز و ئەرگەنەکۆن پڕ دەکرێتەوە کە لەساڵانی ڕابردوودا لە ئەرکەکانیان دوورخرابوونەوە. کێ گەرەنتی ئەوە دەکات بە تێپەڕبوونی کات، کێشە لەنێوان ئەو کادیرانە و حکومەتێکی موحافەزەکار دروست نابێت.

ئایا تورکیا دەبێتە سووریا؟ چەند ساڵێکە تورکیا وەکو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێهاتووە. بە هەوڵی کودەتای دواییش وەکو بیبەری بەخوێی لێهاتووە. هەموو وڵات تەنیا بە بەرفراوانکردنی دیموکراسی و ئازادی لەو بارودۆخە ڕزگاری دەبێت. دەستڕۆیشتوویی، شەڕ و کوتلەبەندی تورکیای گەیاندە ئەو بارودۆخە. گەڕانەوە بۆ هەمان شوێن، وەکو خۆکوشتن وایە.




## سنە.. هەڵەی پزیشکی مێردمنداڵێک دەکوژێت

**ڕووداو– سنە**

سەرچاوە خۆجێییەکان لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن، مێرمنداڵێکی خەڵکی ئەو شارە بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە گیانی لەدەستداوە. بەگوتەی ئەو سەرچاوانە، پەرسام عەزیزی تەمەن 10 ساڵان، لە نەخۆشخانەی بعسەتی شاری سنە بەهۆی لێدانی دەرزییە بە هەڵە گیانی لەدەستداوە. لەبارەی گیانلەدەستدانی ئەو مێرمنداڵە، زانکۆی زانستی پزیشکی پارێزگای سنە ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، لیژنەیەک لەبارەی هۆکاری گیانلەدەستدانی گوماناوی ئەو مێرمنداڵە پێکهاتووە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکانیان، پێناچێت هۆکاری گیانلەدەستدانی ئەو کەسە پەیوەندی بە لێدانی دەرزییەوە هەبووبێت.

# کودەتای 15ی تەمموز دۆسیەی ڕۆبۆسکێ زیندوو دەکاتەوە

**ڕووداو– هەولێر**

کودەتاکەی 15ی تەمموز لە تورکیا، جارێکی دیکە دۆسیەی قوربانیانی کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکێ زیندوو دەکاتەوە، هەندێک پێیانوایە حکومەت دەخوازێ کودەتا بکاتە دەرفەتێک و تاوانەکە بخاتە ئەستۆی بزووتنەوەی گویلەن و ئەستۆپاکیی خۆی ڕابگەیەنێ. پسپۆڕانی یاساییش پێیانوایە دەکرێ دۆسیەکە هەڵبدرێتەوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر بڕیاری دادگای مافی مرۆڤ هەبێ.

بەرات ئالبایراک، وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکانی تورکیا کە زاوای ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیشە، لە بەرنامەیەکی کەناڵی (Habertürk TV)دا ڕایگەیاند، لەدوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکە، چەندین دۆسیە دووبارە هەڵدەدرێنەوە کە دۆسیەی ڕۆبۆسکێش یەکێکە لەوان.

دوای ئەو قسانەی بەرات، جارێکی دیکە ڕۆبۆسکێ بووەوە ڕۆژەڤی میدیاکان و ناوەندە یاساییەکانی تورکیا. بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕۆژی 27ی مانگی ڕابردوو ڕائید حوسێن ئەرتەن، فەرماندەی سەربازگەی سنوور لەکاتی کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکێ، دەستگیرکرا. ئەرتەن بە پێدانی زانیاریی ناڕاست لەبارەی کۆڵبەرانی کۆمەڵکوژییەکەی ڕۆبۆسکێ تاوانبار کراوە.

ڕۆژی 2011/12/28 بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر کۆڵبەرانی کورد لەسەر سنوور، 34 کۆڵبەری دانیشتووی گوندی ڕۆبۆسکێ لە باکووری کوردستان کوژران. دوای ساڵ و نیوێک لە لێکۆڵینەوە، لە 11ی حوزەیرانی 2013دا داواکاری گشتیی ئامەد، بە بیانووی ئەوەی بۆردومانەکە بە ئەنقەست و پلان نەبووە، دۆسیەکەی لای خۆی داخست و ڕەوانەی داواکاری گشتیی سەربازی سەر بە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیای کرد. داواکاری گشتیی سەربازیش لە ڕۆژی 2014/1/7 بڕیاری داخستنی یەکجارەکیی دۆسیەکەی دا.

سێ ڕۆژ دوای کۆمەڵکوژییەکە، حکومەتی تورکیا لەژێر ناوی قەرەبووکردنەوەی زیان پێگەیشتووانی تیرۆر 23 ملیار لیرەی تورکی بۆ کەسوکاری قوربانیان نارد، بەڵام ئەوان گوتیان تاوەکو تاوانبارانی ڕووداوەکە نەدۆزنەوە، قەرەبووەکە وەرناگرن.

ڕۆژی 2012/1/10 حکومەتی تورکیا لەسەر نەفەقەی سەرۆکایەتی وەزیران بڕیاری دا کەسوکاری قوربانیان بەبڕی 100 ملیار لیرە قەرەبوو بکاتەوە، پارەکەشی ڕەوانەی سەر حیسابی بانکیی والی شڕناخ کرد، بەڵام هەڵوێستی خەڵکی ڕۆبۆسکێ نەگۆڕا و ئەمجارە گوتیان "ئەوە پارەی بێدەنگکردنمانە، نەک قەرەبووکردنەوە".

لە مانگی ئاداری 2012دا ئەمینە ئەردۆغان، هاوژینی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بە یاوەریی بەشیر ئاتالای، وەزیری پێشووی ناوخۆی تورکیا سەردانی کەسوکاری قوربانیانی ڕۆبۆسکێی کرد، پاڵپشتی خۆی بۆ داواکانی ئەوان ڕاگەیاند و گوتی: "پشتگیریتان دەکەین بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و ئاشکراکردنی گشت سەرەداوەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە".

یاسا ڕێگا بە هەڵدانەوەی دۆسیەکە دەدات

دوای ئەوەی داواکاری گشتیی سەربازی لە 2014/1/7 بڕیاری یەکجارەکیی داخستنی دۆسیەی ڕۆبۆسکێی دەرکرد، پارێزەرانی دۆسیەکە سەردانی دادگای دەستووریی تورکیایان کرد، بەڵام دادگای دەستووری دوای ساڵ و نیوێک بە نەرێ وەڵامی پارێزەرەکانی دایەوە و هەڵدانەوەی دۆسیەکەی ڕەتکردەوە. بەو شێوەیە پرۆسە یاساییەکە لەناوخۆی تورکیا کۆتایی هات، بۆیە پارێزەرانی کەسوکاری قوربانیان دۆسیەکەیان گەیاندە یەکێتیی ئەورووپا.

پارێزەر محەممەدئەمین ئاکتار، سەرۆکی پێشووی ژووری پارێزەرانی ئامەد دەڵێت "هەڵدانەوەی دۆسیەکە مومکینە. بە گوێرەی یاساکانی تورکیا ئەگەر بەڵگەی نوێ هەبن، دەتوانرێ دۆسیەی داخراو بکرێتەوە. ئێستا کە دەڵێن کەسانی سەر بە گویلەن زانیاریی هەڵەیان داوە، ویستوویانە بەو شێوەیە کورد لەدژی دەسەڵات و دەوڵەت هەڵبستێ، ئەوە بەڵگەیەکی نوێیە".

ڕەها ڕوهاڤیئۆغلو مەزلومدەر، سەرۆکی ڕێکخراوی مەزلومدەر لە ئامەد، پێیوایە سەرلەنوێ هەڵدانەوەی دۆسیەی ڕۆبۆسکێ کاریگەری لەسەر دۆسیەکە لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا نابێت و دادگای ناوبراو پرۆسەکە ڕاناگرێت. ڕەها بە (ڕووداو)ی گوت "دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا دەوڵەت بە بەڕێوەنەبردنی دادگاییەکی دادپەروەرانە و بێلایەن تاوانبار دەکات، داوا دەکات دۆسیەکە لە دادگا زیندوو بکرێتەوە ، ئەمەش بڕیاری هەڵدانەوەی دۆسیەی ڕۆبۆسکێ لەنێو تورکیا بەهێزتر دەکات". هەروەها دەڵێت "جێ پەنجەی سەربازە کودەتاچییەکان لەسەر بۆردومانی کاروانچییەکانی ڕۆبۆسکێ دیارە، ئەگەر دەوڵەت بخوازێ بەم ڕێگایە کودەتاچییەکان دادگایی دەکات، پەردە لەسەر دۆسیەی ڕۆبۆسکێ هەڵدەماڵێ".

دەنگۆی هەڵدانەوەی دۆسیەی ڕۆبۆسکێ لەدوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی تورکیا شرۆڤە و خوێندەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت کە دیارترینان ئەوەیە ئاکپارتی و سەرکۆماری تورکیا دەخوازن تاوانەکە بخەنە ئەستۆی کودەتاچییەکان و بزووتنەوەی گویلەن.

ئایجان ئیرمەز، پەرلەمانتاری هەدەپە و نوێنەری شڕناخ لەوباوەڕەدایە کە ئەگەر لێپرسینەوەیەکی جدی هەبووایە پرۆسەی دادگاییکردن دەگەیشتە ئەنجام. ئایجان بە (ڕووداو)ی گوت "لەبەر ئەوەی دەزانن ڕۆژێک دێت ئەو دۆسیەیە لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسیدا قیت دەکرێتەوە، دەخوازن خۆیان دۆسیەکە بکەنەوە و تاوانەکە بخەنە سەر هەندێکی دیکە". هەروەها دەڵێت "ئەگەر لە دۆسیەی ڕۆبۆسکێ تەنیا کودەتاچییەکان دادگایی بکرێن دادپەروەرانە نییە، چونکە لە پشت ئەو بڕیارەوە چەندین بەرپرسی وەکو یەشار گولەر، بەرپرسی سوپای دووی تورکیا، خولوسی ئاکار، سەرۆک ئەرکانی ئێستای سوپای تورکیا و نەجدەت ئۆزەل، سەرۆک ئەرکانی پێشوو هەیە، بۆیە دەبێت ئەوانەش دادگایی بکرێن و بە دادگایی بەرپرسە سیاسییەکانی ئەو کاتە دادگاییەکە دادپەروەرانە دەبێت".

سەباحەت تونجەل هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیموکراتەکان (دەبەپە) پێیوایە ئاکپارتی و سەرۆک کۆمار بەرپرسیارن لە کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکێ. سەباحەت بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر کودەتاچی کۆمەڵکوژییان کردبێ، مۆڵەتیان لەوان وەرگرتووە. ئێستا دەخوازن لە بەرپرسیارێتی ڕابکەن. بەدرێژایی 12 ساڵ ئەو وڵاتەیان بەیەکەوە بەڕێوەبرد، بۆیە بەرپرسیارێتییەکەیان هاوبەشە".

کەسوکاری قوربانیانی ڕۆبۆسکێ، هەموو ڕۆژانی پێنجشەممە لەسەر مەزاری قوربانیان لەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەیاننامەیەک دەخوێننەوە و داواکاریەکانیان دووپات دەکەنەوە. بەیاننامەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوویان جیاواز بوو لە بەیاننامەکانی دیکە و تێکەڵ بوو لە هیوا و دوودڵی.

زەکی ئەنجو، سەرۆکی ڕێکخراوی (ئاشتی و دادپەروەری بۆ ڕۆبۆسکێ) پێیوایە ئەوان ناهەق نین ئەگەر لە یەک کاتدا هیوایان بۆ گەڕابێتەوە و دوودڵیش بن. ئەنجو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوە 238 هەفتەیە بەردەوام لەسەر مەزاری قوربانییەکانین، لەگەڵ جگەرگۆشەکان و براکانمان، لە پێناو دادپەروەری بۆ ڕۆبۆسکێ لێدوان دەدەین و هاوار دەکەین. بانگی یاسا، دادپەروەری و ویژدان دەکەین. بۆ ئەوەی گوێیان لە دەنگمان بێ، لە دەرگای پەرلەمان، سەرۆکوەزیر، دادوەرانی سەربازی و مەدەنیمان دا. یەک داواکاریمان هەبوو، ئەویش دادپەروەری بوو لە دۆسیەکەدا، بەڵام نەهاتەدی".

سەبارەت بە زیندووکردنەوەی دۆسیەکەش، زەکی گوتی "ئەگەر نیازی هەڵدانەوەی دۆسیەکەیان هەیە، دەبێت دادگاییەکی شەفاف، دادپەروەرانە و سەربەخۆ بکرێ و کەسوکاری قوربانیان بەشداریی تێدا بکەن، هەر پرۆسەیەکی دیکەی دادگایی بە پێچەوانەی ئەمە، تەنیا بۆ خۆپاککردنەوەیە".



کەسوکاری قوربانیانی ڕۆبۆسکی هەموو پێنجشەممەیەک بەیاننامەیەک لەسەر مەزاری قوربانیان دەخوێننەوە

# ئاڵتوونەکەی پەکەکە دەرز دەخاتە نێوان قەندیل و ڕۆژئاوا

**ڕووداو– هەولێر**

هەڤپەیڤینێکی ڕەزا ئاڵتوون، یەکێک لە سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلسەفیری لوبنانی، لە ڕۆژئاوای کوردستاندا لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. زۆربەیان ڕەخنەی توندی لێدەگرن و بە قسەی ناواقیعی لە قەڵەمی دەدەن. چاودێرێکیش دەڵێت قسەکانی ئاڵتوون تەنیا بۆ ڕەواندنەوەی گرژی و کاردانەوە بوو لە بەرامبەر کورد.

دوای ئەوەی لیژنەی داڕشتن و نووسینی دەستووری تایبەت بە سیستەمی فیدراڵی لە ڕۆژئاوای کوردستان، کۆتایی بە نووسینەوەی ڕەشنووسی پەیماننامەی کۆمەڵایەتی هێنا، ئەنجوومەنی دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لە ڕۆژانی 27 و 28ی حوزەیرانی ڕابردوو وازۆیان لەسەر پەیماننامەکە کرد و لەو سێ ناوەی پێشنیازکرابوون (سیستەمی فیدراڵی دیموکراتی ڕۆژئاوا — باکووری سووریا)یان پەسەند کرد. پەیماننامەی فیدراڵی جگە لە دیباجەیەک، 11 بەش و 85 ماددە لەخۆ دەگرێ.

بەر لە ڕاگەیاندنی پەیماننامەکە باس لە ناکۆکی دەکرا لەبارەی هەڵبژاردنی ناوی سیستەمی فیدراڵی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و زەقکردنەوەی تایبەتمەندیی کورد، بە تایبەتی لەلایەن ئەو کادیرانەی کە لە قەندیلەوە ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کراون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ڕۆژئاوای کوردستان بوونی ئەو ناکۆکیانەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاست کردووە و گوتی "ناکۆکی لەنێوان کادیرانی باکوور و کادیرانی ڕۆژئاوایە، کادیرانی باکوور کە دەخوازن ڕاسپاردەکانی قەندیل جێبەجێ بکەن، نایانەوێ نێوی کورد زۆر زەق بکرێتەوە لەناو داو و دەزگا ئیدارییەکانی ڕۆژئاوادا. بەڵام ئەو کادیرانەی کە خەڵکی ڕۆژئاوان، لەگەڵ ئەو ڕایە ناکۆکن".

تاوەکو 26ی تەممووزیش ئەو ناکۆکیانە هەر لەنێو ماڵی ڕۆژئاوادا بوون، بەڵام هەڤپەیڤینێکی ڕەزا ئاڵتوون، سەرکردەی ناوداری پەکەکە و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی عەرەب محەممەد نورەدین لە ڕۆژنامەی ئەلسەفیری لوبنانی، ناکۆکییەکانی بردە دەرەوەی سنووری ڕۆژئاوا.

ڕەزا ئاڵتوون باسی خوێندنەوەی پەکەکە بۆ کێشەی کورد دەکات و دەڵێت "ئێمە لە ڕوانگەی نەتەوەیی و ئێتنیکییەوە سەیری کێشەی کورد ناکەین، ئەم پرسە بە بناغەی ئازادیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانین، پێمانوایە لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت. لەبەر ئەمە ئێستا پەکەکە جەخت لەسەر بەدیموکراسیکردنی وڵاتانی ناوچەکە دەکاتەوە کە تێیدا فرەنەتەوەیی، ئاین و مەزهەب ڕێزی لێدەگیرێ".

ئەو قسانەی ڕەزا ئاڵتوون، شتێکی گشتییە، پەکەکە لەدوای دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیەوە بەردەوام ئەم قسانە چەندبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی بە نائاسایی وەسف کرا لە قسەکانی ئەو سەرکردەیەی پەکەکەدا، خوێندنەوە و لێکدانەوەکانی بوو لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستان و بەتایبەت مەسەلەی فیدراڵی.

سەبارەت بە پرسی فیدراڵی لە ڕۆژئاوای کوردستان، ڕۆژنامەنووسەکە لە ئاڵتوون دەپرسێ: ئایا ئەوە پرۆژەیەکە بۆ جیابوونەوە. ئاڵتوون دەڵێت "ئێمە ڕەخنەمان لە سەپاندنی ئەو بۆچوونە و شێوازی ڕاگەیاندن و بوونی دەستەواژەی (ڕۆژئاوا) گرتووە. چونکە (ڕۆژئاوا) ڕووبەرێکی جوگرافییە لەنێو یەکێتیی سووریادا. پێویست بوو ڕاگەیاندنەکە بەشێوەیەکی جیاواز بووایە. ئێمە لەدژی شێوازی ڕاگەیاندنی فیدراڵی وەستاینەوە. ئێمە بەباشی دەزانین ناوی سیستەمەکە بکرێتە فیدراڵیی باکووری سووریا".

### دەبێت پەکەکە ڕوونکردنەوە بدات

ڕۆژنامەنووس محەممەد نورەدین کە زۆرترین نووسینەکانی لەبارەی کێشەی کوردە و بە لایەنگری ڕژێمی ئەسەد دادەنرێت، ساڵی ڕابردوو هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پەیەدە کرد و نیگەرانیی گەورەی لێکەوتەوە. دواتر ساڵح موسلیم گوتی بەشێکی زۆری قسەکانی هەڤپەیڤینەکە قسەی ئەو نین.

حوسێن عومەر کە کادیرێکی پێشووی پەکەکەیە و لە ئەورووپا دادەنیشێ، بە (ڕووداو)ی گوت "نازانم محەممەد نورەدین قسەکانی ڕەزا ئاڵتوونی گۆڕیوە، یان ئاڵتوون لە ئەلف و بێی سیاسەتی ناوچەکە تێنەگەیشتووە. قسەکانی شەرمەزارییەکی زۆر بۆ تەقدەم و خۆسەریی ڕۆژئاوا دروست دەکات. بۆچوون و قسەکانی ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە". گوتیشی "دەبێ پەکەکە ڕوونکردنەوە لەبارەی قسەکانی ئاڵتوون بدات".

### "بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی بوو"

خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ قسەکانی ڕەزا ئاڵتوون، پەیوەستە بە کاردانەوەکان لەدژی کورد کە هەندێک ناوەندی نێو سووریا و ناوچەکە پێیانوایە کورد کار بۆ دابەشکردنی خاکی سووریا دەکات. ئیدریس نەعسان، بەرپرسی پێشووی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کانتۆنی کۆبانێ دەڵێت "پێموایە مەبەست لەو لێدوانە کەمکردنەوەی نیگەرانی و گومانی ئەو کەسانەیە کە بەرامبەر کورد و پێکهاتەکانی دیکە لە ڕۆژئاوا هەیانە".

ئیدریس نەعسان پێیوایە چەندین لایەنی نێو سووریا و ناوچەکە لە دژی پرۆژەی فیدراڵی دەوەستنەوە، وەکو هەوڵێکی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان و جیابوونەوە لە سووریا دەیبینن. نەعسان دەڵێت "بەڕێز ئاڵتوون دەخوازێ وڵاتانی ناوچەکە دڵنیا بکاتەوە کە کورد نیازی لەوجۆرەی نییە".

### یۆتۆپیای ئایدیۆلۆژی

د.سەربەست نەبی، چاودێری سیاسی، بۆچوونەکانی ڕەزا ئاڵتوون بە یۆتۆپیای ئایدیۆلۆژی دەزانێ و دەڵێت ڕەزا ئاڵتوون دەخوازێ مێژوو، واقیع و جوگرافیا بە گوێرەی ئایدیۆلۆژیاکەی ببڕێتەوە. د.سەربەست بە (ڕووداو)ی گوت "ڕەزا ئاڵتوون واقیع و مێژووی کورد و کوردستان بەپێی چەمکی ئایدیۆلۆژی خۆی دەپێوێت. لەلایەک بەدرێژایی مێژوو نەمانبینیوە ناوێک کە لە واقیعێکی مێژوویی و جوگرافی وەرگیرابێ سێ جار و چوار جار بگۆڕدرێت. سووربوون لەسەر ئەو جۆرە هەوڵانە ناڕەوایی ئەو مەسەلەیە لە ڕوانگەی سیاسی و مێژوویی دەسەلمێنێ".

د.سەربەست هەروەها دەڵێت "ڕەزا ئاڵتوون بەمێشکێکی ئایدیۆلۆژی بەرتەسک بیردەکاتەوە کە دوورە لە مێشکی نەتەوەییانە. جگە لەوە ئێمە ناتوانین پرۆژەی نەتەوەیی لە ڕۆژئاوای کوردستان کە واقیعێکی مێژوویی جوگرافی ڕەوای لەسەر هەموو ئاستەکان هەیە، بکەینە قوربانیی یۆتۆپیایەکی ئایدیۆلۆژی وەکو ئەوەی ئاڵتوون داوای دەکات".

ڕەزا ئاڵتوون شکستی پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتە بیانوو بۆ دیدە ئایدیۆلۆژیەکانی کە ئەمەش بەبۆچوونی شارەزایان تێنەگەیشتنە لە کێشەکانی ناوچەکە.

حوسێن عومەر لەوبارەیەوە دەڵێت "بەڕێز ئاڵتوون پێشنیاز دەکات دەستەواژەی ڕۆژئاوا بۆ بەشی کوردستانی سووریا بەکارنەهێنرێت کە بەمە فیدراڵییەکە هیچ سیفەتێکی کوردیانەی نامێنێ و ئەمەش لێدانە لە خەبات و ماندووبوونی چەندین ساڵی ڕابردوو".

حوسێن عومەر ڕەخنە لە بیرۆکەی ئوممەتی دیموکراتی دەگرێت و دەڵێت "دروشمێکی جوانە، بەڵام ناتوانرێ بکرێتە واقیع، هەروەها بازدانە بەسەر قۆناغەکاندا و هەموو دەستکەوتەکانی ئێستا دەخاتە مەترسییەوە، چونکە ئێمە شەریکێکمان نییە باوەڕی بەو بیرۆکەیە هەبێ".

حوسێن عومەر داوا لە پەکەکە دەکات بەخۆیدا بچێتەوە و واز لە جێبەجێکردنی ئایدیۆلۆژیای تیۆری بهێنێ "چونکە ئەگەر گەلی کورد لەڕووی نەتەوەییەوە ئازاد نەبێ، ئەوا بە ئازادی هاکەزایی کە ئاڵتوون باسی دەکات ئازاد نابێ".


ڕەزا ئاڵتوون، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان

# حكومەت یەک ملیار دۆلار قەرزداری كارەبایە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

## بەڕێوەبەری كۆمپانیای ماس گرووپ: ئەگەر تا هەشت مانگی دیكە پارەمان نەدەنێ، بەرهەمهێنانی كارەبا دەوەستێ

كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانی كارەبا هۆشداری دەدەنە حكومەتی هەرێمی كوردستان كە ئەگەر پارەیـان بۆ دابین نەكەن، بەرهەمهێنانی كارەبا دەوەسـتێ، بەرپرسـێكی وەزارەتـی كارەباش دەڵێـت لەگەڵ وەزارەتـی دارایی لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بەشـێک لەو قـەرزەی لای حكومەتە بۆ كۆمپانیاكان خەرج بكرێت.

جگـە لەو بـڕە كەمە كارەبایەی لـە هەردوو وێسـتگەی كارۆئاویی دووكان و دەربەندیخانەوە بەرهەم دێت، زۆربەی كارەبای كوردستان لەلایەن كەرتی تایبەتەوە بەرهەم دێت. ئێستا هەر یەک لـە كۆمپانیاكانی مـاس گـرووپ، كار گرووپ، فۆكـس گرووپ و قەیـوان كارەبا بەرهەم دێنن، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نزیكەی سـاڵ و نیوێكە حكومەت پارەی بۆ خەرج نەكردوون.

وێستگەكانی كارەبای ئەحمەد ئیسماعیل بە گەورەترین وێستگەی كارەبا دادەنرێن كە بە غازی سروشـتی و گازوایل كار دەكەن. وێسـتگەكانی ئـەو كۆمپانیایە ئەگەر هەمـوو یەكەكانیان كار بكەن، توانـای بەرهەمهێنانـی 4000 مێگاوات كارەبایان هەیە.

ئازاد مسـتەفا بەڕێوەبـەری ڕێپێدراوی ماس گـرووپ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی ساڵێک و شەش مانگە ملیارێک و 44 ملیـۆن دۆلار قەرزمان لـەلای حكومەتە، چەند جارێكیش بە نووسراو داوامان لە وەزارەتی كارەبـا و سـەرۆک و جێگری سـەرۆک وەزیران كردووە، بەڵام دەڵێن پارە لەبەردەستدا نییە.

سـەبارەت بـە كاركردنـی وێسـتگەكانیان، ئازاد مسـتەفا گوتی "بەهۆی قەیرانی داراییەوە حكومـەت ناتوانێـت گازمـان بۆ دابیـن بكات، بۆیە 10 یەكەمـان كار ناكەن، ئەگەر حكومەت نەتوانێت پارەشـمان بۆ دابیـن بكات، ناتوانین سـیانەی یەكەكانمـان بكەین و ئەگـەر ئەوەش نەكەیـن یەكـەكان خۆیـان لـەكار دەوەسـتن، پێشـبینی دەكەین تاوەكو كۆتایی ئەمساڵ 19 یەكە بوەسـتن، ئەگەر تا هەشـت مانگی دیكە پارەمـان بـۆ خـەرج نەكرێـت، ڕەنگـە هەموو یەكەكان بوەستن".

هەندێـک لە خـاوەن كۆمپانیـاكان ئامادەن دەسـتبەرداری نیـوەی ئەو قەرزەیـان ببن كە لەلای حكومەتە بۆ ئەوەی وێستگەكانیان لەكار نەوەستێ.

كۆمپانیای فۆكس ماوەی دوو ساڵە لە ناوچەی باعەدرێ لە پارێزگای دهۆک وێستگەیەكی 150 مێگاواتـی داناوە كە لـە 13 یەكە پێكدێ و بە نەوتی ڕەش كار دەكات.

سەردار خالید، خاوەنی گرووپی كۆمپانیاكانی فۆكس گوتی "نزیكـەی 20 ملیار دینارمان لای حكومەتـە، وەزارەتی دارایـی مانگانە چەكمان پێدەدەن، بەڵام ئەوەش جۆرێكە لە قەرز، چونكە پارەكە لە بانک خەرج ناكرێت، ئەگەریش لەبازاڕ بیفرۆشین زەرەر دەكەین".

وەكو سـەردار باسی كرد، ئەوان تائێستاش یەكەكانیـان لەكاركـردن بەردەوامـن و هـەر بەردەوامیـش دەبن و گوتـی "ئامادەین كارەبا دابیـن بكەین، بەڵام ئەگـەر حكومەت بتوانێت نیوەی ئەو پارەیەی خۆیشـمان بۆ دابین بكات هەر باشە بۆ ئەوەی مووچەی كارمەندان بدەین و سیانەی یەكەكانی پێ بكەین".

لـە مانگـی شـوباتی ئەمسـاڵدا گرووپـی كۆمپانیاكانی قەیوان، وێسـتگەیەكی كارەبایان بـە توانـای 500 مێگاوات كارەبا لە سـنووری پارێـزگای سـلێمانی دامەزرانـد كە بـە غازی سروشـتی و گازوایـل كار دەكات، بـەڵام دوای تاقیكردنـەوەی لەلایـەن وەزارەتـی كارەبـا و ڕەزامەندی نیشاندان لەسەری، تائێستا بەهۆی قەیرانی داراییەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان گازوایلی بۆ دابین نەكـردوون، تەنیا ماوەیەكی كەم كاری كردووە.

سەعد شێخ تەیب، بەڕێوەبەری جێبەجێكاری گرووپـی كۆمپانیاكانی قەیوان بـە (ڕووداو)ی گـوت "لەو 500 مێگاواتە بەشـێوەی كرداری و لە كاتی تاقیكردنەوە لەلایەن وەزارەتی كارەباوە بـڕی 473 مێگاواتی لێ وەرگیراوە". گوتیشـی "بەپێی گرێبەسـتمان دەبێـت دوای وەرگرتنی تاقیكردنـەوەی كارەباكە، حكومەت شایسـتە داراییەكانمان بۆ خەرج بكات، بەڵام تا ئێسـتا هیچمان وەرنەگرتووە".

وەزارەتـی كارەبـای حكومەتـی هەرێمـی كوردستان پشتگیری لە داواكاری كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانـی كارەبا دەكات. محەممەد ئەمین هەورامـی، گوتەبێـژی وەزارەتـی كارەبـا بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی گرێبەسـتەكانیان، كۆمپانیاكان مافی خۆیانە داوای بەركەوتەكانیان بكـەن بـۆ دابینكردنـی مووچـەی كارمەنـد و چاككردنـەوەی یەكەكانیان، بەڵام خەرجكردنی پارەكە، پەیوەندی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە.

هەورامـی گوتـی "ئەوەنـدەی ئـاگادار بین بریـكاری وەزارەتمان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لـە وەزارەتـی دارایـی قسـەیان كـردووە بـۆ چارەسـەری كێشـەكانیان بۆ ئەوەی بتوانرێت بەشـێک لـە پارەكانیان بۆ دابیـن بكەن". ئەو بەرپرسـەی وەزارەتی كارەبا بەدووری زانی كار بگاتـە ئەوەی یەكەكانـی بەرهەمهێنانی كارەبا بوەسـتن و گوتـی "دۆخەكـە ناگاتـە ئـەوەی یەكەكان لەكار بوەستن".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# پێنج كەمپ بۆ ئاوارە چاوەڕوانكراوەكانی مووسڵ دادەنرێن

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

## بەرپرسێكی یوئێن: ئاگاداریان كردین كە لە ماوەی مانگێكدا كەمپەكان ئامادە بكەین

## ئەسیل نوجێفی: سەرەتای مانگی ئەیلوول دەست بە ئۆپەراسیۆنی كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵ دەكرێ



كارمەندانـی كۆمیسـیۆنی بـاڵای پەنابەرانی سـەر بـە ڕێكخـراوی نەتـەوە یەكگرتـووەكان دەڵێن گوشـارێكی زۆریان لەسەرە بۆ ئەوەی لە مـاوەی مانگێكدا كەمپ بۆ ئەو كەسـانە ئامادە بكـەن كە ئەگـەری هەیە بەهۆی ئۆپەراسـیۆنی كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵەوە ئاوارە ببن.

ڕۆژانە هەواڵی تازە لەسەر نزیكبوونەوەی وادەی دەستپێكردنی ئۆپەراسـیۆنی كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵ بڵاودەكرێنەوە. مەزەندە دەكرێت بەهۆی ئەو ئۆپەراسیۆنەوە ملیۆنێک كەس ئاوارە ببن.

مووسـڵ كە دوو سـاڵ زیاترە لە بن دەسـتی داعشـدایە، دووەم گەورەتریـن شـاری عێراقە و ئێسـتا نزیكەی ملیۆنێـک و 500 هـەزار كەس لە شـارەكەدا دەژین، بەپێـی ڕاپۆرتی هەر یەک لە ڕێكخراوی خاچی سـووری و كۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سـەر بە یوئێـن، مەزەندە دەكرێ لە كاتی ئۆپەراسـیۆنی كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵدا یەک ملیۆن كەس ئاوارەی شاری دهۆک ببن.

بەرپرسـێكی باڵای ڕێكخـراوی UN لەبارەی كاتی دەسـتپێكردنی هێرش بۆ سـەر مووسـڵ ڕایگەیاند "مانگێک لەمەوبەر ژووری ئۆپەراسیۆنی ڕزگاركردنی مووسڵ بە ئێمەیان گوت كە خۆمان ئامـادە بكەین بۆ پێشـوازیكردن لە ئـاوارەكان، ئێمەش دەستمان بە ئامادەكاری و دروستكردنی كەمپ كردووە، تەنیا لە سنووری پارێزگای دهۆک و ناوچە تازە ڕزگاركراوەكانی نزیكی دهۆک پێنج كەمپ دروسـت دەكەین، سێ لەو كەمپانە ئێستا وا دروست دەكرێن".

ئـەو بەرپرسـەی یوئێن كە نەیویسـت ناوی بڵاوبكرێتـەوە، گوتـی "دوو ڕۆژ لەمەوبەر ژووری عەمەلیاتی ڕزگاركردنی مووسڵ ئاگاداریان كردین كـە لـە مـاوەی كەمتر لـە مانگێكدا سـەرجەم كەمپـەكان ئامـادە بكرێـن بـۆ پێشـوازی لـە ئاوارەكان".

دوای داگیركردنی مووسـڵ لـە 2014/6/10 لەلایەن داعشـەوە، زیاتر لـە ملیۆنێک كەس لە سنووری پارێزگای نەینەوا ئاوارە بوون.

زیاتـر لـە سـاڵێكە هێزەكانـی هاوپەیمانان لەگەڵ هێزی پێشـمەرگە و سوپای عێراق ژووری ئۆپەراسـیۆنی ڕزگاركردنی شـاری مووسـڵیان لە شـاری هەولێـر دامەزراندووە. ئێسـتا هەموو لایەک چاوەڕێی كاژێری سـفری دەسـتپێكردنی ئۆپەراسیۆنەكە دەكەن.

ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵ و بەرپرسی هێزی حەشدی نیشتیمانی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "سـەرەتای مانگی ئەیلووک دەسـت بە ئۆپەراسیۆنی كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵ دەكرێ". گوتیشـی: "ئەمساڵ هەموو عێراق لە چەكدارانی داعش پاک دەكرێتەوە".

دهۆک كە سـنوورێكی زۆری لەگەڵ پارێزگای نەینەوا هەیە، پێشبینی دەكرێت زۆربەی ئەوانەی بەهۆی ئەو ئۆپەراسـیۆنەوە ئاوارە دەبن ڕوو لەو پارێزگایـە بكـەن، بۆیە هەر لە ئێسـتاوە لەوێ ئامادەكاری دەكرێت بۆ پێشوازیكردن لەو ئاوارانە، بۆ ئەو مەبەسـتەش پێنـج كەمپ لە ناوچەكانی خەتارێ، جەمبور، حەسەن شام، وانكێ و زیلكان دروست دەكرێن.

ئەندازیار سەربەست جەمیل كە سەرپەرشتی دروسـتكردنی كەمپی زیلـكان دەكات، گوتی: "50%ی كارەكانی كەمپەكە تەواو بووە، 10 ڕۆژە دەسـتمان پێكردووە و لە دوو هەفتەی داهاتوودا كەمپەكە بە تەواوی ئامادە دەبێت".

گوتیشـی: "لەلایـەن یوئێـن و بەرپرسـانی دیكەوە گوشـارێكی زۆرمان لەسەرە بۆئەوەی بە زووترین كات كەمپەكان تەواو بكەین".

بەرپرسێكی ئیداریی مووسڵ دەڵێت سەرجەم ئەو كەمپانە لەو شوێنانە دروستكراون كە دوورن لە كەمپی ئاوارەكانی كوردی ئێزدی بۆ ئەوەی چ كێشە لە نێوان عەرەبی مووسڵ و كوردی ئێزدی دروست نەبن".

محەممەد ئەمین گۆران، بەڕێوەبەری ناحیەی زیلكان بە (ڕووداو)ی گوت: "ژمارەیەكی زۆری كچ و ژنی كوردی ئێزدی كە كەوتنە دەستی داعش، بردرانە شاری مووسڵ، لەبەر ئەوە ئێستا كوردی ئێزدی ڕقیان لە بەشـێک لـەو عەرەبانەیە كە لە مووسڵ ماون، بۆ ئەوەی بەریەككەوتن ڕوونەدات و كێشە دروست نەبێ، كەمپە نوێیەكان دوور لە كەمپی كوردی ئێزدی دروست دەكرێن".

# ناحیەیەكی كوردستان 300 ساڵە خوێ ناكرێت

بەرزان عەلی حەمە
ڕووداو- پیران

دەڤەرەكە سـەوز و بـەراو بوو، دیمەنەكانی سـەرنجڕاكێش و شیرین بوون، بەڵام شوێنێكی بچووكـی ئـەم دەڤـەرە، بووەتـە سـوێرترین ناوچەی كوردسـتان. سـوێرییەكەی بەخێر بۆ دانیشـتووانەكەی شـكاوەتەوە و سێ سەدەیە خوێ ناكڕن.

بیرێک كە لە ناحیەی پیرانی سەر بە قەزای مێرگەسۆرە، تەمەنی نزیكەی 300 ساڵە. تاكە بیـرە لە كوردسـتان بەهۆی سـوێرییەكەی بە كەڵكـی خواردنەوە نەیـەت. خەڵكی ناوچەكە بەدیرۆكێكی دەماودەمی 300 سـاڵییەوە قسە لەبارەی بیرەكە دەكەن.

عەبدولڕەحمان سـلێمان، 62 ساڵ، خەڵكی شـارۆچكەی پیرانە، لە منداڵییەوە خوێی ئەو بیرە لەنێو چێشتدا دەخوات. ئەو كاتێک دەگاتە سـەرەی خۆی، ئاوی بیرەكـە هەڵدەگۆزێت و دەیكوڵێنێت، تاوەكو بەشـی پێداویستییەكانی خێزانەكەی خوێی لێ بەرهەم بهێنێت.

لەڕابـردوودا، بەهـۆی ئـەوەی كـە ئـاوی بیرەكەیان بە شـیفا بۆ نەخۆشییەكان زانیوە، كاتێـک ئاژەڵەكانیـان نەخـۆش كەوتبانایـە، دەهێنرانـە سـەر بیرە سـوێرەكە. بەبۆچوونی عەبدولڕەحمـان سـلێمان "ئاژەڵـەكان چـاک دەبوونەوە".

ئـەوەی لەم شـارۆچكەیەدا لەمـەڕ بیرەكە جێـی سـەرنجە، ئەوەیـە كە جگـە لەخەڵكی شارۆچكەی پیران، بۆ هیچ كەسێكی دەوروبەر نییـە ئاوی ئەم بیـرە دەربهێنێت و خوێی لێ بەرهەم بهێنێت.

خەڵكـی ناوچەكە، ڕۆژانە یەک لەدوای یەک نـاوی خۆیـان لەدەفتەرێكدا دەنووسـن و هەر ڕۆژەی سەرەی یەكێک لەوانەیە، كە ئاوەكە بۆ دەرهێنانی خوێ بكوڵێنێ.

هـەر كـەس بیەوێـت لـەم خوێیـەی دەستبكەوێت، خەڵكی ناوچەكە بە دیاری پێی دەدەن و بەهیـچ شـێوەیەک نـە خوێكە و نە ئاوی بیرەكـەش، مامەڵەی پێوە ناكرێت و بە پارە نافرۆشرێت.

سەعید شێخۆ، تەمەنی نزیكەی هەشتا ساڵ بـوو، بـەڵام زۆر بەگوڕ و چـالاک بوو، هەموو وردەكاری دروسـتكردنی خوێكەی نیشانداین. ئـەو پێیوابوو كە نابێت ئـاوی ئەم بیرە یەک دڵۆپەشی لێ بڕژێتە سەر زەوی، چونكە وەک ئـەو دەیگوت "موتفەڕكە، نابێت بڕژێتە سـەر زەوییەكـە، بەلامانـەوە گوناهە، بـەڵام وامان لێكـردووە كە ئاژەڵەكان خۆیان بێنە سـەری، پێشـتر بە بەرد و قوڕ ئێرەمان چاک كردبوو، دیوارێكیشمان بۆ دروست كردبوو".

بەلای خەڵكی ناوچەكەوە، بیرێكی ئاسـایی نییە، ئـەوان وەک ئاوێكی پیرۆز لێی دەڕوانن و نابێت ئاوەكەی بڕژێت و هەر دەسـتێوەردان و بەفیرۆدانێكـی ئـاوی بیرەكـەش بـە گوناه دەزانن.

ئەسعەد شێخۆ، 90 ساڵ، بۆ هەر قسەیەک لەبـارەی بیرەكە، دەیگوت "خـوا دەیزانێت". ئەو نەیدەویسـت وەک شـوێنێكی پیرۆز باسی لێوە بكات "خەڵكی ئێستا باوەڕیان بە شێخ و مەشایەخ نەماوە".

بـە گوتـەی خەڵكـی ناوچەكـە، ڕۆژانـە باری سـێ ئێسـتر خـوێ لـەو بیرە سـوێرە دەردەهێنرێت، ئەگەر هەر هێسترێک 100 كیلۆ بـار بكات، ئـەوا 300 كیلۆ خـوێ لە بیرێكی ئـاو دەردەهێنرێـت، ئەم بیرە سـوێرە، تەنیا لـەوەرزی هاویـندا خوێی تێدایـە و لە وەرزی زسـتاندا كـە ئاوەكەی زۆر دەبێـت، بەكەڵكی بەرهەمهێنانی خوێ نایەت.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## بەغدا 100 ملیۆن لیتر نەوتی سپی دەداتە سلێمانی

**ڕووداو- سلێمانی**

هونەر تۆفیق، سـکرتێری ڕۆژنامەڤانی پارێزگای سـلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە ئەنجامی سـەردانەکەی ئەمدواییەی د.ئاسۆ فەرەیدون، پارێزگاری سلێمانی بۆ بەغدا و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق بەتایبەتیش وەزارەتی نەوت، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ناردنی بڕی 100 ملیۆن لیتر نەوتی سپی و 100 محاویلەی کارەبا بۆ سلێمانی. هونەر تۆفیق گوتی "ئەم هەفتە وەکو قۆناغی یەکەم 30 ملیۆن لیتر نەوت دێت، پاشان بە دوو قۆناغ نەوتەکە دیکە و محاویلەکان دەگەن".



ڕووداو
ئابووری
ژمارە ( 418 ) - دووشەممە 2016/8/1

# یەک ملیۆن دۆنم زەویی کوردستان لەبەردەم مەترسیی بوونە بیاباندایە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت زیاتر لـە ملیۆنێک دۆنم زەوی لە ناوچەی گەرمیان و قـەزای مەخموور و هـەردوو ناحیەی دیبەگە و گوێر لەبەردەم مەترسیی بوونە بیاباندان، ئەگەر چارەسەری خێرایان بۆ نەدۆزرێتەوە.

لەسادەترین پێناسەدا، دیاردەی بەبیابانبوون بریتییە لەکەمبوونـەوەی توانای بەرهەمهێنانی بایۆلۆژیـی زەوی یـان دابەزینی بەپیتیی خاک و گۆڕانی لەخاکێکی بەرهەمهێن و شـیاوەوە بۆ ڕووەک، بۆ خاکێکی ڕووتەنی بێ کەڵک.

بەهۆی گۆڕانی کەشـوهەوا و بەرزبوونەوەی پلەکانـی گەرما، ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ دیاردەی بە بیابانبوونـی زەوییە کشـتوکاڵییەکان بەتایبەت لەناوچـە ڕووتـەن، وشـک، نیمچەشـێدار و کەمبارانەکان لە زیادبووندایە، بەجۆرێک ئێستا دیاردەکە بووەتە کێشەیەکی جیهانی و چەندین وڵات بەدەست فراوانبوونی بیابانەوە دەناڵێنن و سـاڵانە چەندیـن کۆنفرانسـی جیهانـی بۆ بەرگرتـن لـەو دیاردەیە دەبەسـترێن. سـاڵی 1994 ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان ڕۆژی 17ی تەمموزی بـەڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی بە بیابانبوونی زەوی دیاری کرد.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئێستا زیاتر لە 46 ملیۆن مەتر چوارگۆشە زەوی لە جیهاندا بەرەڕووی بـە بیابانبوون بووەتەوە کە 13 ملیۆن مەتر چوارگۆشـەی لە سـنووری وڵاتانـی عەرەبیدایە، بەشـێکی ئەو ڕووبەرەش بـەر عێراق دەکەوێت و دیاردەکەش لە هەندێک ناوچەی عێراق بە تەواوی دەرکەوتووە.

نورەددین ئەنوەر بۆتانی، بەڕێوەبەری پاوان لـە وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "زۆربەی ناوچەکانی کوردسـتان ساڵانە ڕێـژەی باش بارانیان لێ دەبارێت، ئەمەش وای کردووە شـارەکانی هەرێمی کوردستان بەراورد بەشارەکانی عێراق کەمتر ڕووبەڕووی مەترسیی بەبیابانبـوون ببنـەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەدوورنین لە مەترسییەکە".

نورەدین بۆتانی ئامـاژەی بۆ ئەو ناوچانەی کوردسـتان کرد کە مەترسیی بە بیابانبوونیان لەسەرە: ناوچەکانی گەرمیان، قەزای مەخموور و قـەراج و کەندێنـاوە، ناحیەکانـی دیبەگە و گوێر.

بەپێـی ئامـاری وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ملیۆنێک و 741 هەزار دۆنم زەوی پاوان و بەردەڵان لە سنووری گەرمیان و قەزای مەخموور (قەراج و کەندێناوە) و هەردوو ناحیـەی دیبەگە و گوێـر هەن، ئەم ناوچانەش سـاڵانە ڕێژەیەکـی کەم بارانیان لـێ دەبارێت، بۆیە بە ناوچەی بارانی نامسۆگەر ناو دەبرێن.

نورەددیـن بۆتانـی دەڵێـت "لە سـنووری گەرمیـان ڕووبـەری زیاتر لـە ملیۆنێک و 500 هـەزار دۆنم زەوی پـاوان و بەردەڵانمان هەن، نزیکـەی 60%ی مەترسـی بـە بیابانبوونـی لەسـەرە، لە سـنووری قەزای مەخمـوور 166 هـەزار دۆنـم زەوی پـاوان و بەردەڵانمان هەیە کە 30%ی مەترسی بە بیابانبوونی لەسەرە".

گوتیشـی "لـە سـنووری گەرمیـان تەنیا لەکەلار و دەوروبەری 532 هەزار دۆنم مەترسی بە بیابانبوونی لەسـەرە، لە سـنووری قەزای مەخموریش زیاتر ناحیەی قەراج مەترسـیی بەبیابانبوونی لەسەرە".



بەکارهێنانی پاوان لەلایەن ئاژەڵدارانەوە بە هەڕەمەکی، مەترسی بە بیابانبوونی زیاتر کردووە

جگـە لـە هـۆکارە سروشـتییەکانی وەک بەرزبوونەوەی پلەی گەرمـی و کەمبوونەوەی ڕێـژەی بـاران و هەڵکردنـی بـای تونـد و دابەزینی ڕادەی شێ، هەندێ هۆکاری مرۆییش کاریگەرییـان لەسـەر زیادبوونـی مەترسـی بەبیابانبوون هەبووە.

نورەددیـن بۆتانـی دەڵێـت "بەکارهێنانی پاوان لەلایـەن ئاژەڵداران بـە هەڕەمەکی لەو ناوچانـەدا، مەترسـی بـە بیابانبوونـی زیاتر کـردووە، چونکـە لەلایەک بوونەتـە هۆکاری ڕووتاندنـەوەی زەویـی ناوچەکـە و لەلایەکی دیکـەش تـۆوی گژوگیا سروشـتییەکانیان بە جۆرێک کەم کردووە، هەندێ گژوگیا بەتەواوی لەنێوچوون".

### 24 گوندی قەراج و گوێر مەترسییان لەسەرە

بـە ئامانجـی دەستنیشـانکردنی ڕێـژەی مەترسـیی بەبیابانبوونـی زەوییـە کشـتوکاڵییەکانی سـنووری هەردوو ناحیەی قـەراج و گوێر، بەڕێوەبەرایەتـی توێژینەوەی کشـتوکاڵی هەولێـر لە کۆتایی سـاڵی 2010 بەهاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی دارسـتانی هەولێر و بنکەی کشتوکاڵی مەخموور دوو توێژینەوەی لەسەر 18 گوندی سـنووری ناحیەی قەراج و حەوت گوندی سنووری ناحیەی گوێر کرد.

مەقسـود خالد، بەڕێوەبـەری توێژینەوەی کشـتوکاڵی هەولێـر دەڵێـت "لـە ئەنجامـی پشـکنین و توێژینـەوە لەسـەر خاکـی ئـەم گوندانە بۆمان دەرکەوت 60 تاوەکو 70 هەزار دۆنم زەوی کشـتوکاڵی لـە 17 گوندی قەراج مەترسـیی بە بیابانبوونی لەسـەرە، تەنانەت لەهەندێ گوند بەهـۆی گەردەلوولی خۆڵی بە بارستایی 10سم ڕەمل لەسەر خاکی ناوچەکە هەبوو، بەم هۆیەشەوە بەشی زۆری خاکی ئەم ناوچانە تایبەتمەندیی خۆیان لەدەستدابوو".

بـە گوتـەی مەقسـود خالیـد، ئەگـەر پرۆژەیەکی ئاودێری لەو ناوچانە نەکرێ و هەوڵ بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی ئەو ناوچانـە نەدرێت، لەداهاتـوودا زۆربەی زەویە کشـتوکاڵییەکانی ئەم گوندانە دەفەوتێن و دەبنە بیابان.

بەڕێوەبـەری پاوانی هەولێر بە پێویسـتی دەزانێ بـۆ ڕێگەگرتن لە بـە بیابانبوونی ئەو ناوچانـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ هەنگاوەکانی خێراتر بـکات و بودجەیەکـی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات، سەرەتا ڕووپێویەکی ژینگەیـی بـکات، دواتریـش لەڕێگـەی بڵاوکردنەوەی تۆوی ئەو ڕووەکە سرووشتیانەی کە بەرگەی گەرمی و وشکی دەگرن، ڕووپۆشی ڕووەکـی ئـەم ناوچانە زیاد بـکات و ڕێگریش لـە هەڕەمەکـی بەکارهێنانـی پاوانـی ئـەو ناوچانە لەلایەن ئاژەڵدارانەوە بکات، هەروەها لەڕێگەی دروستکردنی هێڵی کەنتۆری، هەوڵی گلدانەوەی ئاوی بارانی ئەو ناوچانە بدات.

نورەددین بۆتانی گوتیشی "لەساڵی 2011وە ئێمـە بە پرۆژە ئـەم بیرۆکانەمان ئاراسـتەی وەزارەتی کشتوکاڵ و لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجە تائێسـتا هیچ یەکێک لەم بیرۆکانە جێبەجێ نەکراون".

### شەڕ مەترسییەکەی زیاتر کردووە

بەپێـی یاسـای پاوانـی عێراقـی، هـەر ناوچەیەک لە ساڵێکدا کەمتر لە 250 مللیمەتر بارانـی لێ ببارێت بەناوچەی پاوان دادەنرێت، بەو پێیەش بێت سـنووری قەزای مەخموور و هـەردوو ناحیەی قەراج و کەندێناوە و بەشـی زۆری ناوچـەی گەرمیـان ناوچەی پاوانن و بۆ چاندن ناشێن.

د.ئەنـوەر عومـەر، بەڕێوەبـەری گشـتیی پـلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، دەڵێـت "لەهەرێمـی کوردسـتان دیاردەی بەبیابانبـوون بەتەواوی لەسـەر هیـچ ناوچەیـەک دەرنەکەوتـووە، بەڵام هـەردوو ناوچەی مەخمـوور و گەرمیان کـە بەناوچەی بارانـی نامسـۆگەر دادەنرێن، مەترسیی بە بیابانبوونیان لەسەرە".

بـۆ ڕێگـری لـە تەشەنەسـەندنی دیـارەی بەبیابانبوون لەو ناوچانـەدا، د.ئەنوەر دەڵێت "ئاسـانکاریمان بـۆ جووتیارانی ئـەو ناوچانە کردووە بیـری ئێرتیـوازی لـە زەوییەکانیاندا لێبدەن، لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی هەولێریش لە هەوڵی زیادکردنی تۆوی پاوانین، لەپلانیشماندا بوو لەو ناوچانە بیچێنین، بەڵام بەهۆی شەڕەوە نەمانتوانی".

---

## نرخی بەرزە و خواستی زۆری لەسەرە

# وەزارەتی کشتوکاڵ جووتیاران بە قەرەخەرمانەوە خەریک دەکات

### تۆێژەرێکی کشتوکاڵی: داهاتی قەرەخەرمان 10 هێندەی داهاتی گەنمە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

دوای چوار سـاڵ ئەزموون لـە بەرهەمهێنانی قەرەخەرمـان و بـەراوردکاری لەنێـوان داهاتـی قەرەخەرمـان و گەنمـی ئاسـایی، ئیسـماعیل عوسـمان بڕیاری دا ئەمسـاڵ تەواوی گەنمەکەی بکاتە قەرەخەرمان و دەڵێت داهاتەکەی هەشـت هێندەی داهاتی گەنم بووە.

ئیسـماعیل عوسـمان، جووتیارێکـی گوندی شیلەی سـەر بە قەزای کۆیەیە، ئەمساڵ تەواوی بەرهەمـی گەنمەکـەی هەر بە سـەوزی یەکلایی کـردەوە و کردی بە قەرەخەرمان، نزیکەی 1800 کیلـۆ قەرەخەرمانـی دەسـتکەوت. ئـەو دەڵێت "داهاتی قەرەخەرمـان هەرگیز بەراود ناکرێت بە داهاتی گەنم".

ئـەو ئەزموونـەی ئیسـماعیل عوسـمان لەبەرهەمهێنانی قەرەخەرمان بەدەستی هێناوە، بۆ چوار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کاتێک بەڕێکەوت سـەردانی هاوڕێیەکی لەگوندی شـەوگێڕی سەر بەقەزای کۆیە دەکات. ئیسماعیل دەڵێت "چێژی خواردن و دروستکردنی قەرەخەرمان زۆر سەرنجی ڕاکێشـام، بۆیە بڕیارم دا تەنەکەیەک (14 کیلۆ) لـە گەنمەکەم بکەمە قەرەخەرمان، سـاڵی دواتر 12 تەنەکە گەنمم کردە قەرەخەرمان و داهاتێکی باشم دەستکەوت".

ئیسماعیل باسـی داهاتی ئەمساڵی دەکات لە قەرەخەرمان و دەڵێت "ئەمساڵ 15 تەنەکە گەنمم چانـد و کردم بە قەرەخەرمان، داهاتەکەم 1800 کیلۆ بوو، هەر کیلۆیەکیشم بە شەش هەزار دینار فرۆشت".

ئیسماعیل بەراوردی داهاتی گەنم و قەرەخەرمان دەکات و دەڵێت "ئەگەر بەرهەمی ئەو 15 تەنەکە گەنمەم بفرۆشتبا، دوای خەرجی ملیۆنێک دینارم دەسـتکەوت، بـەڵام لە قەرەخەرمانەکە هەشـت ملیۆن دینارم دەستکەوت".

دروسـتکردنی قەرەخەرمـان لـە هەرێمـی کوردستان، مێژوویەکی درێژی هەیە، لەدێرزەمانەوە بەشـێک لە جووتیارانی کوردسـتان، سـاڵانە بۆ پێویستیی خۆیان بەشێک لە گەنمەکەیان کردووە بـە قەرەخەرمـان. دواتـر بەهـۆی هەرزانبوونی برنج و بەرزبوونەوەی نرخی گەنم لە سـایلۆکان، دروسـتکردنی قەرەخەرمان کەم بـووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەشێک لە جووتیارانی سنووری قەزای کۆیە دەستبەرداری دروستکردنی نەبوون.

گوندی شەوگێڕ یەکێکە لەگوندەکانی سنووری قـەزای کۆیـە، جووتیارانـی ئەم گوندە سـاڵانە بەشێکی زۆری گەنمەکانیان دەکەنە قەرەخەرمان.

ئیسـماعیل عوسـمان دەڵێت "زیاتـر لە 100 جووتیـاری ئـەم گونـدە قەرەخەرمان دروسـت دەکـەن، جووتیـاری وا هەیـە چەنـد تۆنێـک قەرەخەرمـان بەرهەم دێنێ، بۆیـە دەتوانم بڵێم تەنیـا لەو گوندە سـاڵانە 200 تۆن قەرەخەرمان بەرهەم دێت".

دروستکردنی قەرە قەرەخەرمان لە گوندەکانی کۆیە، سەرنجی بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵیشی ڕاکێشاوە. بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، بۆ یەکەمینجار لەسـەر ئاسـتی هەرێمی کوردسـتان توێژینەوەیەکی لەسەر دروستکردنی قەرەخەرمـان کـردووە بـە تایبەتـی سـوودە ئابوورییەکەی.

عوسمان عەبدوڵڵا، توێژەر لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر دەڵێت "دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بڕیاری دا چیدی گەنمی ساوار لە سایلۆکان وەرنەگرێت، بیرمان لەوە کردەوە کە لە ڕێگەی پرۆژەیەکەوە هەم ئارەزووی جووتیاران بۆ دروستکردنی قەرەخەرمان بگەڕێنینەوە، هەمیش ڕێگەیەکی دیکە بۆ بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیاران لە دەرەوەی سایلۆکان بدۆزینەوە".

عوسمان عەبدوڵڵا دەڵێت ئامانجێکی دیکەیان لەو پرۆژەیە پڕکردنەوەی پێویسـتیی ناوخۆیە لە قەرەخەرمان، بۆ ئەوەی چیدی پارەی هاووڵاتیانی کوردسـتان بۆ قەرەخەرمـان نەچێتـە دەرەوە، ئەگەریش کرا هەناردەی بکەن، چونکە لە وڵاتانی دەوروبەر خواستێکی زۆری لەسەرە.

توێژینەوەکـەی عوسـمان عەبدوڵـڵا جگە لە چۆنیەتی دروستکردنی قەرەخەرمان، جۆرێک لە بەراوردکاریشـە لەنێوان تەرزە جیاوازەکانی گەنم و تێچـوو و قازانجی فرۆشـتنی گەنم بەشـێوەی ئاسایی و بەشێوەی قەرەخەرمان.

عوسـمان عەبدوڵـڵا دەڵێـت "بـۆ ئـەوەی بـەراوردکاری بکەم لەنێـوان تام و بڕی بەرهەمی تەرزە جیاوازەکانی گەنم بۆ قەرەخەرمان، 21 مەتر چوارگۆشە گەنمم لە هەریەک لە تەرزی سمیتۆ و ئەکساد هەڵبژارد، دوای سووتاندنی گوڵەکان و لە بێژینگدان، لە تەرزی سمیتۆ نۆ کیلۆ و لەتەرزی ئەکسـاد 10 کیلۆگرام قەرەخەرمانم دەستکەوت، دوای تاقیکردنـەوە دەرکـەوت بەرهەمـی تەرزی ئەکساد زیاترە، بەڵام تامی قەرەخەرمانی تەرزی سمیتۆ خۆشترە".

سـەبارەت بـە بـەراوردی داهاتـی گەنـم و قەرەخەرمانیـش، عوسـمان گوتـی "دوای توێژینەوەکە دەرکەوت کـە داهاتی قەرەخەرمان نزیکەی 10 هێندەی گەنمی ئاساییە".

مەقسـود خالـد، بەڕێوەبـەری توێژینـەوەی کشـتوکاڵی هەولێر دەڵێت ڕەزامەندییان لەسـەر پەرەپێدانی پرۆژەی دروسـتکردنی قەرەخەرمان بەشێوەیەکی زانستیانە لەسەر هەموو تەرزەکانی گەنمی ساوار وەرگرتووە، بەنیازن ساڵی داهاتوو بە ڕووبەری زیاتر لەسـەر چەند تەرزێکی دیکەش توێژینەوە بکەن. بۆ فێرکردنی جووتیارانیش ڕۆژی کێڵگەیی بۆ ڕێکدەخەن و بەردەوام دەبن لەسـەر پرۆژەکە. مەقسود گوتی "لەو توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوت فرۆشتنی گەنم بەشێوەی قەرەخەرمان زۆر ئابووریتـرە بـۆ جووتیـاران لـە فرۆشـتنی گەنم بەشێوەی ئاسـایی بە سایلۆکان، هەوڵیش دەدەین بەهاوکاریـی وەزارەت ئامێری تایبەت بۆ سـووتاندن و کوتان و لەبێژینگدانی قەرەخەرمان بۆ جووتیاران دەستەبەر بکەین".

زۆرتـر لـە پارێزگای هەولێـر و دهۆک گەنمی ساوار دەچێندرێ، ئەمسـاڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق، بڕیاری دا چیدی گەنمی ساوار لە سایلۆکان وەرنەگرێـت، ئەمـەش وەزارەتـی کشـتوکاڵی کوردسـتانی ناچار کرد بۆ ساڵی داهاتوو داوا لە جووتیـاران بکات پێداچوونەوە بە چاندنی جۆری گەنمدا بکەن.

د.ئەنـوەر عومـەر، بەڕێوەبـەری گشـتیی پـلان و بەدواداچـوون لـە وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو دەڵێـت "دوای بڕیارەکەی وەزارەتـی بازرگانیی عێـراق، پلانمان ئەوەیە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیی ناوخۆ لە ساوار و بڕوێش و قەرەخەرمان، پاڵپشـتی چاندنـی ڕێژەیەک لە گەنمی ساوار بکەین، بەئامانجی ئەوەی پێویستمان بەهاوردەی ئەم بەرهەمانە نەبێت".

سـەبارەت بـە پـەرەدان بـە توێژینەوەکەی بەڕێوەبەرایەتـی توێژینـەوەی هەولێـر لەسـەر قەرەخەرمان، د.ئەنوەر گوتی "لەپلانماندایە ساڵی داهاتوو بودجەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکەین، تاوەکـو بەشـێوەیەکی زانسـتی دروسـتکردن و قازانجی قەرەخەرمان بۆ جووتیاران ڕوونبکەنەوە".



جوتیارانی دەشتی کۆیە، پێشەنگی دروستکردنی قەرەخەرمانن لە کوردستان

# داعش لە عێراق توانای فرۆشتن و بەرهەمهێنانی نەوتی نەماوە

محەممەد هادی
رووداو- هەولێر

ڕێکخراوی داعش توانای بەرهەمهێنانی و فرۆشتنی نەوتی لە عێراقدا نزیک دەبێتەوە لە سفر و بەو هۆیەشەوە ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی قورس بووەتەوە.

دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام لە ساڵی 2014 نزیکەی 30%ی خاکی عێراقی داگیرکرد و چەندین کێڵگەی نەوتی کەوتە دەست بەتایبەتی لە پارێزگای نەینەوا، بەڵام دوای ئۆپەراسیۆنەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان، داعش زۆربەی ئەو ناوچانەی لەدەستدا کە پێشتر داگیری کردبوون.

داعش لە ساڵانی 2014 و 2015 دا ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگاکانی نەینەوا و سەلاحەدین و باشووری کەرکووکی لەژێر کۆنترۆڵدا بوو، بەڵام ئێستا تەنیا یەک کێڵگەی نەوتیی لەژێر دەستدا ماوە لە گەیارە کە ئەویش ناتوانێت هیچ بڕە نەوتێکی لێوە هەناردە بکات. ئەو ناوچە نەوتییە پێکدێ لە کێڵگەکانی: (گەیارە، نەجمە، باجەوان و قەسەبە) کە ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی 20 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە.

سەرچاوەیەکی باڵا لە دەستەی نەوتی پارێزگای نەوینەوا کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "داعش تاوەکو ڕۆژی 2016/7/9 لە 62 بیرە نەوتەکەی گەیارە، ڕۆژانە 50 تانکەر نەوت (10 هەزار بەرمیل)ی بە قاچاخ دەفرۆشت".

ڕێکخراوی داعش بەشێک لەو نەوتەی کە لە کێڵگە نەوتییەکانی گەیارە بەرهەمی دەهێنا، لە پاڵاوگەی حەمام عەلیل دەپاڵاوت و بەرهەمە نەوتییەکانی بۆ دابینکردنی پێداویستیی نێوخۆ تەرخان دەکرد.

ئەو سەرچاوەیە ئاشکراشی کرد کە دوای هێرشی هێزە عێراقییەکان بۆ سەر فڕۆکەخانەی گەیارە و گرتنی ئەو فڕۆکەخانەیە، داعش توانای هەناردەکردنی نەوتی لەو کێڵگەیە نەما، چونکە ئێستا تانکەرەکانی داعش دەکرێنە ئامانجی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان. ئێستا ئەو ڕێکخراوە ڕۆژانە بەشێک لەو نەوتە خاوەی کە ناتوانێت هەناردەی بکات، دەیسووتێنێ بۆ ئەوەی ناوچەکانیان نەکرێتە ئامانجی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان.

ئەبو عەبدوڵڵا کە شۆفێری تانکەری گواستنەوەی نەوتی ژێر دەستی داعش بووە، بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند، ئێستا نەک هەر داعش نەوت نافرۆشێت لە عێراق، بەڵکو شۆفێری تانکەرەکانیش لە ترسی بۆردومانکردن وازیان لەو کارە هێناوە.

ئەبو عەبدوڵڵا گوتیشی کە لە ماوەی رابردوودا فڕۆکەکان زیاتر لە 100 شۆفێری تانکەری گواستنەوەی نەوتی داعشیان کوشتووە و تانکەرەکانیشیان سووتاون بەهۆی ئەوەی هەوڵیانداوە نەوتی داعش لە عێراقەوە بۆ سووریا بگوازنەوە.

بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە پرۆسەی ئازادکردنەوەی ناحیەی گەیارە بکرێت، هەر لە ئێستاشەوە کۆمپانیای سۆنۆگۆی ئەنگۆلی خۆی ئامادە کردووە بۆئەوەی ئەو کێڵگەیە نۆژەن بکاتەوە. ئەو کۆمپانیایە لەساڵی 2010دا گرێبەستی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق واژۆکرد بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو کێڵگانەی ناوچەی گەیارە، بەڵام بەهۆی کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن داعشەوە، کارەکانیان ڕاگرت.

داعش پێشتر هەریەک لە کێڵگە نەوتییەکانی حەمرین و کێڵگەی حەجیلی لەژێر کۆنترۆڵدا بوو کە دەکەونە نزیک زنجیرە چیاکانی حەمرین لە باشووری کەرکووک. دوای چەند ئۆپەراسیۆنێک توانرا داعش لەو ناوچە نەوتییانە دووربخرێنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کێڵگەی نەوتی حەجیل کە بەر لە هاتنی داعش ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی 100 هەزار بەرمیل نەوتی هەبوو، وەک ناوچەیەکی شەڕ لە نێوان داعش و هێزە عێراقییەکاندا ماوەتەوە و لە ژێر کۆنترۆڵی هیچ لایەکدا نییە. هەروەها پێشتر کێڵگەی نەوتی علاسی لە سنووری تکریت لەژێر دەست بوو، بەڵام ئێستا ئەو کێڵگەیەشی لەدەستداوە.

پێشتریش بۆ ماوەی یەک مانگ کێڵگە نەوتییەکانی عەین زالە و بەتمەی کۆنترۆڵ کرد کە دەکەونە سنووری باشووری کوردستان و سەر بە پارێزگای نەینەوان، دواتر لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ئەو دوو کێڵگە نەوتییە کۆنتڕۆڵ کرانەوە. ئاستی یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگە نەوتیانەش نزیکەی 5 ملیار بەرمیل نەوتە.

لە بارەی نەوتی ژێر دەستی داعشەوە، بێوار خنسی شارەزا لە بواری نەوت و گاز بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، داعش ئێستا لە عێراق 99%ی توانای بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی لەدەستداوە و سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی داعش ئێستا لە سووریاوەیە.

بە گوتەی خنسی، ئێستا لە سووریا گرووپە چەکدارەکان ڕۆژانە نزیکەی 80 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن کە 50 هەزار بەرمیلی لەلایەن داعشەوەیە. حکومەتی سووریاش ڕۆژانە 10 هەزار بەرمیل نەوت و هێزە کوردییەکانیش نزیکەی 20 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن، بەشێکی ئەو نەوتە لە پاڵاوگە بچووکەکان دەپاڵێورێن و بەشەکەی دیکە بە قاچاخ دەفرۆشرێ.

ئەو شارەزایە گوتیشی کە لە سووریا جگە لە کێڵگە نەوتییەکان، داعش کێڵگەی شاعری لەژێر دەستدا ماوە کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە شاری حومس.

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئێستای داهاتی داعش، بێوار خنسی گوتی "جگە لەو نەوتەی کە لە سووریا دەیفرۆشێت، داعش بەردەوامە لە فرۆشتنی شوێنەوارە مێژووییەکان و وەرگرتنی باج و سەرانە لەو خەڵکەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدا دەژین، هەروەها فرۆشتنی زیندانییەکان یەکێکی دیکەیە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی دابینکردنی داهات بۆ ئەو ڕێکخراوە".



توانای داعش بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق، نزیک دەبێتەوە لە سفر

# بەرزبوونەوەی بەهای نەوت و پاشەکەوتی مووچە



بیلال سەعید*

"خوای دەکرد نرخی بەرمیلێک نەوت دەبووە دۆلارێک، بەمن چی!".. "حکومەت نەوت دەکڕێ یان نەوت دەفرۆشێ وا ئەوەندە قەرزدارە؟".. "داهاتی نەوتی کوردستان چەندە؟". کەم ڕۆژ هەیە لەپاڵ بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی تایبەت بەنرخی نەوت، هاووڵاتیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چەندین کۆمێنتم بۆ نەنووسن، لەکاتێکدا وەڵامی زۆر لەم پرسیارانە لەلای من نییە.

ساڵانی ڕابردوو یەکێتی و پارتی کە وەک دوو حیزبی هاوپەیمان حکومەتیان بەڕێوەدەبرد، گوێیان لە هەر ڕستەیەکی لەو جۆرە بووایە، گلەیی ئەوەیان دەکرد کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەڕێگەی میدیاکانیانەوە گومان و دوودڵی لەسەر پرۆسەی دەرهێنانی نەوت و بەبازاڕکردنی بڵاودەکەنەوە و دەکەوتنە شیکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوت و نرخی نەوت و بڕی داهاتی بۆ کوردستان.

بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە و دوای ڕاگەیاندنی سیستەمی پاشکەوتی مووچە لە کوردستان دروستبووە، یەکێتی و پارتی و ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو کە ئێستا بەشدارن لە حکومەت، ئەو کارتەیان لە دەست ماوە؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر.

لەبەرئەوەی حکومەت، کارکردن بە سیستەمی پاشەکەوتی مووچەی پەیوەست کرد بە هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت و لە ڕێگەی چەند بەرپرس و پەرلەمانتارێکەوە بانگەشەی ئەوە کرا ئەگەر نرخی نەوت بەرزببێتەوە، سیستەمی پاشەکەوتی مووچە گۆڕانی تێدا دەکرێت، هەندێکیان بە ئێستاشەوە لەو جۆرە لێدوانانە دەدەن، بەبێ ئەوەی گۆڕانێک ڕوویدابێت.

ئەگەر ساڵانی ڕابردوو هاووڵاتیان تەنیا زانینی نرخی دراوەکان و زێڕ و زیویان لە میدیاکانەوە بۆ گرنگ بووبێت، ئێستا لە سایەی پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە لەلایەن حکومەتەوە، ڕۆژانە گرنگترین هەواڵ بۆ هاووڵاتیان و خوێنراوترین هەواڵی ماڵپەڕەکان، هەواڵی نرخی نەوت و ئاستی هەناردە و داهاتی نەوتە. تەنانەت ئاستی هەناردەی نەوت بە نرخی بازاڕی جیهانیی نەوت دەپێورێت و قەبارەی داهاتی کوردستان، دابەشی سەر مووچەخۆرانی حکومەت دەکرێت.

ئەم شیکردنەوە و تێگەیشتنەی هاووڵاتیان بۆ ئاستی هەناردە و بەهای نەوت و بەستنەوەی بە مووچەکەی، ئەگەر بەشێکی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی هاووڵاتیان بێت، ئەوە بەشێکی دیکەی لە کەمتەرخەمی و ناشەفافی و تێنەگەیشتنی حکومەتە لە چۆنیەتی ڕوونکردنەوەی ژمارە ئابوورییەکان بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ڕۆژانە لەنێو پێشاندانی ژمارەکان و شیکردنەوەی پرسە ئابوورییەکان کە هەر حیزبە و بە ئامانجێک و لە گۆشەیەکەوە شیکردنەوەی بۆ دەکات، تووشی دڵەڕاوکێ و بێ متمانەیی نەبێت.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژی 2016/2/3 بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە چەند خاڵێک کراوە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیستەمی پاشکەوتی مووچە لەلایەن حکومەتەوە. لەو ڕاگەیێنراوەدا هاتووە کە چەند هۆکارێکی یەک لەدوای یەک لە دەرەوەی ئیرادەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونەتە هۆکاری دروستبوونی ئەم قەیرانە داراییە:

1- بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

2- شەڕی داعش.

3- هاتنی نزیکەی ملیۆنێک و 800 هەزار ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان.

4- دابەزینی چاوەڕواننەکراوی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان.

لە ڕاگەیێنراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دابەزینی نرخی نەوت هەرە کاریگەرترین و بەئازارترینیانە بۆ باری ئابووریی هەرێمی کوردستان. کرۆکی بەرنامەی پلانە هەنووکەییەکەی حکومەت ڕێکارێکی کاتییە و بۆ ئەوەی بتوانێت لەمەودوا بەشێوەیەکی مسۆگەر مانگانە لە کاتی خۆیدا بەپێی سیستەمی تازە مووچە دابەش بکات.

جگە لەوە لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بە پێنج بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران کراوە کە گرنگترینیان لە خاڵی یەکەمدا هاتووە و دەڵێت: "لەگەڵ ڕێژەی تەواوی ئەو مووچە و دەرماڵانەی مانگەکانی ساڵی 2015 کە لە حیسابێکی تایبەت بە ناوی (پاشەکەوتی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان) تۆمار دەکرێت".

بۆیە کاتێک سەیری ناوەڕۆکی ڕاگەیێنراوەکەی حکومەت دەکەین، دەگەینە چەند خاڵێک کە حکومەت دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ زۆرینەی بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردووە، لەوانە:

1- حیسابی تایبەت بە پاشەکەوتی مووچەخۆران نەکراوەتەوە.

2- پێکهاتەی لیژنەی هاوبەشی حکومەت بۆ سەرپەرشتیی داهاتەکان دیار نییە.

3- ئەنجامی کارکردنی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بۆ وردبینی و ژمێریاری لەداهاتی نەوت دیار نییە.

4- کاری لیژنە وەزارییەکەی حکومەت بۆ چاودێریکردنی داهاتەکان دیار نییە.

هەروەها لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وردەکارییەکانی سیستەمی پاشەکەوت، لەچەندین شوێن خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەستی پێکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەناو حکومەت و پەرلەمانتاران و ڕاوێژکاران چەندین لێدوانی جیاواز بدرێ سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی سیستەمی پاشەکەوت کە زۆرینەیان دڵنیایی ئەوەیان دەدا ئەگەر نرخی نەوت بەرزببێتەوە، ئەوە داهاتی کوردستان بەرزدەبێتەوە و گۆڕانکاری لە سیستەمی پاشەکەوتی مووچەدا دەکرێت.

زۆربەی هاووڵاتیان لە ماوەی ڕابردوودا چاویان لەوە بوو کە ئایا نرخی نەوت کەی بەرزدەبێتەوە، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە سیستەمی پاشەکەوتی مووچەدا بکرێت، هەرچەندە لە هیچ شوێنێکی ڕاگەیێنراوەکەی حکومەتدا ئاماژە بەوە نەکراوە گۆڕانکاری لە سیستەمی پاشەکەوت، پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە هەبێت، بەڵام لێدوانە جیاوازەکانی بەشێک لە بەرپرسانی حکومەت و چەند پەرلەمانتارێکی پارتی و لایەنەکانی دیکە بوونە هۆی ئەوەی کە تەرکیزی هاووڵاتیان لەسەر کۆی قەیرانە داراییەکە لەوەدا کۆبکرێتەوە کە دابەزینی نرخی نەوت، هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکەیە.

بۆیە ئێستا هاووڵاتیانی کوردستان مافی خۆیانە بپرسن، ئایا لەکاتێکدا نرخی نەوت بەرزبووەتەوە، بۆچی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە ناگۆڕێت؟ لەبەرئەوە زۆر گرنگە حکومەت هەوڵەکانی بەو ئاراستە بێت کە ڕوونکردنەوەی تەواو بدات: ئایا کەی پابەند دەبێت بەناوەڕۆکی ڕاگەیەنراوەکەی خۆیەوە کە تایبەت بە سیستەمی پاشکەوتی مووچە دەریکردووە؟ کەی گۆڕانکاری لە سیستەمی پاشەکەوتی مووچەدا دەکات؟ تا چەند بەرزبوونەوەی نرخی نەوت گۆڕانکاری لە پاشەکەوتی مووچەدا دەکات؟ هەروەها وردەکاریی کۆی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی خەرجکردنی بڵاوبکاتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی کۆی ژمارەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی هاووڵاتیان، پێویستە حکومەت لیژنەیەکی حکومی و میدیایی دروست بکات لە پێناو گێڕانەوەی متمانەی هاووڵاتیان، ئەگەرنا، بەم شێوەیە بەردەوام بێت، داهاتوویەکی باش بۆ پەیوەندیی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان نابینم.

*ڕۆژنامەنووسی ئابووری




(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

د.مستەفا گوربوز، مامۆستای زانکۆی ئەمریکی- واشنتن بۆ (رووداو):

# ئەمریکا سیاسەتی ئێران لە هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە دەزانێت

لێکۆڵەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. لە بوارەکانی توندوتیژیی سیاسی و تیرۆریزم، چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بزووتنەوە کوردییەکان، موسوڵمانانی رۆژئاوا و سیاسەتی ئەتنیکی_تایفی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکۆڵینەوە دەکات. د.مستەفا گوربوز نووسەری کتێبی "بزووتنەوە کوردییە ناکۆکەکانی تورکیا: گۆڕانی پێکدادانە ئەتنیکییەکان"ە کە ساڵی 2016 لەلایەن دەزگای چاپی زانکۆی ئەمستردامەوە چاپکراوە. گوربوز ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی کۆنێتیکات و ماستەرێکی لە زانکۆی بیلکێنت بەدەستهێناوە. ئێستاش مامۆستای وانەبێژە لە زانکۆی ئەمریکی_ واشنتن، بەشی کۆمەڵناسی. (رووداو) لە رێگەی ئیمەیلەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

رووداو- هەولێر



**رووداو: ئەمریکا ئێستا چۆن سەیری کێشەی کورد لە تورکیا دەکات؟**

**د.مستەفا:** هەڵەیە ئەگەر بڵێین بەراورد بە رابردوو گۆڕانکارییەکی گەورە روویداوە، بەڵام ئەوەی دیارە ئەمریکا لە نزیکترەوە چاودێریی کێشەی کورد لە تورکیا دەکات. لەمەدا رۆڵی شەڕی ناوخۆی سووریا و هەماهەنگیی ئەمریکا و یەپەگە هێجگار گەورەیە.

**رووداو: جیاوازی هەیە لەنێوان جیهانبینیی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا بەرامبەر کێشەی کورد لە تورکیا؟ ئایا ئەردۆغان سەرکەوتوو بووە لە سوودوەرگرتن لەو جیاوازییە؟**

**د.مستەفا:** ئەورووپا لە رابردووشدا لە ئەمریکا زیاتر هەڵوێستی رەخنەگرانەی هەبووە لە تورکیا، بەم دواییە ئەگەری دەرهێنانی پەکەکە لە لیستی تیرۆر لەلایەن هەندێک وڵاتەوە زۆر زیادی کردبوو، بەڵام لەو کاتەی هەموو رۆژێک قەیرانی پەنابەران زیاتر بەرفراوان دەبێ، ئەورووپا ناتوانێ کارێک بکات کە تورکیا لەخۆی تووڕە بکات. هەڵبەتە چەندین هۆکار هەن کە وا دەکەن ئەورووپا زیاتر رەخنە لە تورکیا بگرێت: کورد لە تاراوگە بەهێزترن، پرۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا، هەڵوێستی تورکیا لە مەسەلەی ماف و ئازادییەکان، نزیکیی جوگرافی، سیاسەتی ئەمریکا زیاتر لە چوارچێوەی مەسەلەی ئەمنیدایە، لەبەرامبەر ئەمە سیاسەتی ئەورووپا زیاتر لە چوارچێوە ئابوورییەکاندا بووە.

**رووداو: سەرکردەکانی پەکەکە بەردەوام بۆ چارەسەری کێشەی کورد داوای ناوبژیوانی و لایەنی سێیەم دەکەن. ئایا ئەمە مومکینە روویدات؟**

**د.مستەفا:** مومکینە، بەڵام ئەوە لە وادەیەکی نزیکدا روونادات. سەرەتا بۆ گەڕانەوە بۆ پرۆسەی چارەسەری پێویستە هەنگاوی جدی بنرێت، چونکە تا دێت هەردوولا زیاتر دەکەونە نێو زەلکاوی متمانە نەکردن بە یەکدی.

**رووداو: بەڕاستی ئەمریکا دەیەوێ نێوبژیوانی بکات لەنێوان کورد و حکومەتی تورکیا؟**

**د.مستەفا:** سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، بۆ ئەوەی لە باکووری سووریا هیچ روونەدات، بۆ ئەمریکا گرنگە، بەڵام لەو کاتەی ئەمریکا هێزی پێویستی نەبێ بۆ چارەسەری مەسەلەیەکی ئاڵۆز، پێداگری ناکات.

**رووداو: تا ئەوکاتەی رەجەب تەیب ئەردۆغان لە حوکمدا بێ، رێی تێدەچێ کێشەی کورد چارەسەر ببێ؟**

**د.مستەفا:** ئەگەر ئەردۆغان بەڕاستی ببێتە سەرۆک کۆمار، رووداوی ئەرێنی دێنە ئاراوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەردۆغان ئێستا لە هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمێکی سەرۆکایەتی تایبەت بەخۆیدایە. راپرسی بکرێت یان نەکرێت ئیدی دەتوانین بڵێین لە تورکیا رژێمێکی تاکەکەسی هەیە.

**رووداو: پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی پێیوایە ستراتیژی "تۆ ناکەینە سەرۆک" کە هەدەپە پەیڕەوی کرد لە کاتی هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران، هەڵە بوو. تۆش ئەو بۆچوونەت هەیە؟**

**د.مستەفا:** لەگەڵ بۆچوونەکانی بێشکچیدا نیم. لە کاتێکدا رژێمی تاکە کەسی لە تورکیا هەیە، نالۆژیکییە بڵێین لە مەسەلەی کورددا پێشڤەچوون روودەدات. ئەگەر پەکەکە و ئەردۆغان لەگەڵ یەکدی رێککەوتنیان هەبووایە، لەوانە بوو بۆ پەکەکە ستراتیژیەکی راست بێت، بەڵام هیچ کاتێک بۆ هەدەپە راست نییە. لەو کاتەی پەکەکە زانی رووداوەکانی سووریا لە بەرژەوەندیی ئەودایە، لە سەوداکردن لەگەڵ ئەردۆغان پەشیمان بووەوە. بەڵام هەدەپە لە سایەی ئەو سیاسەتەی خۆی، بە بەدەستهێنانی 13% سەرکەوتنێکی مێژوویی تۆمار کرد. زۆر بەهێزبوونی هەدەپە بۆ پەکەکە گونجاو نەبوو، هەروەها سەراوبنکردنی مێزی گفتوگۆ لەلایەن ئەردۆغان بۆ پەکەکە دەرفەتێکی باش بوو. ئەگەرنا شەڕی خەندەق کە تا ماوەیەک بەر لە ئێستا درێژەی هەبوو، یەک ساڵ درێژەی نەدەکێشا.

**رووداو: دەگوترێ ئێستا زەمینەسازی دەکرێ بۆئەوەی پەکەکە و تورکیا لە پاییزی داهاتوودا بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ، ئایا ئەمە روودەدات؟**

**د.مستەفا:** پەیوەست بە بارودۆخی شەڕی ناوخۆی سووریا، بێگومان سەرلەنوێ دەچنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و ئەمریکاش پشتگیری

ئەمریکا لە نزیکەوە چاودێریی کێشەی کورد لە تورکیا دەکات

سەراوبنکردنی مێزی گفتوگۆ لەلایەن ئەردۆغانەوە بۆ پەکەکە دەرفەتێکی باش بوو

لەو پرۆسەیە دەکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەمجارە هاوسەنگییەکان لە باکووری سووریا لەژێر هەژموونی کورددایە، ئایا پرۆسەی ئاشتی جدی و بەردەوام دەبێت یان نا، ئەمە پەیوەستە بە سەرلەنوێ متمانە بەیەکترکردنی لایەنەکان. رەنگە ئاگربەستێک روویدات، بەڵام بەداخەوە بۆ پرۆسەیەکی ئاشتیی جدی چەندین ئاستەنگ هەن.

**رووداو: بۆ چارەسەری ریشەیی کێشەی کورد، مەرجی پێشوەخت چییە؟**

**د.مستەفا:** هەر لایەنێک لە مێشکی خۆیدا مەسەلەی "چارەسەری ریشەیی" چۆن پێناسە دەکات، بەم شێوەیە دەبێتە خاوەن بیرۆکەکە. بەگوێرەی هەندێکیان کاتێک لە باشووری رۆژهەڵات دەوڵەت دروست بکرێ، بە گوێرەی هەندێکی دیکە کاتێک پەکەکە لەناودەچێت. بە گوێرەی من تا ئەو کاتەی لە تورکیا هەموو ناسنامەکان، عەلەوی، سوننە، دیندار، عەلمانی، موسڵمان و غەیرە موسڵمان، هەموویان بەیەکەوە بە ئازادی گوزارشت لەخۆیان نەکەن، لە چارەسەری مەسەلەی کورد هەنگاوی جدی نانرێت.

**رووداو: دەگوترێ ئەمریکا چیدی ئێران وەکو وڵاتێکی مایەی هەڕەشە نابینێ، ئەگەر ئەمە راست بێ، چۆن کاریگەری لەسەر جیهانبینیی ئەمریکا بۆ کێشەی کورد دەبێت، ئەمریکا پەیوەست بە کورد ستراتیژیەتێکی چۆن دادەڕێژێ؟**

**د.مستەفا:** نەخێر، ئەمریکا هێشتا وەکو سەرچاوەی هەڕەشە تەماشای ئێران دەکات. سیاسەتی ئێرانیش لە کوردستانی عێراق بە هەڕەشە دەزانێت.

**رووداو: بارودۆخ و رووداوەکانی رۆژئاوای کوردستان چ کاریگەریان لەسەر کوردستانی تورکیا دەبێت؟ ئەگەر ئەمریکا و تورکیا لەسەر سووریا رێکبکەون، مانای گەڕانەوە نییە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لە تورکیا؟**

**د.مستەفا:** هاوسەنگیی رۆژئاوا، کێشەی کوردی لە تورکیا کردە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. وەکو باسمکرد ئەمریکا لەبارەی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لە تورکیا ئەوەی لەدەستی بێ دەیکات، بەڵام پێویستە لەبیری نەکەین کە ئەمە بەشی رێککەوتنێکی جدی و بەردەوام ناکات. گرنگترین مەرج بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ تا ئاستێکی دیار دروستکردنی متمانەیە لەنێوان هەردوولادا.

ئەگنس مەککی، کونسوڵی پێشووی بەریتانیا لە هەولێر بۆ (رووداو):

# ئابووریی کوردستان هەڵدەستێتەوە

دوو ساڵی زۆر خۆشم لە کوردستان بەڕێکرد

بووژانەوەی کوردستان بۆ ئابووریی بەریتانیا گرنگە

یودیت نورینک
رووداو- هەولێر

کونسوڵی پێشووی بەریتانیا لە هەولێر دەڵێت سەرەڕای پاشەکشەی، بەڵام هێشتا داعش هەڕەشەیە لەسەر ناوچەکە. دەشڵێت شەڕی داعش بووە هۆی زیادبوونی هەماهەنگی لە نێوان لەندەن و هەولێر.

ئەگنس مەککی، لە حوزەیرانی 2014 وەکو کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر دەستبەکار بوو، ئەوکات داعش تازە مووسڵی داگیرکردبوو، دواتر پەلاماری هەرێمی کوردستانیشی دا و کاتێک مەککی کوردستانی بەجێهێشت، داعش لە زۆربەی ئەو ناوچانە پاشەکشەی کردبوو کە پێشتر داگیری کردبوون، بەڵام ئەگنس مەککی هێشتا داعش بە هەڕەشە لەسەر ناوچەکە دەزانێت و دەڵێت "گرنگ نییە لە شەقامەکانی بەغدا، هەولێر یان لەندەن بێت، لە هەموو حاڵەتەکاندا داعش هەڕەشەیەکی تیرۆریستییە".

ئەگنس بەرلەوەی کوردستان جێبهێڵێت، لەگەڵ پارێزگاری هەولێر کە بە هاوڕێیەکی خۆی وەسفی دەکات، بەشداری یادی هێرشە تیرۆرستییەکەی 2014ی عەنکاوەی کردبوو، ئەو دەڵێت "سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆ سەرکەوتوویی هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە".

ئەگنس لەو ماوەیەی لە کوردستان بووە، شایەتی گەورەترین قەیران بوو کە بەسەر کوردستاندا هات، ئەویش قەیرانی دارایی بوو بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە.

ئەگنس لەبارەی چارەسەری ئەو قەیرانە دەڵێت "کوردستان دەبێت کۆمەڵێک چاکسازی بکات کە جێبەجێکردنیان ئاسان نییە. کۆمەڵێک چاکسازی گەورە بۆ ئەوەی ئابوورییەکەیان هەڵسێتەوە. وەکوو چۆن ئاسایشی ئێرە بۆ بەریتانیا گرنگە، بووژانەوەی ئێرەش بۆ ئابووریی بەریتانیا گرنگە".

سەبارەت بە هاوکاریی بەریتانیا بۆ دەربازبوونی کوردستان لەو قەیرانە، ئەگنس مەککی دەڵێت "وەزیرانی حکومەتی بەریتانیا و دیپلۆماتە بەریتانییەکان هانی بڕیاربەدەستانیان داوە چاکسازیی پێویست بکەن، لە هەولێریش ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بەریتانی باش هەن کە دەکرێت بەشێک بن لە هەڵسانەوەی ئابووریی کوردستان، چونکە ئەوان دەزانن بە چ شێوازێک ژینگەی بازرگانی لە کوردستان باشتر بکەن".

بەگوتەی ئەگنس، دوای سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە هەندێک لە کۆمپانیا بەریتانییەکان کوردستانیان جێهێشتووە، هەندێکیشیان کەمتر لە جاران چالاکن. بەڵام ژمارەیەکی زۆریش لە کۆمپانیاکان خەریکن خۆیان لەگەڵ رەوشە نوێیەکەدا دەگونجێنن و ژمارەیەک کەرتیش لە کوردستان پێویستیان بە وەبەرهێنان هەیە".

ئەگنس بە گەشبینییەوە دەڵێت "ئابووریی کوردستان هەڵدەستێتەوە، چونکە یاسای وەبەرهێنانەکەی زۆر پێشکەوتنخوازانەیە و کوردستانیش بەڕووی بازرگانانی بیانیدا کراوەیە".

ئەگنس زیاتر لەبارەی هاوکارییەکانی بەریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان قسە دەکات و دەڵێت "هاوکارییەکانی ئێستامان پەیوەندییان بە داهاتووی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. ئەنجوومەنی بەریتانی کار لەسەر کەرتی پەروەردەی کوردستان دەکات، هەروەها دامەزراوەی وێستمینستەر بۆ دیموکراسی لەگەڵ پەرلەمان و لیژنەی دەستپاکی کار لەسەر بنیاتنانی دامەزراوەکان دەکەن".

ئەنجوومەنی بەریتانی رێکخراوێکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بۆ پەرەپێدانی کولتووری و پەروەردە دەکات. ئەم رێکخراوە کە ساڵی 1934 دامەزراوە و بارەگا سەرەکییەکەی لە لەندەنە، لە زیاتر لە 100 وڵاتی جیهاندا کار دەکات.

ئەگنس سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا دوای تەواوبوونی جەنگی داعش، دەڵێت "ئەوەی لە داهاتوودا گرنگە تەنیا سەرکەوتن لە جەنگی دژی داعش نییە، بەڵکو ئەوەش گرنگە کە ئاشتی مسۆگەر بکەین. لەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵ کراونەتەوە، پێویستە لە بۆمبی چێنراو پاک بکرێنەوە و خزمەتگوزاریش بۆ ناوچەکان بگەڕێنرێتەوە. هەروەها لە کاتێکدا داعش خەریکی پاشەکشەیە، گرنگە هێزە سیاسییە عێراقییەکانیش بە جۆرێک لە رێککەوتنی سیاسی بگەن، بۆ ئەوەی هەر پێشکەوتنێک لە بواری جەنگدا ببێت بە سەرکەوتنێکی جێگیر".

ئەنجوومەنی بەریتانی کار لەسەر کەرتی پەروەردەی کوردستان دەکات

هەندێک لە خوێندکارانی کورد بۆ خوێندن لە بەریتانیان، بەڵام ئێستا هەندێکیان پشتگوێ خراون و هەندێکیشیان بەهۆی قەیرانە داراییەکەی هەرێمەوە تووشی کێشە بوونە.

ئەگنس مەککی لەبارەی کێشەی ئەو خوێندکارە کوردانە دەڵێت "هەندێک لە زانکۆکانی بەریتانیا لە هەوڵدان بۆ ئەوەی رەوشەکە بۆ خوێندکارەکان ئاسانتر بکەن و وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانیش تاوتوێی کێشەکە دەکات".

فۆکەسی ئەگنس زۆرتر لەسەر کەرتی پەروەردەیە و دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بەردەوام لە کەرتی پەروەردەدا سەرمایەگوزاری بکات. ئەمە شتێکی گرنگە کە ئەم قوتابیانە لە سیستەمێکی پێشکەوتووی پەروەردەدا بخوێنن، راستە کاتەکە کاتی دەستپێوەگرتنە، بەڵام لەم کاتەشدا گرنگە وەبەرهێنان لە بواری پەروەردەدا بەردەوام بێت".

ئایا ئەو دوو ساڵەی لە هەولێر بووە، کوردستانی چۆن بینیوە؟ ئەگنس مەککی دەڵێت "زۆر دڵخۆشم بەوەی توانیم سەبارەت بە سیاسەت، مێژوو، سروشت و خەڵکی کوردستان شت فێربووم. لەگەڵ زۆر کەس بووم بە هاوڕێ. هەروەها کاریگەریی بڕیاری حکومەتەکانم لەسەر کوردستان بینی، یەک لەوانەش حکومەتی بەریتانیا، هەندێجار دەبێت گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان لەسەر ئاستی چەند دەیەیەک هەڵبسەنگێنرێن، نەک لەسەر بنەمای چەند ساڵێک".

بەڵام ئەوەی لە کوردستان ئەگنسی بێ ئومێد کرد، وەک خۆی دەڵێت ناکۆکیی نێوان حیزبەکانە "ئەمە شتێکی نائومێدکەرە کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا ناکۆکی لە نێوان پارتەکان بەردەوام بووە و رێککەوتنەکانی نێوانیان هەڵوەشاونەتەوە، بەڵام خاڵە پۆزەتیڤەکەش ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکان سوورن لەسەر ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن".

دوای بەسەربردنی دوو ساڵ لە کوردستان، دەبێ پلانی داهاتووی ئەگنس چی بێت؟ ئەو دەڵێت "پاش بەسەربردنی دوو ساڵی زۆر خۆش ئێستا دەگەڕێمەوە لەندەن. دەزانم دۆستایەتیم لەگەڵ هەندێک کەس لە کوردستان بەردەوام دەبێت. ئەم دوو ساڵەم زۆر خۆش بەڕێکرد، نەک هەر لەبەر ئەوەی لێرە کۆمەڵێک ئەزموونی تاکەکەسی خۆمم هەبووە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم شوێنە بۆ بەریتانیا گرنگە، دڵنیام پەیوەندی و دۆستایەتی من لەگەڵ کوردستان بەردەوام دەبێت و پابەندیی بەریتانیاش بە کوردستانەوە بە بەهێزی دەمێنێتەوە.



ئەگنس مەککی

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (418) - دووشەممە 2016/8/1

## دیپۆرتکردنەوەی کۆچبەرانی سوێد کێشەی تێدەکەوێ




**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

دەزگای کۆچی سوێد بڕیارێکی حکومەتی بۆ جێبەجێ ناکرێ، ئەمەش بووە بۆی ئەوەی کە ئەو کۆچبەرانی بڕیاری دەرکردنیان بۆ دەرچووە، دیپۆرتکردنەوەکەیان دوابکەوێت. دوای دەرکردنی یاسایەکی نوێ تایبەت بە پرسی کۆچ، حکومەت ئەرکی دامەزراندنی 100 جێگەی نوێی دەستبەسەرداگرتنی ئەو پەنابەرانەی کە بڕیار دەرکردنیان لەسوید بۆ دەرچووە، بە دەزگای کۆچ سپاردووە، بەڵام شێوازی خەرجی ئەو ئەرکە هەتاوەکو ئێستا یەکلانەبووەتەوە. لەبەر ئەوەش دەزگای کۆچ ناتوانێت ئەو بڕیارەی حکومەت لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکات. ئەو 100 جێگەیە دەبوو لە 2016/10/1 ئامادە بن.

# ئاڵای کوردستانیان بردە فێستیڤاڵی هاوڕەگەزخوازان

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

سیما جەعفەری ئاڵایەکی کوردستانی لەخۆی ئاڵاندبوو، ئاڵا شەش ڕەنگەکەی هاوڕەگەزخوازانیشی بەرزکردبووەوە و دەیگوت "وەکو کوردێکی ژێردەست شانازی بەوە دەکەم کە پشتگیری لە دەیان ملیۆن کەس بکەم، تەنیا لەبەر ئەوەی هاوڕەگەزخوازن، ژیانیان لە مەترسیدایە".

شەممەی ڕابردوو، هەفتەی پشتگیری لە هاوڕەگەزخوازان کە بە "پراید" ناسراوە، لە سوێد بەڕێوەچوو، وێڕای بەشداریی هەزاران کەس لەسەر ئاستی سوێد، ژمارەیەکی زۆر لە کوردی هاوڕەگەزخواز و چالاکڤانی پاڵپشتیکەر لە هاوڕەگەزخوازان بە ئاڵای کوردستان و بە گوتنەوەی گۆرانیی کوردییەوە بەشداریی گردبوونەوەکەیان کرد.

سیما جەعفەری کە لەدایکبووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە سوێد گەورە بووە، باسی چیرۆکێکی تراژیدی وڵاتەکەی خۆی (ئێران)ی کرد کە چۆن کەسێک لە سێدارە دراوە تەنیا لەبەرئەوەی هاوڕەگەزخواز بووە "ئەوە هانیدام بەشێکی زۆر لە تەمەنم بۆ پشتگیری لەو کەسانە تەرخان بکەم".

جەعفەری خۆی هاوڕەگەزخواز نییە، بەڵام دەڵێت "بەشێکی زۆر لە هاوڕێکانم لەو شێوەیەن و زۆرم خۆشدەوێن و شانازییان پێوە دەکەم". گوتیشی "پێموانییە هاوڕەگەزخوازێتی نەخۆشی، یان عەیب بێت، بەڵکو حەزێکە لای ئەوان و خوا بەو شێوەیە دروستی کردوون، چ گوناهێکە لەسەر ئەو حەزە بکوژرێیت و سزای مەرگ بدرێی".

### کورد پێکەوە نەبوون

ژمارەی ئەو کوردانەی پێشتر بەشدارییان لەم بۆنەیە دەکرد، هاوشێوەی میسری و ئەفغانی و فارس و سۆماڵییەکان کەم بوون، بەڵام ئێستا ڕوو لە زیادبوونن و ئەمساڵ سەدان کەسی تێپەڕاند. بەڵام لەنێو چەند گرووپێکی جیاوازدا.


فێستیڤاڵی هاوڕەگەزخوازان کوردانی سوێدی بەسەر دوو بەرەدا دابەشکرد

دەنگۆی ئەوە بڵاوبوو کە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەو چالاکڤانە کوردانەی پشتیوانی لە هاوڕەگەزبازان دەکەن ببنە زیاتر لە گرووپێک.

ئەم بابەتە تەنانەت بووە جێی بایەخی بەشێک لە مێدیاکانی سوێد و لە وەڵامی ڕیپۆرتێری ڕادیۆی نێودەوڵەتیی سوێددا، نوێنەرانی هەریەک لە دوو گرووپە جیاوازە سەرەکییە کوردەکە ڕەتیانکردەوە جیاوازیی بیری سیاسی و قبوڵنەکردنی ئاڵای کوردستان هۆکاری ئەو دابەشبوونە بووبێت.

ئاڵا ڕەیانی لە گرووپی (Kurdiska HBTQ vänner) گوتی "حەوت ساڵە بەشداری دەکەین و ساڵانە زۆر زۆر زیاد دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە کە نیشانی بدەین دۆستی ئەوان و مافی مرۆڤین". ڕەیانی بە ڕادیۆی سوێدی گوت "سەرەتا خەڵک تووڕە دەبوو، هەڕەشەیان لێدەکردین کە چۆن دەبێت بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری بکەین، بەڵام ئێستا بەشداریی ئەو جۆرە بۆنانە ئاسایی بووە".

سەبارەت بە لێکدانەوە سیاسییەکەش بۆ دژایەتی ئاڵای کوردستان، ڕەیانی گوتی "حیزبایەتی ناکەین و بێلایەنین و بۆ هەموو کەس و بۆ هەموو کوردی دەکەین".

دوگۆجان لە گرووپی (Regnbågskurder)، کە بەپێی بابەتەکەی ڕادیۆی سوێد بێت، ئەو گرووپەن ئاڵای پارتێک لە بەرامبەر ئاڵای کوردستان بەرز دەکەنەوە، دەڵێت "کورد کوردە و هیچ جیاوازی نییە و پێشتر تەنیا وەک بەشدارێک و ئێستا وەک سەرپەرشتاری گرووپێک بووم". گوتیشی: "باشترە گرووپی جیاواز هەبێت کە هەموو خەڵک بزانێت کورد خۆی وا نیشان بدات پشتیوانی هاوڕەگەزخوازانە، من وا هەست ناکەم جیاوازی سیاسیمان هەبێت، چونکە ئێمە بۆ سیاسەت لەوێ نەبووین".

سەردەشت ئیسماعیل، دانیشتووی سوێد، پێدەچوو بە ڕێکەوت هاتبێتە بینینی کاروانی پراید. ئەو نە لەگەڵ ئەوەیە کوردان چالاکییان لەنێو ئەم فێستیڤاڵە هەبێت، نە لەگەڵ دژایەتیکردنیشیەتی، بەڵام دەستخۆشی لەو پارتە دەکات کە بێ شەرم، ئاڵای خۆی لەنێو فێستیڤاڵەکەی هاوڕەگەزخوازان بەرز کردەوە. گوتیشی "ئەوە بوێرییە کە وەک یەکەمین پارتی کوردی لە مێژووی بزاوتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، بەو شێوەیە شەرمی نەکردبێت و تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی تورکیا ڕایگەیاند و پراکتیزەی کرد". مەبەستی سەردەشت لەو پارتە، پەکەکە بوو.

کەس نازانێت ڕێکەوت بووە، یان هەوڵێکی لەپشت بوو کە لە هەمان ڕۆژ و لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم، کۆبوونەوەیەکی موسوڵمانانی شیعەمەزهەب ڕێکبخرێت.

ئەبو عەلی، 21 ساڵ کە گەنجێکی موسوڵمانی شیعەیە، گوتی "بۆ دژایەتی ئەو فێستیڤاڵە ئەو بۆنەیەمان لە سەنتەری شار ڕێکخستووە". گوتیشی "بەداخەوە بۆ ئەو موسوڵمانانەی بەشدارییان لەو فێستیڤاڵەدا کرد".

مارگرێتا یۆنسۆن کە لە ڕێکخراوێکی دژە ئاینی چالاکی دەکات، گوتی "ئەمە یەکەم پەرچەکردارە و دوور نییە لە ساڵانی داهاتوودا، ئەمە لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی هێمنەوە، بگۆڕێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خوێناوی و پاشان تەقینەوە و کوشت و بڕیشی لێ بکەوێتەوە".

جیا لە ساڵان، سوێدییەکان کەمێک هەستیار بوون و ترسی کاری تێکدەرانە و تیرۆریان هەبوو. یۆنسۆن، ڕووی لەو چالاکییە ئیسلامییە کرد و گوتی "بۆ من، هاوڕەگەزخواز و موسوڵمان و کریستیان و جوو وەکو یەک مرۆڤن و مافی ژیان و خواست و باوەڕی خۆیان هەیە، بەڵام بەڕاستی ئیسلامییەکان جێگەی مەترسین". گوتیشی "ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆ و لەم شوێنە، مەسجێکی بەهێزە و دەبێت بەهەند وەربگیرێت".

# سوێد... یاسا نوێیەکەی پەنابەران چووە بواری پراکتیکەوە

## پەنابەرێکی کورد: ئامادەین پارە بۆ دەوڵەت کۆبکەینەوە بۆ ناردنەوەی کۆچبەران

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

نزار پشووی ساڵانەکەی (کە لەلای ئەوروپییەکان بەهایەکی زۆری هەیە) بۆ خزمەتی کۆچبەرانی نوێ تەرخان کرد و وەکو خۆبەخش هاوکاریی کردن و یارمەتی ماڵی و مرۆییشی بۆ کۆکردنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدایە ڕێساکانی وەرگرتنی کۆچبەران قورس بکرێت "لەگەڵ ئەوەدا نیم هەر کەسێک خۆی بکات بەم وڵاتەدا، دوای پێنج ساڵ ببێتە خاوەنی ڕەگەزنامە".

نزار حەمدی، 47 ساڵ کە 30 ساڵە لە سوێدە، دەڵێت "شتێکی بێ مانایە کەسێک هەڵگری پاسپۆرتی سوێدی بێت، بەڵام زمانی سوێدی نەزانێت، لە کاتێکدا حیسابی هاووڵاتی پلە یەکی سوێدی بۆ بکرێ".

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا، پەرلەمانی سوێد یاسایەکی نوێی لەبارەی کۆچبەرانەوە دەرکرد و هەفتەی ڕابردووش یاساکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەپێی یەک لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو یاسا تازەیە، کۆچبەران لە حاڵەتی وەرگرتنیان دەبنە پەنابەری کاتی و هەر کاتێک پێویستی کرد ڕەوانەی وڵاتی خۆیان دەکرێنەوە، واتە مافی مانەوەی هەمیشەییان نادرێتێ.

پەنابەرە دێرینەکانی کورد کە ئێستا وەکو هاووڵاتییەکی بە ڕەگەزنامە سوێدی دەژین، خۆشحاڵن بە یاسا نوێیەکە و لەگەڵ ئاسانکاریدا نین کە بەشێوەیەکی خێرا وڵاتینامەی سوێدی بدرێتە کۆچبەران.

نزار حەمدی پێی خۆش نییە بەهۆی کۆچبەرانەوە ژیانی داهاتووی خۆی و منداڵەکانی بکەوێتە مەترسییەوە "لەنێو کۆچبەرانی نوێدا، خوشک و برا و برازامی تێدایە و بەیەک چاو لێیان دەڕوانم و خزمەتیشم کردوون، بەڵام ڕێسا گشتییەکان شتێکی دیکەن و دەبێت بە چاوێکی دیکە لێیان بڕوانین". گوتیشی "کردنەوەی دەرگای بێسنوور بۆ کۆچبەر، ئایندەی وڵات دەخاتە مەترسییەوە، نابێت ئەزموونی فەرەنسا لەبەرچاو نەگرین".



پەنابەرانی دێرین دەڵێن کۆچبەرانی نوێ هەڕەشەن لەسەر ئایندەیان

خزمەتەکانی ساڵی ڕابردووی نزار بۆ کۆچبەران لە سەنتەری میترۆکانی ستۆکهۆڵم بەجۆرێک بوو کە زۆر لە کۆچبەرەکان دەیانناسی و ڕێنوێنییەکی زۆری دەکردن و وەک خۆبەخشێک جێگەی دەستی دیار بوو، بەڵام ئێستا دژی ئەوەیە ئاسانکاری بۆ کۆچبەران بکرێت.

نزار دەڵێت "لەگەڵ ئەوەدام ئەوانەی وەک سوورییەکان پەنابەری جەنگن، بکرێنە پەنابەری کاتی و لە کەمپەکانی دەرەوەی شار نیشتەجێ بکرێن، ئەوانی دیکەش لەسەر کۆمەڵێک بنەما مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت".

نزار لەگەڵ ئەو پاشخانە یاساییەی بەهۆی بڕوانامەکەی هەیەتی، زۆر داکۆکی لەو ڕێسایانە دەکات کە لە وڵاتەکانی وەک ئەڵمانیا و ئەمریکا و بەریتانیا هەیە و دەڵێت "دەبێت کۆچبەران تاقی بکرێنەوە و کام لەوان لەگەڵ ئەو سیستمەی ئەو وڵاتە گونجان، وەربگیرێن و پاشان قۆناغ بە قۆناغ بکرێنە هاووڵاتی".

سوێد تاکە وڵاتی ئەوروپایە کە لەکاتی بەخشینی مافی پەنابەرێتی هەمیشەیی و تەنانەت ڕەگەزنامەش، هیچ جۆرە تاقیکردنەوە و مەرجێکی وەک (زمان و زانینی یاسا) بەسەر هاووڵاتیاندا ناسەپێنێ.

جۆزێف ئێنریگمان کە لە فەرمانگەی دادوەریی کار دەکات، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەو کۆچبەرانەی لە ترسی جەنگ هەڵنەهاتوون وەربگیرێن، لەگەڵ ئەوەش نییە ئەو پەنابەرانەی ناتوانن خۆیان لەگەڵ کولتووری سوێدی بگونجێنن، ببنە هاووڵاتیی سوێدی، جۆزێف دەڵێت "سوێد وڵاتێکی ئیسلامیی نییە، وڵاتێک نییە ئازادییەکانی تێدا قەدەغە بکرێت، بۆیە نابێت کەسێکیش قبوڵ بکرێت کە ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی هەبێت".

بەڕای زۆر لە چالاکڤانان ئەمە بیرکردنەوەیەکی تەواو نەژادپەرستانەیە و لە زۆربوونیشدایە، بەڵام لای هاژە ئەحمەدی زۆر جێگەی تێڕامانە کە بەشێکی زۆر لە کوردە دێرینەکانی ئەم وڵاتە، هەمان بیرکردنەوەیان هەیە.

هاژە چالاکڤانی بواری مافی مرۆڤ کە نزیکەی 12 ساڵە لە سوێد دەژی، دەڵێت "کوردی ئەم وڵاتە وەکو بیانییەکان حەزناکەن ئەو ئاسانکارییانەی کاتی خۆی بۆ خۆیان کراوە، بۆ کۆچبەرە تازەکان بکرێ، چونکە پێیانوایە کۆچبەران مەترسین لەسەر ژیانی ئەوان".


هاژە نموونە بە بیانییەکانی بەریتانیا دەهێنێتەوە کە بۆ دەرچوونی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەوروپا دەنگیان بە بەڵێ داو دەڵێت "پێیانوابوو بە دەرچوونی ئەوروپییەکان، ئیدی ڕەوشی ژیانی ئەوان، بەتایبەت لە بواری هەلی کار، زۆر باش دەبێت، کوردی سوێدیش هەمان بیرکردنەوەیان هەیە و حەز دەکەن خۆیان وەک کەمینەیەک بمێننەوە".

سەلاح سەعید وەکو ئەو کۆچبەرە نوێیانە زەحمەتییەکی زۆری بینیوە تاوەکو گەیشتووەتە سوێد، ماوەیەکی زۆریش چاوەڕێی کردووە تاوەکو بووەتە هاووڵاتییەکی سوێدی، بەڵام ئێستا دژی ئەوەیە کۆچبەرانی نوێ ببنە سوێدی.

سەلاح پێی باش نییە ئاسانکاری بۆ پێدانی مافی مانەوە بە کۆچبەران بکرێت و دەڵێت "پێم باشە هاوشێوەی ئەڵمانیا و بەریتانیا و تەنانەت ئەمریکاش مەرجەکانی زانینی زمان و بابەتە یاساییەکان و تەنانەت زانین و قبوڵکردنی کولتووری ڕەسەنی وڵات، لە سوێد مەرجی پێدانی مافی مانەوە بن".

قورسکردنی ڕێساکانی پێدانی مافی پەنابەرێتی، بەشێوەیەک هانی کۆچبەرانی داوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان کە ئێستا حکومەت توانای دارایی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسەیە نییە و ناتوانێت کۆچبەران بنێرێتەوە. نزار بە پێکەنینەوە گوتی "ئامادەین هاوکاریی دەوڵەت بکەین و پارە بۆ ناردنەوەی کۆچبەران کۆبکەینەوە".

هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 418 ) - دووشەممە 2016/8/1




## گۆڤارێک بۆ ئاژەڵ و سروشتی کوردستان

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

سابر دڕی، فۆتۆگرافەری گەنج، یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە وێنەی سروشت و ئاژەڵی کێویی کوردستان بەنێوی (Focus zone) بە زمانی ئینگلیزی و کوردی بڵاودەکاتەوە. سابر دڕی بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا گۆڤارێک لە کوردستان نەبووە تایبەت بێت بە سروشت و ئاژەڵی کێوی، ئەم گۆڤارە بە تیراژی 5000 دانە بە باشترین کواڵیتی لە دەرەوەی کوردستان چاپ کراوە".

گوتیشی: "ئەم گۆڤارە هەر شەش مانگ جارێک بڵاودەبێتەوە، وێنەی ئاژەڵە کێوییەکانی کوردستان و جەنگەڵستانەکانی هیندستان و ئێران بڵاودەکەینەوە، سەرجەم وێنەکانیش بە کامێرای خۆم گیراون". بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەم گۆڤارە لە بازاڕەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبکرێتەوە.

# سلێمانی بە حەیران بەرەنگاری قەیران دەبێتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

نەریمان عەلی زۆربەی ڕۆژانی چوارشەممە بە جۆش و خرۆشەوە سەردانی کافتریای زەردەشت دەکات بۆ گوێگرتن لە ئاهەنگەکان. ئەو گەنجە کە تەمەنی 25 ساڵە و ڕۆژانە سەرقاڵی کارکردنە، دەڵێت ئاهەنگە خۆڕاییەکانی ئەو کافتریایە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی خەڵک دەروونی خۆیان لەوێ ئاسوودە بکەن و کەمێک لە دەنگوباسی قەیرانی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان دووربکەونەوە و لەوێ خەمەکانیان بەبا بدەن.

کافتریای کولتووری زەردەشتی دەکەوێتە پشت شەقامی پیرەمێردی شاری سلێمانی و خوار گەڕەکی مەڵکەندی کە گەڕەکێکی دێرینی شارەکەیە. کافتریاکە لەلایەن بارزانی قادری خەڵووز، ئەکتەری کۆمیدی و موزیسیان جەزا کەریم ناسراو بە جەزای ساز خاوەندارێتی دەکرێت. جەزای ساز هاوکات سەرۆکی کۆمەڵەی هونەری میللی کوردستانیشە کە چەند ساڵێکە کار دەکەن، بەڵام ماوەی حەوت ساڵە بە فەرمی مۆڵەتیان وەرگرتووە.

کوردستان ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە بەسەختترین قۆناغیدا تێدەپەڕێت، ئەویش بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و سیاسییەوە کە بوونەتە هۆکاری وەستانی سەرجەم چالاکییە هونەرییەکان و تەنانەت هونەرمەندانیش ناتوانن بەرهەمی هونەری بڵاوبکەنەوە.

کۆمەڵەی هونەری میللی ماوەی نزیکەی سێ ساڵە، هەموو ڕۆژانی چوارشەممە بەشێوەیەکی خۆبەخش لەو کافتریایە ئاهەنگ بۆ هونەرمەندێک ساز دەکەن. جەزای ساز بە (ڕووداو)ی گوت "پێش شەڕی داعش کاتێک پارە هەبوو، زۆر چالاکی دەکران، بەڵام لەو ڕۆژەوەی کوردستان ڕووبەڕووی شەڕی داعش بووەتەوە، هەستمان کرد وەکو چۆن مەترسی لەسەر خاک و جوگرافیای کوردستان هەیە، بەهەمانشێوە مەترسی لەسەر هونەری کوردیش دروست بووە".

"بە حەیران بەرەنگاری قەیران دەبینەوە" یەکێک لە دروشمەکانی کۆمەڵەی هونەری میللییە، جەزای ساز گوتی "بڕیارمان دا ڕۆژانی چوارشەممە بۆ ماوەی دوو کاژێر چالاکیی هونەری بەشێوەی خۆبەخشانە بکەین بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی دێن دڵخۆش بن و تا لەتواناشماندا بێت بەردەوام دەبین".

بە گوتەی جەزا، تاوەکو ئێستا نزیکەی 95%ی هونەرمەندان بە نێودارەکانیشەوە، خۆبەخشانە بەشداری ئاهەنگەکانیان کردوون و گوتی "بەڵام هەندێجار هونەرمەندیش هەبووە گوتوویەتی بۆچی بێ بەرامبەر بەشداری ئاهەنگەکانتان بکەین؟".

کافتریای زەردەشت شوێنی نزیکەی 70- 80 کەسی تێدا دەبێتەوە و ڕۆژێک پێش ئاهەنگەکان ناوی هونەرمەندی بەشداربوو ئاشکرا دەکرێت، جگە لەوەش لە کاتی ئاهەنگەکاندا ئەو کەسانەی ڕووی تێدەکەن جگە لەوەی بە خۆڕایی دەڕۆنە ئاهەنگەکە، پارەی خواردنەوەکانیشیان لێ وەرناگیرێت.

جەزا گوتی "هەرچەندە ئێمە کافتریاکەمان دوو ئەستێرەیە، بەڵام لە کاتی ئاهەنگەکەدا هیچ پارەیەک بۆ خواردنەوەکان لە کەس وەرناگرین و لە ئەستۆی خۆمانە، تەنیا لەبەرئەوەی بتوانن چێژێک وەربگرن، تێچووی ئاهەنگەکانیش ئەوەندە نییە کە لێرە باسی بکەین".

جگە لە کافتریای زەردەشت، ئەو کۆمەڵەیە ماوەی ساڵێکە هەموو شەوانی شەممە ئاهەنگێک لە مۆزەخانەی کولتووریی هوتێل فەرەح ساز دەکات و ئەو ئاهەنگەش هەر بێ بەرامبەرە.

جەزای ساز دەڵێت "سازکردنی ئاهەنگ لەو مۆزەخانەیەش دووبارە خۆبەخشانەیە، زۆرتر خێزان بەشداری دەکەن، تێچووی ئاهەنگەکانیش کە زۆرتر خواردنەوەکانن، لەلایەن بەڕێزێکەوە دابین دەکرێ". گوتیشی "جاروبار ئەو جۆرە چالاکیانە دەبەینە چایخانەی شەعب و شوێنەکانی دیکەش".

هونەرمەند میدیا حوسێن کە تا ئێستا چەند جارێک بەبێ بەرامبەر بەشداری لە ئاهەنگەکانی کافتریای زەردەشت و مۆزەخانەی هوتێل فەرەحدا کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "سازکردنی ئاهەنگەکان لەم قەیرانەدا لەلایەن ئەو موزیسیانانە و بە ئامێری خۆیان دەیسەلمێنێت کە هونەرمەندی ڕاستەقینە هەر ماون. هەر جارێکیش داوام لێکرابێ، بەبێ بەرامبەر بەشداریم لە ئاهەنگەکانیاندا کردووە، بۆ ئەوەی لەم قەیرانی داراییەدا خەڵک کەمێک دڵی خۆش بێت".

هەڵۆ غەریبی موزیسیان کە بەشداری لە ئاهەنگەکان دەکات و چالاکییەکیش بۆ خۆی کراوە، گوتی "ئەو ئاهەنگانە کارێکی کولتوورییە و بەلامانەوە گرنگ نییە لەڕووی ماددییەوە سوودمەند بین یان نا، بەڵکو گرنگ دڵخۆشکردنی خەڵکە و بێگومان لەگەڵیاندا بەردەوام دەبم".

کۆمەڵەی هونەری میللی لە کاتی ئاهەنگەکاندا خەڵاتی ڕێزلێنانیش دەبەخشنە کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی. موزیسیانی بە ئەزموون ئەنوەر قەرەداغی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ لە ئاهەنگێکدا لە مۆزەخانەی فەرەح خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشرا.

ئەنوەر قەرەداغی گوتی "ئەو ئاهەنگانە سەردەمی زووم بیر دەخاتەوە کاتێک لە ماڵاندا ئەو کارانەمان دەکرد، ڕێزلێنانەکانیش یادەوەری رابردوومان بیر دەخاتەوە و پێمان دەڵێت ئەگەر بتوانین ژیان بۆ خۆمان دروست بکەین و دەتوانین بیکەین، بەڕاستی کارێکی جوان دەکەین".

چەند ساڵێکە ناسناوی پایتەختی ڕۆشنبیری بە شاری سلێمانی بەخشراوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرا کارەکانی جێبەجێ بکرێن، جەزا گوتی "مەبەستێکی دیکەی ئەو کارانەمان ئەوەیە کە بڵێین لە پایتەختی ڕۆشنبیرین و ناکرێت بێ چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری بین".


بابەکر دڕەیی، بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەریی سلێمانی کە چەند جارێک بەشداری لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی هونەری میللی کردووە بە (ڕووداو)ی گوت "سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیرییە و لە هەر شوێنێک ئاهەنگ ساز بکرێت مایەی زیندوویێتی شارەکەیە، مانای ئەوەیە ئەو هونەرمەندانە تەسلیمی قەیران نەبوون".

دڕەیی گوتیشی "کاتێک خەڵاتی ڕێزلێنانیش دەبەخشنە کەسایەتییەکان، دەیسەلمێنێت لە سلێمانی ژیان هەمووی نەبووەتە سیاسەت، بەڵکو کاری هونەریش بەردەوامە".



لە کافتریای زەردەشتیان بە خۆڕایی ئاو و چا بخۆرەوە و گوێ لە حەیران بگرە

# هۆڵەندییەک شەڕ بۆ مانەوەی شێوەزارێکی کوردی دەکات



**ئالان جوان**
**ڕووداو- ئیستانبوڵ**

کچێکی هۆڵەندی کە فێری موزیک و گۆرانیی زازاکی بووە، بەدوای ئەو ئاوازە کوردییەوە ڕێگەیەکی درێژی گرتووەتەبەر. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو کچە هۆڵەندییە پاراستنی شێوەزاری زازاکییە لە لەنێوچوون.

نادیا فیسرای، لە چوارچێوەی پرۆژەی "نەوەکانی میوزک" بۆ یەکەمجار لە دەرسیم ئاشنای گۆرانییەکانی شێوەزاری کوردیی زازاکی بوو، بەڵام دواتر کە گەڕایەوە وڵاتەکەی، زازاکی و گۆرانییەکانی فەرامۆش نەکردن و هێشتاش دەیەوێ زیاتر فێری زازاکی ببێت و گۆرانییەکانی خۆی بە زازاکی و کورمانجی بڵێت.

نادیا فیسرای لە منداڵییەوە پەیوەندیی خۆی بە موزیکەوە پاراستووە و فێربوونی گۆرانی و زمانی زازاکیش بۆ ئەو بووەتە دەلاقەیەکی نوێ.

نادیا باسی ئاشنابوونی خۆی بە گۆرانی و میوزیک بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت "لەوەتەی بەبیرم دێ حەزم لە موزیکە و گۆرانی دەڵێم، هەمیشە هەوڵ دەدەم لەم بوارەدا خۆم پێشبخەم".

نادیا ئاشنایەتی لەگەڵ میوزیکی کوردی هەیە، بە تایبەتی میوزیکی باکووری کوردستان، لەوێش گۆرانی و میوزیکی زازاکی. ئەو کچە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر بۆ پرۆژەیەک بە نێوی "نەوەکانی میوزیک" سەردانی شاری دێرسیمی باکووری کوردستانی کردووە.

نادیا دەڵێت "من و نزیکەی 25 هۆڵەندی سەردانی دێرسیممان کرد. ئامانجیشمان ئاشنایەتی بوو لەگەڵ کولتوور و گۆرانییەکانی ئەوان، لەوێ وانەمان لەلای ئەحمەد ئەسلان و مەتین قارەمان دەخوێند، ئەمەش بووە هۆکاری ئیلهامێکی مەزن بۆ من. دوای ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا کۆنسێرتێکمان پێشکەش کرد".

ئەو سەردانە بۆ دێرسیم دەبێتە دەروازەیەک بۆ نادیا و زیاتر پەرە بەخۆی دەدات و هەوڵ دەدات خۆی فێری شێوەزاری کوردیی زازاکی بکات. نادیا دەڵێت "درێژەم بە گۆرانیگوتنی زازاکی دا. دوایی هەندێک لە بینەران بە سەرسامییەوە دەیانگوت: سوپاس بۆ تۆ کە گۆرانی بە زمانی دایکی من دەڵێی، ئەمە هەستێکی زۆر خۆشە کە ناتوانم بە وشە دەریبڕم".

نادیا فیسرای لەپاڵ فێربوونی موزیک و کولتووری زازاکی، دەیەوێ شارەزای مێژووی کوردیش بێت، لەوبارەوە دەڵێت: "بۆ ئەوەی زانیاری لە بارەی زازاکی و هونەرەکەی وەربگرم، لێکۆڵینەوەم کرد و تێگەیشتم کە مێژووی دێرسیم، هەڵبەتە نەک تەنیا دێرسیم، پڕ لە ئازار و ژانە، ئەمەش کاریگەریی کردووەتە سەر دەنگ و شێوازی گۆرانییەکانی. بۆ فێربوونی کولتووری ئەوێش خەڵکی ئەو شوێنە زۆر هاوکارم بوون".

سەبارەت بە بەردەوامبوونی لەسەر گۆرانیی زازاکی، نادیا دەڵێت "ئەگەر خەڵکەکە بەوە دڵخۆش بن کە بەو زمانە گۆرانی دەڵێم، پێویستە بەردەوام بم، شتێکی زۆر خۆشە".

نەوەک هەر کورد، تەنانەت بیانییەکانیش ناتوانن سەرسامیی سەر ڕوخساری خۆیان بە گۆرانییەکانی نادیا کە بە کرمانجی و زازاکی دەیلێت، بشارنەوە.

نادیا دەڵێت "زۆر کەس سەرسام دەبن، کاتێک خۆم بە خەڵکانێک دەناسێنم، کاتێک دەڵێن چ کارێک دەکەیت؟ دەڵێم خوێندکار و سترانبێژم. دەڵێن واو چ گۆرانییەک؟ دەڵێم گوتنی ئەمە زەحمەتە، بەڵام من بە کوردی، بە زازاکی گۆرانی دەڵێم، دەڵێن وای تۆ کوردی؟ دەڵێم نەخێر من هۆڵەندیم، بەڵام بە زازاکی گۆرانی دەڵێم".

نادیا دەیەوێ لەڕێگەی گۆرانیگوتنەوە شێوەزاری زازاکی لە لەنێوچوون بپارێزێ. ئەو دەڵێت "زازاکی لەبەردەم مەترسیی لەنێوچووندایە، بەهۆی ئەو سیاسەتەی کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە من دەمەوێ هاوکار بم لە بەردەوامبوونی ئەو شێوەزارەی زمانی کوردی و گۆرانییەکانی. بۆ من زۆر گرنگە خەڵک فێرە ئەو زمانە ببێت و قسەی پێبکەن. چونکە وەک تێبینیم کرد زۆر گەنج کە لە تەمەنی منداڵن، نازانن بەو شێوەزارە قسە بکەن. ئەمە شتێکی باش نییە. پێویستە خاوەندارێتی لە زمانی خۆمان بکەین. چونکە هیچ زمانێک لە زمانی دایکیمان جوانتر نییە".


Life
UB HOLDING
Life
0.5 L
NATURAL SPRING WATER
NATURAL SPRING WATER
UB
UB HOLDING


Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
Carrefour
hi!
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC Waikiki
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484



## پۆلیس هۆشداری دەداتە ژنانی سلێمانی

**رووداو- سلێمانی**

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی داوا لە ژنان دەکەن کاتێک دەچنە نێو بازاڕ، پارە و زێڕ نەخەنە نێو جانتاکانیانەوە، لەبەرئەوەی کەسانێک هەن بەناوی سوواڵکردنەوە لەشوێنە قەرەباڵغییەکاندا جانتای ژنان دەبڕن بێ ئەوەی کەسەکە هەستی پێبکات و گوتی "بڕینی جانتای ئافرەتان لە نێو بازاڕدا تازە پەیدا بووە و کەمترین کەسیش سکاڵایان تۆمارکردووە، بۆیە ئامارمان نییە". بەگوتەی ناوبراو، پۆلیس بەردوامە لە گەڕان بەدوای ئەو کەسانە بۆ ئەوەی دەستگیریان بکات، بەڵام داوای لە ژنایش کرد هەر کاتێک ڕووبەڕووی حاڵەتی لەو جۆرە بوونەوە، سکاڵا تۆماربکەن.

# کچێک کارگەیەکی ئامادەکردنی جلوبەرگی سەربازی دادەنێت



زریبار موختار (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بۆ یەکەمجار لە کوردستان کچێک بە هاوکاریی خێزانەکەی کارگەیەکی ئامادەکردنی جلوبەرگی سەربازی دادەنێ و دەیەوێ ڕکابەری بەرهەمەکانی دەرەوەش بکات.

زریبار موختار، 23 ساڵ و ناسراو بە زریبار هەورامی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لەدایک بووە و تا شەشی ئامادەیی خوێندووە. زریبار کە پێشتر بێژەری تەلەفزیۆن بووە، لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە میدیا دوورکەوتەوە و ئێستا سەرقاڵی بزنسە.

زریبار هەورامی بە پاڵپشتی خێزانەکەی کارگەیەکی لە ژێر زەمینی باڵەخانەیەک لە شاری سلێمانی داناوە و ڕۆژی شەممەی ڕابردووش یەکەم ڕۆژی کارکردنی کارگەکە بوو. لەنێو کارگەکەدا ژمارەیەک ئامێری نوێی دروووین و جلی ئامادەکراوی سەربازی وەکو نموونە دانراون.

زریبار بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، دوای وازهێنانی لە کاری ڕاگەیاندن، لەگەڵ خێزانەکەی بیریان لە دروستکردنی ئەو کارگەیە کردووەتەوە و گوتی "وەکو سەرەتا پێنج کرێکار کارم بۆ دەکەن، بەڵام دەبێت نزیکەی 20 کرێکاری دیکەش لە هەردوو ڕەگەز بۆ کارگەکە پەیدا بکەم".

ساڵانێکی زۆرە لە هەرێمی کوردستان کچانیش کاری هاوشێوەی پیاوان دەکەن، بەڵام دانانی کارگەی ئامادەکردنی جلوبەرگی سەربازی لەلایەن ئافرەتانەوە یەکەمجارە دەکرێت. هەورامی گوتی "ڕاستە ئەو پیشەیە بۆ ئافرەت جیاوازە، بەڵام ویستم بیسەلمێنم کە کچیش دەتوانێت ئەو کارە بکات، پاشان بۆچی سەرمایەدارێکی بیانی لە وڵاتەکەماندا ئەو کارە بکات، بۆیە ئەو کارەم هەڵبژارد تا بتوانم هەلی کار بۆ گەنجانیش دەستەبەر بکەم، وەکو خۆیشم پێشتر حەزم دەکرد لە بواری سەربازیدا کار بکەم".

زریبار لەم کاتەدا ئامادە نەبوو سەرمایەی پرۆژەکەی ئاشکرا بکات، بەڵام گوتی "ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشتووە و نیوەی سەرمایەی کارگەکەم پێ دابین کردووە، ئێستا ڕۆژانە بە تاکسی هاتوچۆ دەکەم، باوک و براکەشم هاوکارییان کردووم، دەنگۆیەک بڵاوبووەتەوە کە گوایە خەڵکانی دیکە هاوکارییان کردووم، بەڵام ئەوە دوورە لەڕاستی".

موختار عەبدوڵڵا، باوکی زریبار کە لەگەڵ کچەکەی لەنێو کارگەکەدا بوو بە (رووداو)ی گوت، کچەکەی هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە حەزی لە ئیشی سەربەخۆ بووە و گوتی "زریبار دەیویست وەکو پیاوان ئیشی دەرەوە بکات، ئێمەش زۆر متمانەمان پێی بوو، کاتێکیش بیرۆکەکەی باسکرد بەلامانەوە باش بوو، بۆیە هاوکاریمان کرد".

جگە لە هێزە ئەمنییەکانی وەکو پۆلیس و ئاسایش، ژمارەیەکی زۆریش پێشمەرگە هەن کە جلوبەرگ و پێداویستیی سەرجەمیان لە دەرەوە هاوردە دەکرێ.

زریبار گوتی "بێگومان لەم کاتەدا برا پێشمەرگەکانمان پێویستیان بەو جلانەیە، بەڵام کاتی تەواوبوونی شەڕیش، ئەم جلانە هەموو کات دەفرۆشرێ، لەبەرئەوەی دەزگای ئەمنیی دیکەمان هەن بەردەوام پێویستیان پێی دەبێت".

سەبارەت بە ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیشی، زریبار گوتی "لەم مانگەوە بەرهەممان دەبێت، بۆ ساغکردنەوەشیان قسە لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان و بازرگان و فرۆشیارەکان دەکەین، مەبەستیشمانە ڕکابەری بەرهەمەکانی دەرەوە بکەین".

فرۆشیارانی جلی سەربازی لە شاری سلێمانی تائێستا دامەزراندنی ئەو کارگەیەیان نەبیستووە. سدیق سەعید کە 23 ساڵە دوکانی ئەو جلانەی هەیە، بە (رووداو)ی گوت "ئێمە جلەکانمان لە چینەوە، بەپێی ڕێنماییەکانی ئاسایش بۆ دێت، یاخود قوماشی چینی دێننە سلێمانی و لەلایەن بەرگدرووەکانەوە دەیدروون، هەندێجاریش دەزگا ئەمنییەکان و وەزارەتی پێشمەرگە بە تەندەر داوای جلی سەربازی دەکەن".

بە گوتەی سدیق، فرۆشتنی جلی سەربازی بەپێی ڕۆژگارە و ئێستاش بەهۆی قەیرانەوە بەراورد بە جاران هەرزانترە و گوتی "پێشتر جلمان بە 120 هەزار دینار فرۆشتووە، بەڵام ئێستا لە 18 تاوەکو 20 هەزارە. ئەگەر لەلای بەرگدرووەکانیش بیدوورین، ئەوا قاتێک بە 50 هەزار دینار دەفرۆشین، هەموو کارەکانیشمان بەپێی ڕێنمایی ئاسایش دەکەین".

بەبۆچوونی ئەو دوکاندارە، ئەو کۆمپانیایە دەتوانێت ململانێی دەرەوە بکات بەو مەرجەی نرخەکانی گونجاو بن و لەڕووی کواڵیتی و دیزاینەوە جلەکانی شیاو بن. سدیق گوتی "هیواداریـن کارگەیەکی وا هەبێت بۆ ئەوەی ئێمەش جل لە دەرەوە نەهێنین".

# یوئێن ژنانی هەڕەشەلێکراو لە شەڵتەرەکان دەگوازێتەوە



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئاژانسێکی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دوو پرۆژە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە کوردستان جێبەجێ دەکات، یەکێکیان تایبەتە بە ئافرەتانی ڕزگاربووی دەستی داعش، ئەوەی دیکەشیان تایبەتە بەو ژنە هەڕەشەلێکراوانەی لە شەڵتەرەکانن.

هەردوو پرۆژەکە لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە و ماوەی پرۆژەکانیش دوو ساڵ و شەش مانگ دەخایەنێ. پرۆژەی یەکەمیان تایبەتە بە گواستنەوەی ژنانی نێو شەڵتەرەکان لە هەرێمی کوردستان. پرۆژەی دووەمیشیان تایبەتە بەو ئافرەتانەی پێشتر کەوتوونەتە دەستی داعش و ڕزگار کراون، ئەو ئافرەتانە سەرەتا هۆشیار دەکرێنەوە، پاشان هەلی کاریان بۆ دابین دەکرێ.

لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا چەند شەڵتەرێک هەن بۆ پاراستنی ئەو ژنانەی لەلایەن کەسوکاریانەوە هەڕەشەیان لەسەرە، شەڵتەرەکان سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین و ئەرکی گواستنەوەی ژنەکانیش لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانە، بەڵام ئەو قەیرانە داراییەی زیاتر لە دوو ساڵە ڕووبەڕووی کوردستان بووەتەوە، کاریگەری لەسەر گواستنەوەی ئەو ژنانەش جێهێشتووە.

ئاری ڕەفیق، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و سەرپەرشتیاری ئەو پرۆژانە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، پرۆژەکەیان لەگەڵ ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی ژنانە و بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێت "قۆناغی یەکەم لە شەش مانگی نیوەی دووەمی ئەمساڵەوە دەست پێدەکات کە هاوکاری ماددییە بۆ گواستنەوەی ئەو ژنانەی لە شەڵتەرەکان لەنێوان شارەکاندا دەگوازرێنەوە، چونکە حاڵەتەکان زۆرن و ئەوەش پێویستی بە بودجەیە، لەم قەیرانەشدا حکومەت ناتوانێت وەکو پێویست هاوکاریمان بکات".

ئاری گوتی "هەر ژنێک لە هەر شارێکدا هەڕەشەی لەسەربێت بۆ شەڵتەری شارێکی دیکە بە ئۆتۆمبێلی حکومی دەگوازرێتەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە بودجەکەمان بەشێوەیەک کەمکراوەتەوە کە توانای دابینکردنی بەنزینیشمان نییە، بۆیە ئێستا یوئێن هاوکاریمان دەکات".

بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان شەش بەڕێوەبەرایەتی و 29 نووسینگە و 22 مۆبایل تیمی هەیە کە تیمەکان بەشێوەی گەڕۆک لەنێو کەمپەکاندا کار دەکەن، ئەوە جگە لە سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزان لە هەندێک لە بەڕێوەبەرایەتیدا.

ئاری ڕەفیق بڕی ئەو پارەیەی ئاشکرا کرد کە لەو شەش مانگەدا بۆ ئەو مەبەستانە خەرج دەکرێن و گوتی "50 هەزار دۆلار بۆ شەش مانگی ئەمساڵ تەرخان کراوە، پارەکە زۆر کەمە، چونکە دەبێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگە و تیمە گەڕۆکەکان خەرجی بکەین".

بەهۆی دروستبوونی شەڕی داعش و داگیرکردنی چەندین ناوچە لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق لە نیوەڕاستی ساڵی 2014ەوە، بە سەدان هەزار ژن و کچ کەوتنە بندەستی ئەو ڕێکخراوە کە زۆرینەیان کوردی ئێزدی بوون و بەرەوڕووی توندوتیژی بوونەوە.

ئاری ڕەفیق گوتی قۆناغی دووەم و سێیەمی پرۆژەکە تایبەتە بەو ژنانە و لە ساڵانی 2017 و 2018 جێبەجێ دەکرێ. ئاری گوتی "ئەو دوو قۆناغەش لە نێو کەمپەکاندا جێبەجێ دەکرێن، قۆناغێکیان پێشکەشکردنی یارمەتی دەروونی و تەندروستی و یاسایی و کۆمەڵایەتییە بۆ ئەو ژنانە".

سەبارەت بە قۆناغی سێیەمیش، ئاری گوتی دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ ئەو ژنانە بۆ ئەوەی ئەو گوشارە دەروونییەی لەسەریان دروستبووە کەم بکرێتەوە، بەڵام لە ساڵی داهاتووەوە پرۆپۆزەڵ بۆ دوو قۆناغەکەی دوایی پێشکەشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن.

بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە، چیرۆکی زۆر لەبارەی سەختیی ئەو کاتانە دەگێڕنەوە کە لای داعش بوون و ئەستەمە لەبیری بکەن، ئاری دەڵێت "ئەو پرۆژانەی بۆیان دەکرێت هەنگاون بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ژیانیان، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت، دەتوانن سوودی لێوەربگرن".

ئەو پرۆژەیەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژنانی کوردی ئێزدی لە کاتێکدایە کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵیشدا پرۆتۆکۆڵێکی دیکە لەنێوان کونسوڵگەری گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان ڕاگەیەندرا و لەمەودوا بەپێی ئەو پرۆتۆکۆڵە مامەڵە لەگەڵ ژنان و کچانی ڕزگاربووی ململانێ چەکدارییەکان دەکرێت، بەتایبەتیش ژنان و کچانی ڕزگاربووی دەستی داعش.

بەپێی پرۆتۆکۆلەکە، کونسوڵگەری گشتی بەریتانیا هاوکاری ئەنجوومەنی باڵای خانمان دەکەن تا بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ژنان و کچانی ڕزگاربووی دەستی داعش بکەن، هەروەها لەڕووەکانی یاسایی و دەروونی و پزیشکییەوە ڕاهێنانەوەیان پێبکەن و پاشان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دۆسیەکەیان بە جینۆساید بناسێنرێ.

# دایکی سێ منداڵ خۆی دەسووتێنێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- عەربەت**

دایکی سێ منداڵ لەنێو حەوشەی ماڵی خۆیاندا ئاگری لە جەستەی بەردا و لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/7/20 گەلاوێژ شەریف، تەمەن 37 ساڵ کە دایکی سێ کچە و دانیشتووی ناحیەی عەربەتی نزیک شاری سلێمانی بوو، لە نێو حەوشەی ماڵەکەیاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەیەوە ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسیی سلێمانی گیانی دەرچوو.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیس، ئەو ژنە خۆی سووتاندووە و بە گوتەی کەسوکاریشی نەخۆشیی دەروونی هەبووە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

لەعلی ساڵح، دایکی گەلاوێژ کە بە خەمبارییەوە قسەی بۆ (رووداو) دەکرد، گوتی "گەلاوێژ نۆ ساڵ لەمەوبەر دوای لەدایکبوونی کچی دووەمی، بەهۆی منداڵبوونەوە تووشی بوورانەوە دەبوو، لەو کاتەوە بەردەوام دەمانبردە لای پزیشک و شێخ و دەرمانی بەکاردەهێنا".

بەگوتەی دایکی، ساڵی جارێک ئەو نەخۆشییەی لێ هەڵدەدایەوە "ساڵانە یەک مانگ تووشی نەخۆشییەکە دەبووەوە و ئەو کاتانەش دەیگوت سەرم قورس دەبێت و جووڵەی نەدەما و دەبووڕایەوە، هەر لەو ماوەیەدا کە وای لێدەهات جاری وا هەبوو سێ چوار ڕۆژ نەدەبووڕایەوە، بەڵام ڕۆژی واش هەبوو لە بەیانییەوە تاوەکو ئێوارە دەبووڕایەوە، ساڵی ڕابردووش لە مانگی نیساندا وای لێهات".

دایکی دەڵێت ئەمساڵیش جارێکی دیکە لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزاندا تووشی بوورانەوە بووە.

بە قسەی دایکی، لەو ماوەیەی ئەمساڵدا کە نەخۆشییەکەی بۆ گەڕاوەتەوە ڕۆژانە لە بەیانی تا ئێوارە چووەتە لای کچەکەی تا ئەو کاتەی مێردەکەی گەڕاوەتەوە و گوتی "ڕۆژی پێش ڕووداوەکە نەچووم، بەڵام ئێوارەکەی پەیوەندیم پێوە کرد گوتی باشم و خەریکی خواردنم".

لەعلی دەڵێت سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/7/22 خۆی و کوڕەکەی لە ماڵەوە دانیشتبوون، مێردی گەلاوێژ پەیوەندی پێوەکردوون و لە خۆسووتاندنی گەلاوێژ ئاگاداری کردوونەتەوە.

لەعلی گوتی "زاواکەم لە دەوام بوو لە سلێمانی، تەلەفۆنی کرد و گوتی دەڵێن گەلاوێژ خۆی سووتاندووە، کاتێک چوومە ماڵیان هاوسێکان گوتیان لە حەوشە خۆی سووتاندووە و بە ئاگرەوە ڕایکردووەتە دەرەوە و پیاوێک بە ئاگرکوژێنەوەی ئۆتۆمبیل کوژاندوویەتیەوە دواتر ڕەوانەی سلێمانییان کردووە".

دایکی گەلاوێژ لە نەخۆشخانە کچەکەی بینیوە و قسەی لەگەڵ کردووە و گوتی "کە بینیم هەموو گیانی سووتابوو، پزیشکەکە پێیگوت بۆچی وات لەخۆت کردووە، گوتی لە ڕقی کەس وام نەکردووە، چام بۆ منداڵەکانم لێناوە و ئاگام لە خۆم نەبووە".

خانەوادەی گەلاوێژ سکاڵایان لەدژی کەس تۆمار نەکردووە، دایکی گوتی "نەخۆشی و خۆسووتاندنەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە مێردەکەیەوە نییە و کێشەشی لەگەڵیدا نەبوو، بۆیە سکاڵامان تۆمار نەکرد، ئەوە یەکەمجاریش بوو هەوڵی خۆکوشتن بدات".

لە مانگی تەمووزدا ئەوە دووەمین حاڵەتی خۆسووتاندنی ئافرەتە لە ناحیەی عەربەت، پاشنیوەڕۆی 2016/7/12یش دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلەکانی دوانزەی ئامادەیی و نۆی بنەڕەتی، کچە خوێندکارێکی تەمەن 19 ساڵ بەهۆی کەمیی نمرەکانییەوە لە ماڵی خۆیاندا ئاگری لە جەستەی بەردا و دوای چەند کاژێرێک لە نەخۆشخانە، گیانی دەرچوو.

## لە هەولێر عەرەبێک خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، خۆخنکاندنی هاووڵاتییەکی عەرەبی لە شاری هەولێر ڕاگەیاند. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە کاژێر دووی نیوەڕۆی ڕۆژی 2016/7/13 پۆلیس لە ڕووداوی خنکان لە گەڕەکی برایەتی ئاگادارکراونەتەوە. دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شـوێنی ڕووداوەکە، دەرکەوت هاووڵاتییەکی بەڕەگەز عەرەب بەنێوی (م.ر) تەمەن 53 سـاڵ، بەپەتێک خۆی خنکاندووە. ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەوەکردووە "پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە و دەرکەوتووە ئەو هاووڵاتییە نەخۆشیی دەروونی هەیە".



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (418) - دووشەممە 2016/8/1

# خاوەنی کۆمپانیایەک خۆی دەکوژێت



پۆلیس: بەهۆی قەرزدارییەوە خۆی کوشتووە

گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەران:

## بەڵێندەر هەیە بەهۆی قەرزدارییەوە ژنیان لێ سەندووەتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

خاوەنــی کۆمپانیایەکی گەشــتیاری لەنێو شــوقەکەی خۆیدا بە گوللەیــەک کۆتایی بە ژیانــی خــۆی هێنــا، پۆلیس دەڵــێ بەهۆی قەرزدارییــەوە خۆی کوشــتووە و گوتەبێژی یەکێتیــی وەبەرهێنانیــش دەڵێــت قەیرانــی دارایــی کێشــەی کۆمەڵایەتیــی زۆری بــۆ وەبەرهێنەران ناوەتەوە.

ئــەم ڕووداوە کاژێــر 11ی شــەوی 2016/7/22 لە گەڕەکی ئیســکانی شــاری هەولێر ڕوویدا. (سەردار.ح)، تەمەن 50 ساڵ و دانیشتووی گەڕەکی زانیاریی شاری هەولێر کــە خاوەنی کۆمپانیایەکی گەشــتیاری بوو، لەنێو شوقەکەی خۆیدا بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕائیــد هۆگــر عەزیــز، گوتەبێــژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســی پارێــزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس بۆ ئەو ڕووداوە، دەرکەوتووە خاوەنی ئــەو کۆمپانیایە نزیکــەی 250 تاوەکو 300 هــەزار دۆلار قەرزدار بووە، خاوەن قەرزەکان داوای پارەکانیان کردووەتەوە و ئەویش لەنێو شوقەکەی خۆیدا کە بەتەنیا بووە، دەروونی داڕماوە و خۆی کوشتووە".

چەند ڕۆژێــک دوای ڕووداوەکە، (ڕووداو) هەوڵی دا ڕای کەسوکاری سەردار وەربگرێت، بەڵام برایەکی تەنیا ئەوەندەی گوت "ئێســتا لە پرسەداین و ناتوانین قسە بکەین".

هەرچەندە پۆلیس دەڵێن ئەو کەسە بەهۆی قەرزدارییەوە خۆی کوشتووە، بەڵام بەشێک لە دانیشــتووانی ئەو گەڕەکە زانیارییەکەیان بەلاوە سـەیرە، سـەرچاوەیەک لـەو گەڕەکە کە سـەرداری ناسـیوە، بە (ڕووداو)ی گوت "سـەردار پێشـتر دەهاتە لامـان و دەیگوت کۆمپانیای گەشـتیاریم هەیە، لە نزیکیشەوە دەمناســی و کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو".

ئـەو سـەرچاوەیە پێی سـەیرە سـەردار بەهۆی قەرزدارییەوە خۆی کوشتبێت و گوتی "بنەماڵەیەکـی زۆر دەوڵەمەنـدن، چوومەتە پرسەکەیەوە و لەگەڵ کەسانی نزیکی قسەم کردووە، گوتیان نەمانزانیوە قەرزدار بووبێ، چونکە ئەگەر ئەوە پارە زۆرە قەرزدار بووبێ، کەسێک سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرد".

بەپێـی ئامـاری یەکێتـی وەبەرهێنەرانی کوردسـتان کە دراوەتـە (ڕووداو)، لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە تاوەکو ئێستا سـێ بـازرگان خۆیـان کوشـتووە و دووی دیکەش هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.

یاسـین مەحمـوود، گوتەبێـژی یەکێتـی وەبەرهێنـان بـە (ڕووداو)ی گـوت "بەهۆی قەیرانـی داراییـەوە وەبەرهێنـەر هەیـە مۆبایلەکـەی داخسـتووە، زۆر کۆمپانیـا مایەپـووچ بـوون و لەبـەر ئابـڕووی خۆیان کوردستانیان جێهێشتووە".

گوتەبێژەکـەی یەکێتـی وەبەرهێنـەران بەلایەوە سـەیرە تەنیا هەواڵی خۆکوشـتنی بازرگانێک لە میدیاکاندا بڵاودەبێتەوە و گوتی "بەهـۆی ئەو قەیران و قەرزدارییەوە چەندین کێشـەی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی وەبەرهێنەر و بازرگانـان بوونەتەوە، بازرگان هەیە ژنیان لێ سـەندووەتەوە، یان خانـوو و ئۆتۆمبێل و مۆبایلیـان لێ سـەندووە و موڵکیان داگیر کـردووە، دۆخەکـە وای لێهاتـووە نەک هەر بەڵێنـدەر خـۆی دەکوژێت، بەڵکـو کەرتی تایبەتیش کوژراوە".

# "ڕۆژانە سێ پیاو لە کوردستان دەکوژرێن"



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

سکرتێری یەکێتیی پیاوانی کوردستان دەڵێت لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردسـتان و ئیدارەی گەرمیان ڕۆژانە نزیکەی سێ پیاو کوژراون، جگە لـەوەش حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان زیادیان کردووە.

بەپێـی ئامارەکانی ئەو ڕێکخراوە کە دراونەتە (ڕووداو)، لـە شـەش مانگی یەکەمی ئەمسـاڵدا 329 سـکاڵای پەیوەندیدار بە توندوتیژی لەلایەن پیاوانـەوە تۆمارکراون، بـەڵام لە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 187 سکاڵا تۆمارکرابوون.

بورهان عەلی، سـکرتێری یەکێتیـی پیاوانی کوردسـتان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سـکاڵاکانی پیـاوان زیاتـر دەرکردنـی پیـاوی بەتەمەنـە لە ماڵـەوە و توندوتیژییـە بەرامبەریان، پاشـانیش دەستبەرداگرتنی منداڵ لەلایەن ژنانەوە.

بورهان ئاماژەی بـە یەکێک لەو توندوتیژیانە کرد کە ژنێک بەرامبـەر هاوژینەکەی کردوویەتی و گوتی "پیاوێک هاتە لامان سـکاڵای لە ژنەکەی هەبـوو، ژنەکەی داوای لێکردبـوو ئۆتۆمبێلی بۆ بکڕێت، ئەویش گوتبـووی پارەم نییە، ژنەکە لە تۆڵەی ئەمەدا نەیهێشـتبوو پیاوەکەی بۆ ماوەی هەشت مانگ لەگەڵی بخەوێت، پیاوەکە ناچار بوو ئۆتۆمبێلەکەی بۆ بکڕێت".

### 34 حاڵەتی خۆکوشتن

ئامارەکانـی یەکێتـی پیاوان ئامـاژەی بە 34 حاڵەتی خۆکوشـتن و خۆخنکاندن لە ئەمسـاڵدا کردووە، لە کاتێکدا لەو ماوەیەی ساڵی ڕابردوودا 24 حاڵـەت هەبووە، بەڵام بە گوتەی سـکرتێری ئەو ڕێکخراوە، ئەوان لە سـەرەتاوە بەمەبەسـتی هۆشـیارکردنەوە و داکۆکیکردنی پیاوان بەرامبەر ژنان دروسـتبوون، نەک کۆکردنەوەی ئامار، بۆیە ئاماری کوشتنی پیاوان کۆناکەنەوە، لەبەرئەوەی بەدواداچوون و تێچووی زۆری دەوێ و ئەوەش لە توانای ئەواندا نییە.

بەبۆچوونـی بورهـان عەلی، قەیرانـی دارایی و سیاسـی خەڵکیان بەرەو نائومێـدی بردووە و بەهۆی شەڕی داعشیشەوە هەڵگرتنی چەک زیادی کـردووە، ئەمانەش پێکەوە هۆکارن بۆ زیادبوونی حاڵەتەکانی خۆکوشتن و تاوان.

هەرچەندە تائێستا هیچ ئامارێکی فەرمی لەلایەن دەزگاکانی پۆلیسەوە سەبارەت بە کوشتنی پیاوان بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام پەیوەست بەو ڕووداوانەی کە ئەمسـاڵ ڕوویانداوە، کوشتنی پیاوان بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زیادیان کردووە. بەرپرسەکەی یەکێتی پیاوان دەڵێت "بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بنکەکانی پۆلیسەوە دەستمان کەوتوون، ئەمساڵ لە هەرێمی کوردسـتان ڕۆژانە نزیکەی سـێ پیاو کوژراون، کە ئەوەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە".

ئازاد جەلال، توێژەری کۆمەڵایەتی لەبارەی ئەو ئامارەوە دەڵێـت "ڕەنگە بەراورد بەو تەنگژەیەی لـە هەندێک ناوچەدا هەیە ئەو ئامارە زۆر نەبێت، بەڵام گرفتی سەرەکیمان ئەوەیە بۆ ئەو حاڵەتانە توێژینەوەمان نییە و ڕاسپاردە پێشکەش ناکرێن".

### پێنج پیاو
### بە هاوکاریی ژنان کوژراون

بەپێی ئامارەکە، لە شـەش مانگـی ڕابردوودا پێنـج پیاو لەلایەن ژنان و بەهاوکاریی کەسـانی دیکـە کوژراون، بەڵام لە شـەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا تەنیا دوو حاڵەت هەبووە.

بەپێـی ئامارەکانی یەکێتی پیاوان، ئەمسـاڵ خیانەتـی هاوژینیش زیادی کردووە. لەو شـەش مانگـەدا 53 حاڵـەت بووە، بەڵام سـاڵی ڕابردوو 35 حاڵەت بووە. بورهان گوتی "خەریکە ناپاکی هاوژینی دەبێتە دیاردە و هۆکارەکەشـی قەیرانی داراییە، چونکە بەهۆی زۆربوونی پێداویستییەکانی خێزانەوە، سـاڵانی ڕابـردوو کەلوپەلی زۆریان بە قیستی مانگانە هێناوە و بەهۆی ئەو قەیرانەشەوە نەیانتوانیوە بیدەنەوە و هەندێجاریش ژنەکە ناچار بووە پەنا بۆ ناپاکی ببات".

# پاسەوانێک خۆی دەکوژێت



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- سلێمانی**

بـە مەبەسـتی گەڕانـەوەی بۆ شـوێنی کارەکەی، چەکەکەی هەڵدەگرێ و دەچێتەوە ئەو شـوێنەی ئێشـکگری بوو، بـەڵام زۆری پێناچێـت هەواڵـی برینداربـوون و دواتـر مردنی سـابیر بڵاودەبێتەوە، کەسوکارەکەی دەڵێـن ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، بەڵام هەندێک سەرچاوە دەڵێن خۆی کوشتووە.

ئێـوارەی ڕۆژی 2016/7/14 پیاوێکـی تەمەن 58 سـاڵ، بە نێوی سابیر مەحموود حوسـێن، دانیشـتووی گەڕەکـی بەختیاری لە شاری سـلێمانی، گوللەیەکی بەرکەوت و بریندار بوو. سابیر کارمەندی کۆمپانیایەکی ئەمنی بوو لە شـاری سـلێمانی، ئێشکگری یەکێک لە زانکۆ ئەهلییەکانی شاری سلێمانی بـوو. چـوار ڕۆژ لـە نەخۆشـخانە مایەوە و ڕۆژی 2016/7/18 گیانی دەرچوو.

کەسوکاری سـابیر دەڵێن بەهۆی ئەوەی ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە، بۆیە سکاڵایان لەسـەر کەس نییە. ئیسـماعیل مەحموود، بـرای سـابیر دەڵێـت سـەرقاڵی خواردنی نانی ئێـوارە بوون، برازاکـەی تەلەفۆنی بۆ کـردووە و پێیگوتووە باوکـی بریندارە و لە نەخۆشـخانەیە. ئیسـماعیل گوتی "سابیری بـرام چـوار ڕۆژ لـە نەخۆشـخانە مایـەوە، برینەکـەی هێنـدە سـەخت بـوو، تەنانەت نەیتوانی قسەش بکات".

بەپێـی زانیارییەکانـی ئیسـماعیل کـە لـە سـەرچاوە پزیشـکی و ئەمنییەکانـەوە وەریگرتـووە، چـوار گوللـە لـە چەکەکەی سـابیر دەرچـوون و دوو لە گوللـەکان بەر سینگی کەوتوون.

ئیسـماعیل ڕەتیکـردەوە براکـەی، خۆی کوشـتبێ و گوتـی "قسـە و قسـەڵۆک زۆر دەکرێـن لەبـارەی ڕووداوەکە، بەڵام ئەسـڵ و ئەساسـی نییە، سابیر خۆی نەکوشتووە، ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە.

ئیسـماعیل باسـی حـاڵ و گـوزەران و بـاری کۆمەڵایەتیی براکەی دەکات و دەڵێت "براکـەم کەسـێکی بـاش بـوو، خێزانێکی تەبا و بێ کێشـەی هەبوو، بـاری ئابووریی مامناوەند بوو".

سەرچاوەیەک لە شوێنی کارەکەی سابیر کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گـوت "ئـەو پیـاوە لـە زانکـۆی جیهان پاسـەوان بووە و پابەند بوو بە ئەرکەکەی، بۆیە مانگانە بەبێ دواکەوتن مووچەی خۆی وەرگرتووە".

سـەبارەت بـە ڕووداوەکـەش، ئـەو سـەرچاوەیە گوتـی "خۆکوشـتنەکەی هیچ پەیوەنـدی بـە کارەکەیـەوە نییـە و ڕەنگە کێشـەی خێزانیی هەبووبێ، بەو هۆیەشەوە بـاری دەروونیـی ئاڵـۆز بووبێـت و دواجار پەنای بۆ خۆکوشتن بردبێت".

هـەر لەوبـارەوە نەقیـب سـەرکەوت ئەحمـەد، گوتەبێـژی پۆلیسـی ناوشـاری سـلێمانی بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "بەپێی لێکۆڵینەوەی سـەرەتایی پۆلیس، ئەو پیاوە خۆی کوشـتووە. بەڵام لەبەرئەوەی تائێستا گوتەی کەسوکاری وەرنەگیراوە، وردەکاریی کێشەکەی نەزانراوەو پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

# هەڕەشەکردن بە وێنەی ڕووت

بۆنـی نەوتـی جلەکانـی کچەکـە، ژوورەکـەی ئێمـەی پڕکردبـوو، دایکی فریـای کەوتبـوو نەیهێشـتبوو خـۆی بسـووتێنێ و دەسـتی گرتبـوو، پاشـان یەکسـەر هێنابـووی بـۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان.

کچەکـە دەسـتی بـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتەکەی خـۆی کرد و گوتی لە ڕێگەی فەیسـبووک و ئینسـتاگرامەوە کوڕێکـی ناسـیوە و خۆشیویسـتووە، بەڵام نەیزانیوە کوڕەکە فێڵی لێدەکات، کوڕەکە تەنیا جارێـک وێنەی خۆی بۆ نـاردووە، بەڵام ئەو کە زۆر متمانەی بە کوڕەکـە هەبووە، چەندیـن جار وێنەی بۆ دەنێرێ تا کار گەیشـتووەتە ئەوەی وێنەیەکی خۆی بە ڕووتی بۆ دەنێرێ.

ئەو وێنە ڕووتە بەس بووە بۆ ئەوەی کوڕەکە تەنگی پـێ هەڵبچنێ. کچەکە گوتی هـەر کە ئەو وێنەیـەی بۆ نارد، کوڕەکە دەسـتی بە هەڕەشە کردووە و داوای لێکـردووە بچێتە ماڵیان یان ئەو دێتـە ماڵیان و دەبێت خـۆی بۆ ڕووت بکاتەوە، ئەگینا وێنەکەی بڵاودەکاتەوە، بەڵام کچەکە لە ترسـی کەسوکارەکەی نەیدەوێـرا ئـەو داواکارییـەی کوڕەکە جێبەجـێ بکات، هەرچەندە زۆر هەوڵی لەگـەڵ کوڕەکـە دابـوو پەشـیمانی بکاتـەوە، بـەڵام سـوودی نەبـوو، کوڕەکـە پێیگوتووە ئێسـتا وێنەکانت لە ئەکاونتێکی دیکەم دەبینی، کوڕەکە هەڕەشـەکەی دەباتە سـەر و بۆ چەند چرکەیـەک وێنـەی ڕووتـی کچەکە لە ئەکاونتێکی دیکە بڵاودەکاتەوە. پاشان لایدەدات و پێیدەڵێت ئەوە نیوەشـەوە کـەس نەیبینـی، بەڵام ئەگـەر بەیانی داواکارییەکـەم جێبەجـێ نەکەی، ئەوا دووبـارە بڵاوی دەکەمەوە. بۆیە کچەکە زۆر ترسـاوە و بڕیـاری داوە خـۆی بسووتێنێ، بەڵام دایکی نەیهێشتووە.

لەڕێگـەی وێنەی پەیـج و ئەکاونتی ئینسـتاگرامەکەیەوە توانیمان کوڕەکە بدۆزینـەوە. کوڕەکـە باسـی چۆنیەتی ناسـینی کچەی کرد و گوتی پەیجێکی کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیریی هەبـووە و ئەو کچە جاروبار شـیعری بۆ پەیجەکە نـاردووە، ئەویـش ویسـتوویەتی بـەو بۆنەیەوە خۆی لە کچەکە نزیک بکاتەوە، دوای ئەوەی یەکدییان ناسـیوە، داوای وێنـەی لێکردووە. کوڕەکـە هەرچەندە دانـی بەوەدانا کـە کارێکـی هەڵـەی کـردووە، بەڵام گوتی وێنەکە زۆر ڕوون نەبـوو، تەنیا کچەکە دەیناسـییەوە. کاتێکیـش وێنەکـەی بڵاوکردووەتـەوە کچەکـە لـە خەت نەمـاوە و ئـەوکات ترساوە شتێکی بەسەر خۆی هێنابێ.

کوڕەکـە زۆر پەشـیمان بـوو لـەو کارەی کردوویەتی، بەڵێنی دا دووبارەی نەکاتـەوە و سـەرجەم وێنەکانـی کچەکـەش ڕەش بکاتـەوە، دایکـی و کچەکـەش بڕیاریان دا سـکاڵا لەسـەر کوڕەکە تۆمار نەکەن.

ئـەو کارەی کوڕەکـە دەچێتـە خانەی خـراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەنـدی کە ئەگەر کچەکە سـکاڵای تۆمار کردبا، ئەوا کوڕەکە بەپێی ماددە دوو لـە یاسـای ژمـارە (6) دادگایـی دەکرا و ئەگەر تۆمەتەکەشـی بەسەردا ساخ ببووایەوە، ئەوا سزاکەی بەندکردن دەبـوو بـۆ ماوەیەک کەمتـر نەبێت لە شـەش مانـگ و زیاتر نەبێـت لە پێنج ساڵ، هەروەها بژاردن کە کەمتر نەبێت لـە ملیۆنێـک دینار و زیاتـر نەبێت لە پێنج ملیـۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بەرەی نوسرە... لە دامەزراندنییەوە هەتا دووەم جیابوونەوەی لە قاعیدە

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

کۆتایی هەفتەی رابردوو، ئەبو محەممەد جۆلانی، سەرکردەی بەرەی نوسرە، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا جیابوونەوەی بەرەی ناوبراوی لە رێکخراوی قاعیدە راگەیاند، گوتیشی کە ناوی گرووپەکەیان دەگۆڕن بۆ بەرەی فەتحی شام. ئەمە یەکەمجار بوو جۆلانی (بە جلوبەرگ و رواڵەتێکی هاوشێوەی ئوسامە بن لادنەوە) لە شاشەکانەوە دەربکەوێت.

شەش کاژێر بەر لە پەیامەکەی جۆلانی، ئەیمەن زەواهیری، رێبەری قاعیدە و ئەحمەد حەسەن (ئەبو ئەلخەیر) جێگری زەواهیری لە تۆمارێکی دەنگیدا پشتگیریی خۆیان بۆ جیابوونەوەی نوسرە راگەیاندبوو. ئەم هەنگاوەی نوسرە کە لە لیستی تیرۆری ئەمریکادایە، دەکرێت کاریگەریی گەورە لەسەر ناسنامەی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبیی سووریا و داهاتووی جەنگی نێوخۆیی سووریا دابنێت.

هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران لەم هەنگاوەی بەرەی نوسرە لێک نزیک بوو. جۆن کێربی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند "هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی پێمانوابێت کردەوە و ئامانجەکانی ئەوان (واتە بەرەی فەتحی شام) لە هی بەرەی نوسرە جیاواز دەبێت. ئاگاداریش نیم ئەمریکا بەنیاز بێت شێوازی مامەڵەی خۆی لەگەڵ ئەم گرووپەدا بگۆڕێت".

هەروەها جۆش ئێرنێست، گوتەبێژی کۆشکی سپی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی لێدوانەکەی وەزارەتی دەرەوە ئاماژەی بەوەدا کە نیگەرانی ئەمریکا لە بەرەی نوسرە کەم نەبووەتەوە، لەبەر ئەوەی نوسرە هێشتاش توانایەکی زۆری ئەنجامدانی هێرشی لە دەرەوەی سووریادا هەیە. ئەم هەوڵەی نوسرە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ نزیکبوونەوە لە رووسیا تووشی کێشەی نوێ دەکات، لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرێت دوای ئەم هەنگاوەی نوسرە گوشاری وڵاتانی ناوچەکە لەسەر ئەمریکا زیاتر بێت بۆ ئەوەی واز لە پلانی هاوکارییەکانی لەگەڵ رووسیا بهێنێ.

لەلایەکی دیکەوە بەهرام قاسمی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران هەنگاوەکەی بەرەی نوسرەی بە "یاری"یەک وەسفکرد و گوتی "ئامانج لە یارییەکە ئەوەیە ئەم گرووپە لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکان دەربهێنرێت". قاسمی لە لێدوانەکەی خۆیدا کە رەنگە هەڵوێستی رووسیاش بێت، سعودیەی بە هۆکار و پاڵپشتی بەرەی نوسرە لەقەڵەمدا و هەنگاوەکەی نوسرەی بە "نیشانەی شکستی دەوڵەتە یارمەتیدەرەکانی توندڕەوە ئیسلامییەکان" ناوبرد.

## مێژووی نوسرە

سەرهەڵدانی بەهاری 2011ی خەڵکی سووریا زۆر تەشەنەی سەند، لەلایەکەوە رێکارەکانی حکومەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ناڕەزاییەکان زیادی کرد و لەلایەکی دیکەشەوە لە مانگی ئایارەوە خۆڕاگری و تەنانەت هێرش بۆ سەر بارەگا سەربازییەکانی حکومەت دەستیان پێکردبوو. هەر لەم کاتەدا ژمارەیەک لە ئەفسەرەکانی سوپای سووریا جیابوونەوە و بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادەکانیان پێکهێنا.

لەگەڵ گەشەکردنی ناڕەزایەتی، رەوتێکی توندڕەوی ئیسلامیش دەردەکەوت، ئەم رەوتە پاش ئازادکردنی ژمارەیەکی زۆر لە جیهادییە توندڕەوەکان لە زیندانەکانی حکومەت بەهێزتر بوو. ئەگەرچی حکومەت دەیویست ئەمە بۆ هێورکردنەوەی خۆپیشاندانەکان بەکاربهێنێ، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم رەوتە پێدانی سیمایەکی توندڕەو بوو بە ناڕەزایەتییەکان، بۆ ئەوەی رەوایەتییەکی زیاتر بە سەرکوت بدات. ئەندامانی رەوتە توندئاژۆکانی سووریا دەستیان بە دروستکردنی کۆمەڵێک تۆڕی وەکوو لیوای شام، سوقوری شام و کەتیبەکانی ئەحراری شام کرد. هەر ئەم بزووتنەوانە بوون کە ئەبووبەکر بەغدادی و حاجی بەکری جێگری، بۆ دامەزراندنی باڵی سووریای ئەلقاعیدە بیریان لێدەکردەوە.

بۆ ئەم مەبەستە بەغدادی حەوت کەسی بە سەرکردایەتی محەممەد جۆلانی (سووری) رەوانەی سووریا کرد کە یەکێکیان عێراقی، دووانیان فەلەستینی- ئوردنی و دوویان سووری و یەکێکیان فەلەستینی بوو. ئەم حەوت کەسە لە ئابی 2011 گەیشتوونەتە پارێزگای حەسەکە و لەوێوە پەیوەندییان لەگەڵ تۆڕە کۆنەکەی قاعیدەی عێراق لە سووریا دروستکرد. کاری ئەوان دروستکردنی کەسانی جیهادی نەبوو، بەڵکو زیندووکردنەوەی شانە نوستووەکانی قاعیدە بوو کە لە لایەکەوە بەهۆی ئازادکردنی


ئەبو محەممەد جۆلانی، سەرکردەی بەرەی نوسرە

جیهادییەکانەوە بەهێزتر ببوو، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی سووریا هەر لە ساڵی 2003وە پشتگیری و هاوکاریی پێشکەش بە جیهادییەکانی سەر سنووری سووریا و عێراق کردبوو.

جۆلانی لە ئەیلول هەتا تشرینی یەکەمی 2011 ژمارەیەک کۆبوونەوەی نهێنی لەگەڵ سەرکردەی بزووتنەوەی توندڕەوە ئیسلامییەکان رێکخستبوو، بەڵام راگەیاندنی "بەرە" هەتا سەرەتای مانگی یەکەمی 2012 دواخرا.

## دەرکەوتن و بەهێزبوونی بەرە

دامەزراندنی بەرەی نوسرە لە 23ی کانوونی دووەمی 2012 و لە رێگەی تۆمارێکی دەنگی راگەیاندرا کە تێیدا جۆلانی لە لایەکەوە داوای رووخانی رژێمی ئەسەد دەکرد و لە لایەکیش داوای چەسپاندنی "شەریعەت"ی دەکرد، بەڵام نمایشکردنی قودس، ئیدانەکردنی رۆژئاوا، تورکیا، کۆمکاری عەرەبی و ئێران دەریدەخست ئامانجی نوسرە تەنیا سووریا نییە.

نیوەی یەکەمی 2012 بەرەی نوسرە هێشتا رێکخراوێکی بچووک بوو کە پشتی بە چالاکی شانەکان دەبەست. چالاکییەکانیشیان لەسەر تەقاندنەوەی شوێنە گشتییەکان و تەقینەوە خۆکوژییەکان چڕببووەوە، ئەمەش هەمان ئەو شتە بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی سێکولاری سووریا هەر لە رۆژی یەکەمەوە لێی دەترسا.

لە هاوینی 2012دا، قەیرانی نێوخۆیی سووریا بۆ جەنگێکی نێوخۆیی فرەلایەن گۆڕا، دروشمی سەرەکی هەموو لایەنەکانیش لادانی بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا لە دەسەڵات بوو. لەم کاتەدا نوسرە لە گرووپێکی تیرۆریستییەوە بوو بە گرووپێکی چەکداری، بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بەست. سوپای سووریا لە دێرەزۆر هەتا دیمەشق تووشی شکستی قورس بوو. لە ئازاری 2013دا بەرەی نوسرە بەشێکی سەرەکی بوو لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا.

سەرکردایەتی نوسرە دەیانزانی بۆ پاراستنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان تەنیا هێزی سەربازی بەس نییە، بەڵکو دەبێت دەست بەسەر خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکانیشدا بگرن و لەوێوە خەڵکی ناوچەکە بە خۆیان ببەستنەوە، ئەمە بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەهێزبوونی پێگەی نوسرە لە حەلەب لەقەڵەم دەدرێت. بەهێزبوونی بەرەی نوسرە هاوکات بوو لەگەڵ لاوازبوونی سوپای سووریای ئازاد، هەر ئەمەش سەرەتای کۆتاییهاتنی رەوتی میانڕەوی بوو لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا. لە هاوینی 2012دا هەتا سەرەتاکانی 2013 بەرەی نوسرە توانیبووی ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانی بۆ سووریا رابکێشێ.

## جیابوونەوە لە قاعیدەی عێراق

لە کۆتاییەکانی 2012دا ئەبوبەکر بەغدادی ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە دەشێت چەکدارانی جۆلان چیدی فەرمان لە بەغدادی وەرنەگرن. بۆیەش نامەیەک بۆ جۆلانی دەنێرێت و داوای لێدەکات نوسرە بە ئاشکرا پەیوەندیی خۆیان بە قاعیدەی عێراق رابگەیەنن. بەرەی نوسرە لە ترسی لەدەستدانی پێگەی خۆیان لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا ئەم داوایەی بەغدادیان رەتکردبوویەوە. لە هەوڵی دووەمدا بەغدادی حاجی بەکر دەنێرێت و ئەویش لە شارۆچکەی تەل رەفعەت لە حەلەب کەمپێک دروستدەکات و لەوێوە پەیوەندی بە سەرکردە و چەکدارانی نوسرەوە دەکات، لەوانەش ئامر عەبسی و عومەر شیشانی، تەنانەت سیخوڕیش لەسەر جۆلانی دادەنێت.

کار گەیشتە ئەوەی بەغدادی ناچار بێت خۆی لە شوباتی 2013دا سەردانی باکووری سووریا بکات، بەڵام دواجار جۆلانی بە ئاشکرا رەتیکردەوە بەیعەت بە بەغدادی بدات و لە بری ئەمە بەیعەتی لەگەڵ ئەیمەن زەواهیری نوێکردەوە، بەمەش لە بەغدادی و ئەلقاعیدەی عێراق جیا بووەوە کە بووە هۆی جیابوونەوەی سەدان چەکداری نوسرە و چوونیان بۆ ریزەکانی داعش.

لەو کاتەوە هەتا کۆتایی هاوینی 2013 نوسرە تووشی جۆرێک لە لاوازی بوو. بەڵام رژێمی ئەسەد بە بۆردومانکردنی خەڵکی سیڤیل و کوشتنی 1400 کەس دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ نوسرە خۆشکردەوە. لە دوای بۆردومانەکان بەرەی نوسرە بڕیاری قەساسی دەکرد. هۆکارێکی دیکە بۆ دەرکەوتنەوەی نوسرە هاتنی زیاتر لە 20 کۆنە سەرکردەی قاعیدە لە ئەفغانستان، پاکستان، ئێران، یەمەن، سعودیە و تەنانەت ئەوروپا بوو. هاتنی ئەمانە بە تەواوەتی دەستی داعشی لە بەرەی نوسرە کورتکردەوە. دەگوترێت ئەم چەکدارانە بە فەرمانی زەواهیری و وەکوو بەشێک لە ناکۆکییەکانی دەسەڵات لەگەڵ بەغدادی هاتوونەتە سووریا.

## جەنگ لە دژی داعش:

لە کۆتاییەکانی 2013وە داعش وەکوو دوژمنی دووەمی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا (لەوانەش ئەحراری شام و بەرەی نوسرە) دەرکەوت. هەر بۆیەش شەڕی نێوان ئەو گرووپانە لە دژی داعش دەستپێکرد کە دواجار داعشیان ناچار بە پاشەکشێ لە چوار پارێزگا کرد.

ئەگەرچی لە کاتی جەنگەکەدا هەردوو لایەن ئەمەیان بە "فیتنە" لەقەڵەم دەدا، بەڵام زەواهیری هەرچەشنە پەیوەندییەک بە داعشی ئیدانە دەکرد. لە کۆتایی شوباتی 2014دا داعش ئەبوخالد سووری و ئەبوموسعەب سووری کوشت کە هەردووکیان پەیوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەبوو. لەو کاتە بەدواوە جەنگ و ململانێی باڵادەستبوون لە نێوان قاعیدە (واتە نوسرە و ئەحرار شام) و داعش دەستی پێکرد. بەمە جەنگی نێوخۆیی سووریا بوو بە گۆڕەپانێک بۆ یەکلاییبوونەوەی ئەوەی کێ نوێنەری راستەقینەی گرووپە توندڕەوە سوننە مەزهەبەکانە.

لەم قۆناغەدا نوسرە رووبەڕووی دوو ئەلتەرناتیڤ دەبێتەوە: واتە یان ئەوەتا لەبەر دڵی خەڵکی ناوچەکە و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا رەوتێکی نەرمتر بگرێتەبەر، یانیش ئەوەتا لەسەر تێڕوانینە توندڕەوەکانی قاعیدە بەردەوام بێت، نوسرە رێگەی دووەمی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی بە تۆڕی ئیسلامییە توندئاژۆکانەوە نەپچڕێت، هەر بۆیەش لەم قۆناغەدا کەسانی هەتا رادەیەک واقیعگەرای وەکوو ئەبوو ماریا و ساڵح هەوامی دەخرێنە پەراوێزەوە. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ لەدەستدانی دێرەزۆر کە بنکەی سەرەکی سەرچاوەی داهاتی نوسرە لە سووریا بوو.

## نوسرەی راستەقینە لە ژێر پەردەدا

لە ناوەڕاستی ساڵی 2014دا هەموو چاوەکان لەسەر داعش و پێشڕەوییەکانی لە باکوور و ناوەڕاستی عێراق بوو، بەڵام ئەمریکا لەپاڵ بۆردومانکردنی داعش لەسەر بۆردومانی بنکەکانی بەرەی نوسرەش بەردەوام بوو. لەو قۆناغەدا شۆڕشی سووریا بە تەواوەتی سیمای میانڕەوی لەدەستدابوو، هەر بۆیەش ئاساییە کە بۆردومانەکانی ئەمریکا لەدژی نوسرە بە "لێدانی شۆڕش" لێکبدرێتەوە.

وەکوو لە نامە نهێنییەکەی زەواهیری لە سەرەتای 2015دا دەردەکەوێت ئامانجی نوسرە لەو قۆناغەدا نزیکتر بوونەوە لە "هێزە ئیسلامی"یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و "خۆدوورگرتن لە هێرشکردنە سەر رۆژئاوا" و لە هەموویان گرنگتر "دانانی سیستەمی دادوەری ئیسلامی" بووە. هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی یەک ستراتیژدا خۆیان دەبینییەوە: دامەزراندنی بناغەیەکی بەهێز بۆ نوسرە_ قاعیدە. هێرشەکانی 2015ی بەرەی نوسرە بۆ سەر سوپای ئازادی سووریا و کوشتنی سەرکردەکانی ئەو سوپایە هەر لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژەدا بوون.

## لە دەستتێوەردانی رووسیاوە تا جیابوونەوە لە قاعیدە:

دەستتێوەردانی سەربازیی رووسیا لە جەنگی نێوخۆیی سووریا باڵانسی هێزی لە سووریا گۆڕی، هێرشە ئاسمانییەکانی رووسیا لە لایەکەوە دەسەڵاتی ئەسەدیان رزگارکرد و لە لایەکی دیکەشەوە ناوچەکانی بەرەی نوسرەیان کردە ئامانج. ئەم دەستتێوەردانە دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی ئاشتیی سووریا لە ڤیەننا، میونشن و دواجار جنێڤی لێکەوتەوە.

بەڵام بەشداری رووسیا هێزە سوننە توندڕەوەکانی سووریاشی لە یەکدی نزیککردەوە، لەو سەروبەندەدا جۆلانی لەگەڵ سەرکردەکانی جەیش ئەلفەتح و ئەحرار شام کۆببووەوە. مەرجی سەرەکی ئەحرار شام جودابوونەوەی بە تەواوەتی نوسرە لە قاعیدە بووە. سەرچاوەیەکی نزیک لە نوسرە بە پەیمانگەی بروکینگزی راگەیاندووە "لە مانگی شوباتدا جۆلانی بیری لەوە کردووەتەوە بەیعەتی خۆی بە زەواهیری بشکێنێت" و لەگەڵ هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دیکە بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی سوننەی توندڕەو دروستبکەن.

بەڵام دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی ئاشتی، بەشداری پێنەکردنی نوسرە و راگەیاندنی ئاگربەست نەک هەر کۆتایی بەم خەونەی هەڵپەرستانەیەی نوسرە هێنا، بەڵکو جارێکی دیکە دروشمە بەرایییەکانی شۆڕشی سووریای (وەکوو ئازادی، دادپەروەری) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نوسرە هێنایەوە ئاراوە.

دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی و راگەیاندنی ئاگربەست ئەو راستییە دەردەخەن کە نوسرە و هێزە توندڕەوەکانی دیکە بۆ مانەوەی و قایمکردنی جێ پێی خۆیان پێویستیان بە بەردەوامیی جەنگە. لەگەڵ شکستهێنانی دانوستاندنەکانی چارەسەری سووریا و کۆتاییهاتنی ئاگربەستەکە، نوسرە جارێکی دیکە گفتوگۆکانی لەگەڵ هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانی سووریا دەستپێکردەوە، بۆ ئەوەی ئیمارەتێکی ئیسلامی لە ئدلیب دامەزرێنن، ئەم پێشنیازەی نوسرە دژایەتی هێزە ئیسلامییەکانی دیکەی لێکەوتەوە کە رەنگە بەشێکی لەبەر ئەوە بووبێت بە دامەزراندنی ئەم ئیماراتە ئدلیب بکرێت بە ئامانج بۆ هێرشە ئاسمانییەکانی رووسیا و سووریا.

لە سەرەتای مانگی تەمموز واشنتن پێشنیازی پێکهێنانی گرووپی جێبەجێکردنی هاوبەش (JIG) بە مۆسکۆ کرد، ئامانجی سەرەکی ئەم پێشنیازە دەستپێکردنی هاوکاری لە بواری ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکان لە دژی بەرەی نوسرە و داعش لە سووریایە.

لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا گرووپە ئیسلامییەکانی نزیک لە ئەنقەرە ژمارەیەک کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرکردەکانی نوسرە کردووە بۆ ئەوەی رازییان بکەن لە قاعیدە جودا ببنەوە. لەم کۆبوونەوانەدا پێشنیازی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی نوێ بە نوسرە کراوە: لەوانەش بزووتنەوەی ئیسلامی سووری. بە گوێرەی سەرچاوەکان لەم کۆبوونەوانەدا شێخ ساڵح ئەلحەمەوی، فەرماندەی دەرکراوی نوسرە، ئەبوماریا قەحتانی، ئەندامی دەستەی دامەزراندنی نوسرە و عەبدوڵڵا سەندی، ئەمیری نوسرە لە حەلەب بەشدار بوون و سەنەدی پشتگیری لە جودابوونەوەی نوسرە لە قاعیدە کردووە.

هەر لەم ماوەیەدا مەجلیسی شورای نوسرە کۆمەڵێک کۆبوونەوەی رێکخستووە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندییە ئاشکراکانی خۆیان لەگەڵ قاعیدە بهێنن، بەمەش نەک هەر شەرعییەت لە پلانە هاوبەشەکەی ئەمریکا و رووسیا دەسێننەوە، بەڵکو رێگەش خۆش دەکەن بۆ ئەوەی وڵاتانی ناوچە (بە تایبەتیش وڵاتانی کەنداو و تورکیا) ئازادانەتر یارمەتی نوسرە بدەن، بەمەش پێگەی خۆیان لە سووریای داهاتوودا بەهێزتر بکەن.

قاعیدە پێشتریش ئەوەی نیشان داوە کە بۆ ئەنجامدانی هێرش لەدژی دوژمنە رۆژئاواییەکانی خۆی پێویستی بەوەیە لە ناوچەیەکی دیاریکراو (وەکوو ئەفغانستان، عێراق یانیش سووریا) پێگەیەکی بەهێزی هەبێت.

هاوکات لەگەڵ دانیشتنە نێوخۆییەکانی سەرکردایەتی نوسرە، زەواهیریش بە ئاشکرا باسی لە ئەگەری دابڕانی نوسرە لە قاعیدە و سوودەکانی ئەم هەنگاوە بۆ "بەهێزبوونی پێگەی" رەوتی ئیسلامی توندڕەو کردبوو. بەم پێیەش هەنگاوەکەی بەرەی نوسرە (یانیش بەرەی فەتحی شام) دەکرێت هەنگاوێکی تەکتیکی بێت بۆ جێبەجێکردنی خەونێکی ستراتیژی قاعیدە کە بریتییە لە دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی خاوەن سیستەمی دادوەری ئیسلامی رادیکاڵ لە ناوچەکەدا.

ئەگەرچی نوسرە بە ئاشکرا کۆتایی بە پابەندی خۆی بە قاعیدەی هێناوە، بەڵام مێژووی پەیوەندییەکانی نوسرە و قاعیدە ئەوە دەردەخات کە پەیوەندییە ئایدیۆلۆژی و تەنانەت رێکخراوەییەکانی ئەم دوو گرووپە بە بەهێزی دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا قاعیدە بۆ پاراستنی نوسرە بەناوبانگترین فەرماندەکانی خۆی لە هەموو جیهانەوە رەوانەی ریزەکانی نوسرە کردووە. جودابوونەوەی نوسرە لە قاعیدە ئاماژەیەکی روونە بەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سووریا زیاتر لە جاران ناسنامەیەکی ئیسلامی سوننەی توندڕەوی هەڵگرتووە، هەر ئەمەش گەرەنتی ئەوەی بە نوسرە داوە بتوانێت لە نێوان پابەندبوون بە قاعیدە و یەکگرتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا، بژاری دووەم (واتە یەکگرتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سووریا) هەڵبژێرێت.



# جەنگی مووسڵ.. پلانی پاش و پێش ئازادکردن



دیلان ئۆدریسکۆڵ*



"شێوازی کۆنترۆڵکردنەوەی فەللوجە ئەزموونێکی شکستخواردووە و نابێت لە مووسڵ دووبارە بکرێتەوە"

ئاشکرایە کە کۆنترۆڵکردنی مووسڵ لەلایەن ڕێکخراوی داعش بووەتە بابەتێکی گرنگی نێودەوڵەتی و ڕزگارکردنی ئەو شارەش وەکو هێمایەک بۆ بەزاندنی داعش لە عێراق تەماشا دەکرێت. لەم نێوەدا، فشارێکی نێودەوڵەتی پەیدا بووە بۆ پەلەکردن و دەستپێکردنی پرۆسەی ڕزگارکردنی ئەو شارە. بەڵام کێشەکە لێرەدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە لە ئێستادا نزیکەی 1.2 ملیۆن کەس لەناو شاری مووسڵ و 800 هەزار کەسیش لە ناوچەکانی دەوروبەری گیریان خواردووە. خۆ ڕەنگە پرۆسەی ئازادکردنی مووسڵ زەرەر و زیان و کوشتاری زۆری لێبکەوێتەوە، ئەگەر پلانێکی تۆکمەی سیاسی و سەربازی ئامادە نەکرێت و چارەسەر بۆ ئەو دینامیکیەتە ئاڵۆزەی کە لەدوای ڕزگارکردنی ئەو ناوچەیە دێتە ئاراوە. هەڵبەتە ئەو بارۆدۆخە پێویستی بە ئاشتەوایی و بنیاتنانەوەش دەبێت.

کشانەوەی هێزە ئەمنییەکان لە شاری مووسڵ بەو شێوە ئاسانە، نیشاندەری شکستە هەیکەلی و سیاسیە چەقبەستووەکانی عێراقە. ئەم شکستانەش پێویستە چارەسەر بکرێن، ئەگەرنا بەزاندنی داعش بێهوودە دەبێت، چونکە دەرئەنجام هێزێکی ڕادیکاڵی دیکە دەبێتە جێگرەوەی ئەم هێزە و هەوڵ دەدات نوێنەرایەتی سوننەی پەراوێزخراو بکات. پێویستە وانە و پەند وەربگیردرێت لە ئەزموونی پاش کەوتنی ڕژێمی سەددام، لەبەر ئەوەی نەتوانرا سیستەمێکی سیاسی و مەدەنی و ئەمنیی پتەو کە مایەی متمانەی خەڵکی عێراق بێت، دروست بکرێت، ئەمەش بووە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزم و پەرتەوازەیی لە عێراقدا. هەمان ئەم هەڵانە ناکرێت بۆ جارێکی دیکە دووبارە ببنەوە پاش شەڕی داعش لە شاری مووسڵ.

کێشەکان ڕەگوڕیشەی خۆیان هەیە کە پێویستە لەڕێی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە سیستەمی حوکمڕانیی عێراق چارەسەر بکرێن. لامەرکەزیەت خاڵێکی گرنگە کە پێویستە پەیڕەو بکرێت بە شێوازێک ڕێ بە زیادبوونی هەژموون و فراوانبوونی دەسەڵاتی کەسی نەدات، بەڵکو دەبێت ئەم پرۆسەیە دابەشکردنی دەسەڵات لەخۆبگرێت لەسەر ئاستی لۆکاڵی و حکومەتی ناوەندی. سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق شکستی هێناوە لە نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگا جیاوازەکان، لە ساڵی 2003 وە حکومەت نەیتوانیوە سەقامگیریی ئەمنی و ئابووری بەدی بهێنێ.

ئیتر بەسوودوەرگرتن لەم دۆخە، داعش سەری هەڵدا و تەشەنەی کرد، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشاندەری ئەوەیە کە چارەسەری سیاسی دەبێت بکەوێتە پێش هەر بڕیارێکی سەربازییەوە. بێگومان سەرهەڵدانی داعش لێکەوتەیەکی زەقی پەراوێزخستنی کۆمەڵگای سوننەیە، هەر بۆیە نەهێشتنی داعش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە پێویستی بە چارەسەری سیاسیە. کاتێک ئەم کێشەیە بەم شێوەیە چارەسەر دەکرێت، ئیتر بوونی داعش هیچ پاساوێکی نابێت و ئەگەری سەرهەڵدانی هەر هێزێکی دی لەچەشنی داعش کەم دەبێتەوە.

دوای کەوتنی ڕژێمی سەددام، بەدەگمەن ئاشتەوایی پاش ناکۆکی و شەڕ بەدی دەکرا. جیاوازییەکان و درزەکان چارەسەرنەکران و ئەندامانی پێشووی دامەزراوە حکومییەکان دوورخرانەوە لە کارەکانیان، ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی بچنە پاڵ گرووپە توندڕەوەکان. ئەنجام، دەکرێت بگوترێت کە پرۆسەی ئاشتەوایی پاش ساڵی 2003، تەنیا دروشم بوو؛ پرۆسەیەک بوو کە هەرگیز جێبەجێ نەکرا. توندوتیژییەکان لە شاری مووسڵ لەسەر ئاستی لۆکاڵی و زۆر جار لەنێوان دراوسێ ڕووی دەدا، بۆیە ئاشتەوایی لەسەر ئەم ئاستە لە گشت کاتەکان پێویستترە. لێرەدا پێویستە جیاوازیی بکرێت لە نێوان ئەوانەی کە بە ویستی خۆیان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و ئەوانەی بە زەبری هێز و لە بارۆدۆخی جیاوازدا ئەو کارەیان کردووە. پاشان بۆ ڕێگەگرتن لە دیاردەی تۆڵەسەندنەوە و دووبارەبوونەوەی، پێویستە پرۆسەی ئاشتەوایی بە شێوازێک دابڕێژرێت کە تایبەت بێت بەو بارودۆخەی پارێزگای نەینەوا. پێویستە تاوانباران بدرێن بە دادگا، بەڵام گرنگتر ئەوەیە کە بە گوێرەی یاسا ئەنجام بدرێت. لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ و کۆمەڵگادا، داواکارییەکی بەهێز هەیە بۆ بەشدارکردنی دادگای نێودەوڵەتی لە کاتی دادگایی تۆمەتباران (1). دەکرێت لەم پرۆسەیەدا سوود لە ڕێککەوتنی خێڵەکی وەربگیردرێت بۆ ڕێگریگرتن لە تۆڵەسەندنەوە.

هەڵبەتە ئاشتەوایی پێویستییەکی گرنگە بۆ ئەوەی دەست بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی ئاوارەکان بکرێت. بۆیە دەبێت گرنگی بدرێت بە مەسەلەی پێکهاتەکان و ئەو تاوانانەی کە دەرحەقیان کراون، لەهەمان کاتیشدا پێویستە بایەخ بدرێت بە شێوازی پاراستنی پێکهاتەکان لە داهاتوودا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بزانرێت کە کۆمەڵگای سوننە بەهەمان شێوە تووشی نەهامەتی و ئەشکەنجەی زۆر بوونەتەوە لەسایەی دەسەڵاتی داعشدا. بۆیە پاش ڕزگارکردنی ئەم ناوچەیە، هەموو ئەم پێکهاتانە پێویستە بەشداربن لە سیستەمی سیاسی و ئەمنیدا. بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستی بە یارمەتی و هەماهەنگی و ڕێکخستنی زۆرە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەغدا و هەولێرەوە. دۆخی پاش داعش زۆر پێویستی بەوەیە کە فراوانبوونی میلیشیا چەکدارەکان سنووردار بکرێت و هەیکەلیەت و خاوەندارێتیان ڕێکبخرێت و بکرێنە بەشێک لە سیستەمی ئەمنیی نوێی پاش داعش.

شێوازی شەڕی ئەمدواییەی فەللوجە، نیشاندەری ئەزموونێکی شکستخواردووی کۆنترۆڵکردنەوەیە کە نەک تەنیا پێویستە پەیڕەو نەکرێت، بەڵکو دەبێت وانەی لێ وەربگیرێت. سەبارەت بە ئازادکردنی فەللوجە، پرسیار ئەوەیە کوا پلانی پاش ئازادکردن؟ هەروەها هۆکاری بەشداریکردنی حەشدی شەعبی چی بوو؟ بۆچی پەلەپەل کرا لەو پرۆسەیەدا؟

ئەو ڕاپۆرتانەی کە باس لە تاوانەکانی حەشدی شەعبی دەکەن لە ئازاردان و کوشتنی خەڵک و وێرانکاریی ناپێویست لەو شارەدا، زۆر زۆرن. ئەمەش ناڕەزایەتی و مشتومڕی سیاسی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ. ئەمە جگە لە سەرهەڵدانی کێشەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە. زیاتر لەوەش، لە پرۆسەی ئازادکردنی فەللوجەدا نەبوونی پلان بۆ لەخۆگرتن و دالدەدانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەدی دەکرا بە شێوەیەک کە بووە هۆی خولقاندنی دۆخێکی ناهەموار لەنێو کامپەکاندا.

شاری مووسڵ جیاوازە لە شاری فەللوجە، ژمارەی دانیشتووانی زۆرترە و زەحمەتە بەرگەی وێرانکاری و کاولکاری و شەپۆلێکی فراوانی ئاوارەبوون بگرێت. ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەنها ئامادەیی لەخۆگرتنی تەنیا 120 هەزار ئاوارەی ناوخۆیی هەیە، بەڵام ڕوونە کە ژمارەی ئاوارەکان لەوە تێدەپەڕێت حکومەتی هەرێمی کوردستان مەزەندە دەکات کە ژمارەی ئاوارەکانی شاری مووسڵ لە نێوان 400 هەزار تا یەک ملیۆن کەس بێت (2). هیچ هەنگاوێک ناتوانرێت بنرێت ئەگەر پلانی تۆکمە دانەڕێژرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی خراپترین سیناریۆ. بەدرێژایی و پاش پرۆسەی ئازادکردنیش، پێویستە هەماهەنگییەکی نێودەوڵەتی ئاستبەرز هەبێت لەسەر مەسەلەی ئاوارەکانی شاری مووسڵ. لەڕووی سەربازیشەوە، زۆربەی سەرکردەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە شانبەشانی سوپای عێراق، پێویستە هێزە سوننیەکان ڕۆڵی ڕابەرایەتیکردنی پرۆسەی ئازادکردنی شارەکە بگرنە ئەستۆ و بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە لە بەشی باکوورەوە بە یارمەتی لۆجستی و تەکنیکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پرۆسەکە ئەنجام بدرێت.

ئاشکرایە کە زیاتر لە دوو ساڵە گەنجانی شاری مووسڵ لەژێر دەسەڵات و هەژموونی داعشدا دەژین، بۆیە پێویستە بەرنامەیەکی تۆکمە دابڕێژرێت بۆ نەهێشتنی هزری ڕادیکالیزم و توندڕەوی، چونکە ئەم ئەزموونە لە قۆناغی هەستیاری دوای ئازادکردن کاریگەرییەکی سایکۆلۆژیی زۆری دەبێت لەسەریان. سەرەڕای ئەمەش، گەنجانی شاری مووسڵ لەژێر دەسەڵاتی داعشدا دابڕاون لە پرۆسەی خوێندنی دروست، بۆیە پێویستە سیستەمی خوێندنیان بۆ دابین بکرێت، بە جۆرێک کە ڕەچاوی دینامیکیەت و دۆخەکە بکات و جیاواز بێت لەو پرۆگرامە ئاساییەی کە پەیڕەو دەکرێت. خەڵکی مووسڵ ئازاری زۆری کێشاوە و دووچاری مەینەتی و ئەشکەنجە بوونەتەوە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا، بۆیە پێویستە پلانی مەودادرێژ دابڕێژرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و شپرزەیی و کاریگەرییە دەروونییەکانی جەنگ و ململانێی چەکداری.

هەرچەندە دەکرێت زۆرینەی ئەو بابەتانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە لەڕێی دانانی پلانی ورد و هەماهەنگی و تەرخانکردنی داراییەوە چارەسەر بکرێن، بەڵام ڕوونە کە کێشە سیاسییەکان ئەوەندە ئاڵۆزن، وا پێویست دەکات کە لایەنەکان کۆببنەوە و ڕێکبکەون لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی پارێزگای نەینەوا و دینامیکیەتی هێز و دەسەڵات لە نێوان ئەم پارێزگایە و حکومەتی ناوەندی و پەیوەندیی ئەم ناوچەیە و ناوچەکانی دەوروبەری.

ئەنجام، گرنگە ڕێککەوتن لە نێوان کارەکتەرە لۆکاڵی (بە تایبەت لە نێوان پارێزگاری ڕابردووی پارێزگای نەینەوا و ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا) و نیشتیمانی ( لە نێوان بەغدا و هەولێر) و نێونەتەوەیی (ناوچەیی و جیهانی)، بکرێت. ئەوەی پێویستە بگوترێت، ئەوەیە کە دەرفەتی لەدایکبوونی مووسڵ و نەینەوا و عێراقێکی نوێ لەئارادایە، بەڵام لە غیابی پلانێکی تۆکمە و دروست و نەبوونی ڕێککەوتنی سیاسی و هەوڵی هەمەچەشندا بۆ بارودۆخی پاش ئازادکردن، ئەوە ئەم دەرفەتە لەباردەچێت.

..............................

ئەم وتارە تەنیا پوختەیەکی کورتی ئەنجامەکانی پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی ئینستیتیوتی مێرییە سەبارەت بە ئایندەی مووسڵ. لەکاتی تەواوبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، تەواوی ڕاپۆرت و وردەکارییەکانی بڵاودەکرێتەوە.

(1) ئەم بۆچوونە لە چەندین چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوادا ئاماژەی پێکراوە.

(2) ئەم بۆچوونە ئاماژەی پێکرا لە کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی پلانی فریاکەوتنی مرۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

***دیلان ئۆدریسکۆڵ، توێژەرە لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری).**

# تورکیا.. سوپایەکی درزبردوو لە پاش کودەتا

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

لە دوای کودەتاکەی 15ی مانگی ڕابردووەوە هەتا ئێستا، نزیکەی یەک لەسەر سێی ژەنەراڵەکانی سوپای تورکیا، بە تۆمەتی ئەوەی دەستیان هەبووە لەو کودەتایەی کە کوژرانی 246 کەس و برینداربوونی زیاتر لە 2000 کەسی لێکەوتەوە، دەستبەسەر کراون. هەڵمەتی دەستبەسەرکردنی ژەنەراڵ و پلەدارەکانی سوپا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر یەکێتی و ئەدای سوپا دادەنێت کە دووەم گەورەترین سوپای ناتۆیە.

لەنێوان هەموو ئەو ژەنەراڵانەی دەستگیرکراون، دەستگیرکردنی ژەنەراڵ ئادەم هودوتی، فەرماندەی سوپای دووەمی تورکیا لە مالاتیا، سەیرترین هەواڵ بوو. هودوتی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئامەد و شرناخ بوو کە لە ماوەی چەند هەفتەی بەر لە کودەتاکەدا بە بەرەی سەرەکیی شەڕی دژی گەریلا و لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەقەڵەم دەدرا. هەتا چەند هەفتە لەمەوبەریش، میدیاکانی نزیک لە حکومەت و سوپا بە شانوباڵی ئەم ژەنەراڵەیاندا هەڵدەگوت و ڕۆڵی ئەویان لە چاودێریکردنی سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ سووریا و عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی پەکەکە بەرز دەنرخاند.

کودەتاکە زۆر بەخێرایی کۆنترۆڵ کرا، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت ئاکامەکانی لە چەند مانگ و تەنانەت چەند ساڵی داهاتوودا بەردەوام بن، یەکێکیش لەو دامەزراوانەی کە کاریگەرییەکانی کودەتاکەی بەسەرەوە دیار دەبێت سوپای تورکیایە. ئەگەرچی حکومەتی تورکیا هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دەدا وای دەربخات کە کودەتاکە تەنیا لەلایەن کەمینەیەکی بچووکی سوپاوە نەخشەی بۆ دانراوە، بەڵام قەبارەی دەستگیرکردنەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە تۆمەتبارەکانی سوپا ژمارەیان هێندەش کەم نییە.

ئارن شتاین، توێژەر لە ئینستیتیوتی ئەتلانتیک لە واشنتن، بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی گوت: "سوپای تورکیا هێزێکی تێکشکاوە و ڕێکخستنەوەی ئەم سوپایە چەندین ساڵی دەوێت".

شتاین کە شارەزای کاروباری سیاسیی تورکیا و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەروەها دەڵێت "پلانەکە تەنیا کاری بەشێکی بچووک لە سوپا نەبووە، کاریگەرییەکانیشی لەسەر سوپا تەنیا لە دەستگیرکردنی هودوتیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو ئێستا هەموو دامەزراوەی سەربازیی تورکیا بەرەوڕووی تەحەدایەکی نوێ بووەتەوە، لە کاتێکدا کێشەی چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و گرژییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاشیان هەیە".

هودوتی گەورەترین بەرپرسی سەربازیی تورکیایە کە لە پەیوەندیی لەگەڵ کودەتا شکستخواردووەکەدا دەستگیر کرابێت و ئێستاش لە زیندانی دوزجەیە، ئەم زیندانە نزیکەی 216 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی ئیستانبوڵەوە دوورە.

ئەوەی چاودێرانی سەربازی نیگەران کردووە، ئەوە نییە ئاخۆ ئەم ژەنەراڵ و کاربەدەستە سەربازییانە بەڕاستی دەستیان لە کودەتاکەدا هەبووە یان نا، بەڵکو ئەوەشە کە سوپای تورکیا درزێکی گەورەی تێکەوتووە، ئەمەش لە وڵاتێکدا کە سوپا تێیدا خۆی وەکوو دوایین پارێزەری دیموکراسی و سێکولاریزمی تورکیا دەبینێ.

جەیمز ستاڤریدیس، ئەدمیراڵی خانەنشینی سوپای ئەمریکا و یەکێک لە فەرماندەکانی ناتۆ، لە وتارێکدا لە گۆڤاری فۆرین پۆلسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "کودەتاکە و کاردانەوەی حکومەتی ئاکپارتی کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ئەدای سوپای تورکیا لەناو هاوپەیمانێتی ئەتلانتیکی باکوور دادەنێت. ئەگەرچی ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیمانان لە بنکەی ئاسمانیی ئینجەرلیک دەستی پێکردووەتەوە، بەڵام لە زۆر بواردا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ناتۆ لەگەڵ تورکیا ساردبوونەتەوە".

فۆکوسی سەرەکیی فەرماندە و ئەندامانی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە چەند مانگی داهاتوودا لەسەر کێشە نێوخۆییەکانی تورکیا و سوپا دەبێت. ئەوەی ئێستا سوپا پێوەی سەرقاڵە ڕزگارکردنی خۆیەتی لە ئاسەوارەکانی کودەتا و هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی سوپا.

گەرێس جێنکیز، توێژەر و شارەزای سوپای تورکیا، پێیوایە ئەوەی لەم چەند ڕۆژەی دواییدا دەبینرێت، دەستپێکی پرۆسەیەکی درێژە کە "کاریگەریی گەورە لەسەر سوپا لە 20-30 ساڵی داهاتوودا دادەنێ، سوپاش وەکوو پۆلیس و هێزە مەدەنییەکانی دیکە بەشێوەیەکی بەرچاو سیاسی دەکرێنەوە. لەکارلادان و دەستبەسەرکردن کاریگەری لەسەر هەموو ئاستەکانی سوپا دادەنێت".

ڕۆژی پاش کودەتاکە حکومەتی تورکیا لایەنگرانی فەتحوڵلا گولەنی بە پلاندانەری سەرەکی کودەتاکە ناوزەد کرد. ڕەخنەگرانی ئەردۆغان دەڵێن ئاکپارتی خۆی ڕێی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەندامانی بزووتنەوەکەی گولەن (ناسراو بە خزمەت) جێی خۆیان لەناو سوپادا بکەنەوە، بە گوتەی ئەوان دۆسیەکانی "ئەرگەنەکۆن" و "باڵیۆز" (یانیش چەکوچ) ڕۆڵی باڵایان گێڕا لەوەی زۆربەی فەرماندەکانی پێشووی سوپا لە کارەکانیان لابدرێن و لایەنگرانی گولەن شوێنەکانیان پڕبکەنەوە.

ئەحمەد یاقوز، ژەنەراڵی خانەنشینی سوپای تورکیا، دەڵێت: "ئێمە دەمانزانی گولەنیستەکان لەناو سوپادا هەن، بەڵام ئێستا دەزانین دۆخەکە زۆر لەوە مەترسیدارتر بووە کە ئێمە ئەوکات بیرمان لێدەکردەوە". یاقوز کە خۆی لە چوارچێوەی دۆسیەی باڵیۆزدا دەستگیرا و دواتر ئازادکرا، دەشڵێت ئەوان حکومەت و سوپایان ئاگادار کردبووەوە، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتوون.

محەممەد عەلی چەلەبی، کۆنە فەرماندەی سوپای تورکیا قسەکانی یاقوز پشتڕاست دەکاتەوە. چەلەبیش کە وەکوو یاقوز لە چوارچێوەی هەمان دۆسیەدا دادگایی کرابوو، دەڵێت "هیچکەس گوێی لە ئێمە نەدەگرت، هەتا بۆیان دەرکەوت ئەوانەی ئێمەیان بە ئامادەکاری بۆ کودەتا تۆمەتبار دەکرد، خۆیان پلانی کودەتایان هەبووە".



ئادەم هودوتی گەورەترین بەرپرسی سەربازی تورکیایە کە بەهۆی کودەتا شکستخواردووەکە دەستگیرکرابێ

کەم نین ئەو شارەزا سەربازی و سیاسیانەی پێیانوایە ناکرێت گولەنییەکانی نێو سوپا بە تاکە بەرپرسیاری کودەتاکەی 15ی تەممووز بزانرێت، بەڵکو هاوپەیمانێتییەک لە هێزە جوداکان پێکەوە لەنێو سوپادا پلانی کودەتاکەیان دارشتووە، ئەگەرچی ئەوە ڕاستییەکە کە لایەنگرانی گولەن لە ماوەی نزیکەی یەک دەیەی ڕابردوودا توانیویانە شوێنی خۆیان لە پلە بەرزەکانی سوپا و هێزە ئەمنییەکاندا بکەنەوە.

ئەم ڕەوشە نوێیەی تورکیا گوشارێکی زۆریش لەسەر هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دروست دەکات، لە کاتێکدا دوایین هێرش مانگی پێشوو لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەتاتورک لە ئیستەمبوڵ ڕوویدا و تێیدا 45 کەس گیانیان لەدەستدا و 200 کەسیش بریندار بوون. ئەگەرچی بەرپرسانی هێزەکانی پۆلیس پێداگرن لەسەر ئەوەی پاکسازی ناو پۆلیس هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دانەناوە و بەرپرسی نوێ بۆ شوێنی بەرپرسە دەرکراو و دەستگیرکراوەکەی تورکیا دانراوە، بەڵام بەرپرسێکی تورکیا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پۆلیس دەبێت وریاتر مامەڵە لەگەڵ ڕەوشەکەدا بکات.

# بڕوانامەی تەندروستی لەسەر کارمەندانی چێشتخانەکانی سلێمانی دەکرێتە مەرج

سەروەر سالار
ڕووداو– سلێمانی

سلێمانی دەبێتە یەکەمین شار لەسەر ئاستی عێراق کە بەسەر کارمەندانی چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانیدا دەسەپێنێ کۆرسی زانستیی تەندروستی ببینن. لەگەڵ کارابوونی ڕێنماییە نوێیەکەش، چیدی هیچ کەسێک ناتوانێت لەو شوێنانەدا کاربکات ئەگەر ئەو بڕوانامەیەی نەبێت.

## خۆراک سەرچاوەی ژیان و مردن

هەرچەندە خۆراک سەرچاوەی وزەی جەستە و بەردەوامیی ژیانی مرۆڤە، بەڵام بەپێچەوانەشەوە، خۆراک بەشێوەی کورتخایەن و درێژخایەن کار لە تەندروستیی مرۆڤ دەکات، ئەگەر ستانداردە زانستییەکان ڕەچاو نەکرێن لە بەرهەمهێنان و ئامادەکردنی خۆراکدا.

دکتۆر زانا ئەحمەد، پزیشکی هەناو و شارەزا لە سەلامەتیی خۆراک بە (ڕووداو)ی گوت "پیسبوونی خۆراک بە میکرۆبە جیاوازەکان کاریگەریی خێرا و هەنووکەیی دروست دەکات، وەکوو سکچوون و گرانەتا و تای ماڵتا و هاوشێوەکانی. پیسبوونی درێژخایەنیش لە ئەنجامی پیسبوون بە ماددە کیمیاییەکان دەبێت و لەوانەیە لە ئایندەدا کەسەکە تووشی نەخۆشییە شێرپەنجەییەکان و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی دەمار بکات".

نێوەندی کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا دەڵێ تاوەکو ئێستا زیاتر لە 250 جۆر نەخۆشی دەستنیشان کراون کە لەڕێی خۆراکەوە دەگوازرێنەوە. لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا ساڵانە 48 ملیۆن کەس بەهۆی خۆراکی نەشیاوەوە نەخۆش دەکەون کە 128 هەزار کەسیان پێویست دەکات لە نەخۆشخانە بخەوێندرێن و 3000 کەسیان بەهۆی ئەو نەخۆشییانەوە دەمرن.

د.خالس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی دەڵێ هەرێمی کوردستان ئامارێکی وردی نییە بەنێوی قوربانیانی ئەو نەخۆشییانەی لە ڕێگەی خۆراکەوە دەگوازرێنەوە.

## خواردنی ڕێستورانتەکان

شارەزایەکی خۆراک دەڵێ ئەوانەی لە چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانی کوردستان کاردەکەن، هۆشیارییەکی ئەوتۆیان نییە سەبارەت بە ستانداردەکانی پاراستنی خاوێنیی خۆراک.

لەشکر حەمید، ئەندازیاری خۆراک لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەموو کەسێک بۆ ئەوەی لە ئامادەکردنی خۆراکی شوێنە گشتییەکان کاربکات، دەبێ کۆرسێکی هۆشیاری دەربارەی سەلامەتیی خۆراک بۆماوەی یەک یان دوو هەفتە بخوێنێ، بەڵام لە کوردستان تاوەکو ئێستا مەرجی لەمجۆرە نەبووە، بۆیە سەیر نییە کارمەندانی چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانمان هۆشیارییان نەبێ سەبارەت بە بنەماکانی خاوێنی تاکەکەسی و سەلامەتیی خۆراک و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆراک و ئەوانەی خواردن دەخۆن".

لەشکر حەمید کە سەرۆکی لیژنەی تەندروستیی خۆراکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی، دەڵێت بنەماکانی هۆشیاریی تەندروستیی کارمەندان دەکرێن بەم بەشانەوە:

1– تەندروستیی تاکەکەسی: وەک نینۆک برین، خاوێنیی ڕیش و قژ و موو بە گشتی، بەکارهێنانی کڵاو و دەستکێش بەشێوەیەکی تەندروستانە و ئەنجامدانی پشکنینە بنەڕەتییە پزیشکییەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کەسەکە هەڵگری نەخۆشیی گوازراوە نییە.

لەشکر حەمید دەڵێت "لە کوردستان هەندێک لە کارمەندەکان دەستکێش ئەوەندەی بۆ پاراستنی دەستی خۆیان لە تەڕبوون یان پیسبوون بەکاردێنن، بۆ پاراستنی تەندروستیی خەڵکی بەکاری ناهێنن، بە هەمان دەستکێشەوە دەست لە گۆشتی کاڵ و کولاو دەدەن کە ئەمە مەترسیدارە، یان بە هەمان دەستکێشەوە دەست لە دەفری پیس دەدەن و دواتر دەست لە خواردنەکە دەدەن، بەو پێیە دەستکێشەکە دەبێتە نێوەندێک بۆ گواستنەوەی نەخۆشی بۆ ئەوانەی خۆراکەکە دەخۆن، نەوەک خاوێن ڕاگرتنی خۆراکەکە".

2– شێوازی هەڵگرتنی خۆراک: وەکوو شێوازی خاوکردنەوەی خۆراک یان دووبارە هەڵگرتنەوە و بەستنەوە. بە بڕوای لەشکر حەمید دەبێ کارمەندی چێشتخانە هۆشیارییەکی باشی هەبێ سەبارەت بە گرنگیی پلەی گەرمیی خۆراک "چونکە پلەی گەرمیی کارا، یاریدەدەری سەرەکییە لە گەشەکردنی چەندین بەکتریا و ڤایرۆس و مشەخۆر لەنێو ئەو خۆراکەی ئامادە دەکرێ".

3– شێوازی خاوێنکردنەوە و ماددە پاککەرەوەکان و شوێنەکانی هەڵگرتنیان: بۆ نموونە نابێ ماددە پاککەرەوەکان لە ژووری ئامادەکردنی خۆراکەکە دابنرێن، چونکە ماددەی مەترسیدار و نەخۆشخەریان تێدایە کە تێکەڵی خواردنەکە دەبن و دەبنە سەرچاوەی مەترسی بۆ کەسەکە.

ماوەی دوو ساڵە سێ ڕێکخراو (سەنتەری هۆشیاری تەندروستی، ڕێکخراوی کوردژین و ڕێکخراوی سەلامەتیی شوێنی کار) سەرگەرمی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی نوێن کە بریتییە لە کۆرسێکی فێرکاریی تەندروستی بۆ کارمەندانی چێشتخانەکان.

بە گوتەی ئامادەکارانی پرۆژەکە، سوود لە ئەزموونی وڵاتانی ئێران، بەریتانیا، مالیزیا و ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وەرگیراوە بۆ نووسینەوەی پرۆگرامەکە کە لە 112 لاپەڕە پێکهاتووە و بابەتەکانی بەسەر 6 چاپتەردا دابەش بوون.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، بەڕێوەبەری سەنتەری هۆشیاری تەندروستی و یەکێک لە ئامادەکارە سەرەکییەکانی پرۆژەکە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای 6-7 کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەت و ڕێکخراوە پیشەییەکان، ڕۆژی 28ی تەمموز گەیشتینە دارشتنی دەقی کۆتایی پرۆژەکە و پێشبینی دەکەین لە نیوەی یەکەمی مانگی ئابی ئەمساڵدا پرۆژەکە کارا بێ".

بەگوتەی د.عەبدولفەتاح پرۆژەکە لە شەش مانگی یەکەمدا لە سلێمانی پەیڕەو دەکرێ و دواتر گشتاندنی بۆ دەکرێ بەسەر هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا، دوای ئەوەی بەهۆی جێبەجێکردنی تێبینی چاودێرانەوە دەوڵەمەندتر کرا.

ڕووداو زانیویەتی هەر کارمەندێک بۆ ئەوەی بڕوانامەی تەندروستی لە بوارەکەی بەدەستبهێنێ ومۆڵەتی کارکردنی لە چێشتخانە وڕێستۆرانتەکان پێ بدرێ، دەبێ کۆرسێکی 25 کاژێری بخوێنێ کە لانیکەم پێنج ڕۆژ دەخایەنێ و لەبری خوێندنی کۆرسەکەش 75 هەزار دیناری لێوەردەگیرێ و بڕوانامەکەش لە کۆلێژی پۆلیتەکنیکی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند دەکرێ.

سەرەتا خولێک دەکرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کۆرسەکان فێری کارمەندانی چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکان دەکەن، هەروەها ئەو کەسانەی دەبنە ئەندامی لیژنەکانی بەدواداچوون و لێپرسینەوە لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# شەش سووربوونەوە لە منداڵدا



د.شادمان حەمەئەمین*

سووربوونەوە و تا لە منداڵدا زۆر ڕوودەدەن، ئێمە لێرەدا باسی شەشیان دەکەین کە لە گرنگترین حاڵەتەکانن:

## سورێژە (measles)

– ناوی دیکە: سورێژەی 14 ڕۆژی، سورێژەی توند.
– هۆکار: ڤایرۆسی سورێژە.
– دەرکەوتەکانی: لە دوای تەمەنی شەش مانگی دەردەکەوێ. سێ ڕۆژی یەکەم کۆکە، ئاوی لووت، سووربوونەوەی چاو، تایەکی بەرز (سەرووی 40 پلە). دواتر دەرکەوتنی سووربوونەوەی تەختی وردە، لە سەرەوە دەستپێدەکات و دوای 24 کاژێر دەگاتە قاچەکان.. دواتر بەهەمانشێوە کاڵ دەبێتەوە. دوای نەمانی، ڕەنگی قاوەیی دەبێت و توێخ هەڵدەدات.
– هەندێ نیشانەی دیکە: گەورەبوونی لیمفە گرێی مل، گەورەبوونی سپڵ، ئازاری سک، سکچوون، هەوکردنی سی، هەوکردنی گوێ.

## سوورەتا (scarlet fever):

– هۆکار: ژەهری بەکتریای ستریپتۆکۆکەس.
– دەرکەوتەکانی: لەگەڵ هەوکردنی گەروو و لەوزەتێنەکاندا دەردەکەوێت، بەرزە تا، سەرئێشە، ڕشانەوە، ئازاری سک، کەمبوونەوەی خواردن. خاڵی سووری ورد لەسەر مەلاشوو، سووربوونەوە و گەورەبوونی لەوزەتێنەکان و دەردانی خاڵی سپی.. چینێکی ئەستووری سپی لەسەر زمان و ئاوسانی (زمان وەکو چیلکەی سپی لێدێ)، دوای سێ ڕۆژ چینە سپییەکە نامێنێ و زمان سووری تۆخ دەردەکەوێت (زمان وەکو چیلکەی سووری لێدێ).. پەڵەی سووری کاڵ دەردەکەون (زبرە، وەک ئەوەیە دەست بە سمارتەدا بهێنی!) سەرەتا لە پشتەگوێ و ملدا، دواتر بڵاوبوونەوە بە هەموو لەشدا (سووربوونەوەی تۆخ لە بنباڵ، بنڕان، مل، سمت) دەوری دەم کاڵ دەبێتەوە.

## سورێژەی ئەڵمانی (Rubella):

– ناوی دیکە: سورێژەی سێ ڕۆژی، سورێژەی ئاسان.
– هۆکار: ڤایرۆسی روبێللا.
دەرکەوتەکانی: سەرەتا بە پەتا دەردەکەوێت (ئاوی لووت، تایەکی کەم)، هەڵئاوسانی لیمفەگرێکانی (پشتە گوێ، پشتەسەر، بەشی دواوەی مل)، دەرکەوتنی پەڵەی سووری تەخت–بەرز لە سەرەوە، سێ ڕۆژ دەخایەنێت، کەمترە لە سوورێژە.
– نیشانەی دیکە: سووربوونەوەی گەروو، سووربوونەوەی چاو، سەرئێشە.

## شێوە سووتان بە ئاوی گەرم (SSSS = Duke's disease):

– هۆکار: ژەهری بەکتریای ستافیلۆکۆکای.
– دەرکەوتەکانی: تا، هەراسانبوون، کەمخۆری، وشکبوونەوە، هەڵدانی توێخی دەوری دەم، ئازاری پێست کاتی بەرکەوتن، گەرمبوون و سووربوونەوەی پێست کە بە پەستان خستنە سەری توێخ هەڵدەدات (نیشانەی نیکۆلسکی). سووربوونەوە کە دواتر چرچ دەبێت و هەڵدەوەرێت، لە لۆچییەکانی لەشدا زۆرە.. دوای وەرگرتنی چارەسەر هیچ شوێنەوارێک بەجێ نامێنێ.

## سووربوونەوەی کوڵمی شێوە زللە (erythema infectiosum):


– هۆکار: ڤایرۆسی پارڤۆ – B19
–دەرکەوتەکانی: تا، لەشداهێزران، سەرئێشە، دوای 7-10 ڕۆژ سووربوونەوەی پێست، سەرەتا سووربوونەوە و ئاوسانی هەردوو کوڵم، کاڵبوونەوەی دەوری دەم کە چوار ڕۆژ دەخایەنێت. دواتر سووربوونەوەی لەش (دەست و قاچ) دواتر کاڵبوونەوە و شێوەی خەت خەتی باریک نزیکەی 11 ڕۆژی پێدەچێت.. خورووی نییە، توێخ هەڵنادات. لەوانەیە دوای ماوەیەک هەڵبداتەوە بەهۆی: گوشاری دەروونی، خۆشووشتن، بەرکەوتنی تیشکی خۆر.
– تێبینی: ئەو منداڵانەی کێشەی خوێن شیبوونەوەیان هەیە (وەک سالاسیمیا، کەمخوێنی داسی) ئەگەر تووشی ئەم ڤایرۆسە ببن دەگونجێ بۆ ماوەیەکی کاتی مۆخی ئێسکیان لەکاربکەوێت (کەمخوێنی، خوێنبەربوون، هەوکردنەکان) ڕەنگە پێویست بە خوێن گواستنەوە بکات.

## تای گوڵاڵەسوورە (roseola infantum):

– ناوی دیکە: تای سێ ڕۆژە، سووربوونەوەی کتوپڕ.
– هۆکار: ڤایرۆسی هێرپسی 6 و 7.
– دەرکەوتەکانی: لە سەروو شەش مانگییەوە دەردەکەوێ (شەش مانگ – دوو ساڵ).. تایەکی بەرزی کتوپڕ (سەروو 40 پلە) نزیکەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت، دواتر تایەکە نامێنێ و پەڵەی سووری کاڵی ورد دەردەکەوێت تاکو سێ ڕۆژی دیکە لەسەر سنگ، پشتەمل، پشت، دواتر دەست و قاچ.. هەندێکجار بە هەڵە وەک سورێژە دیاری دەکرێت.. بەرزبوونەوەی تای کتوپڕ ئەگەری گەشکەی تای هەیە
– نیشانەی دیکە (هەراسانبوون، کۆکە، گیرانی لووت و سکچوون).

*پزیشکی منداڵان

# بیستۆکی پزیشکی چۆن داهێنرا؟



د.زانا ئەحمەد*

زۆرجار کە ڕێمان کەوتووەتە لای پزیشکان، بیستۆکە پزیشکییەکانیان دەرهێناوە و خستوویانەتە سەر سینگ یان سکمان.

## بۆ وا دەکەن؟

ئەمە بۆ ئەوەیە گوێ لە دەنگی ئەندامەکانی ناوەوەی جەستەمان بگرن. چونکە ئەندامەکانیش هەر وەک ئامێرە کارەباییەکان لە کاتی کارکردنیاندا، دەنگ دەردێنن. هەر شێوانێک لەو دەنگانە، شێوانی فرمانی ئەو ئەندامە دەگەیەنێت.

مێژووی گوێگرتن بۆ ناوەوەی لەش گەلێک کۆنە. (هیپۆکرات) کە بە باوکی پزیشکی ناسراوە، گوێی خستووەتە سەر سینگی نەخۆشان. بۆی دەرکەوتووە ئەمە سوودی هەیە لە دەستنیشانکردنی کۆبوونەوەی شلە لە سینگدا. ویلیام هارڤی لە کۆباسێکیدا دەربارەی پێکهاتە و فرمانی دڵ لە ساڵی 1616دا، دەڵێت کاتێک دڵ خوێن دەردەهاوێژێ، ترپەیەکی دێ کە دەتوانرێ لە سینگدا ببیسترێ. کۆرڤیسارت، پزیشکی بەنێوبانگی فەرەنسی، بەردەوام گوێی دەخستە سەر سینگی نەخۆشەکانی بۆ بیستنی ترپەی دڵیان.

دۆخەکە وا مایەوە تاوەکو ئەوەی پزیشکێکی گەنجی فەرەنسی بەناوی (ڕێنێ لەینێک 1781–1826) داهێنانێکی کرد. لە مانگی ئەیلولی 1816دا کاتێک لەینێک بە حەوشەی نەخۆشخانەی کۆشکی لۆڤەردا لە پاریس تێدەپەڕی، بینی دوو منداڵ دارێکی درێژیان بە دەستەوەیە و هەر جارەی یەکێکیان سەرێکی دارەکە دەنێ بە دەمییەوە و ئەوی تریش بە گوێیەوە، لەو ڕێیەوە دەنگی خۆیان دەگەیاندە بەر گوێی یەکدی.

ئەمە بۆ لەینێک ئەوەی دەگەیاند کە دەنگ لەڕێی هۆکارەوە دەگوازرێتەوە و بەو هۆیەوە دەکرێ لە دوورەوە ببیسترێ. دوای ئەوە و هەر لەو ساڵەدا لەینێک ئاگادار کرایەوە لە بوونی نەخۆشێک کە نیشانە گشتییەکانی نەخۆشیی دڵی هەبوو. نەخۆشەکە کچێکی گەنج بوو. لەینێک زۆر شەرمی کرد سەر بنێتە سەر سینگی ئەو کچە بۆ پشکنین. یەکسەر بیر و خەیاڵی چووەوە سەر یاریی دوو منداڵەکە. بۆیە 24 پەڕی لە تۆمارنامەکەی سەر مێزەکە لێکردەوە و لوولی دان. سەرێکی خستە سەر سینگی نەخۆشەکە و گوێی خۆیشی خستە سەر سەرەکەی دیکە. سەرسام بوو کە بینی دەنگەکە زۆر بە ڕوونی کەوتە بەر گوێی. پاشان پەرەی بە بیرۆکەکەی دا و لە دار دروستی کرد. ناوەوەی دارەکەی کلۆر کردبوو. سەرێکی دارەکە بۆ گوێ و سەرەکەی دیکەش کەمێک فراوانتر بوو. درێژیی ئەو بیستۆکە نزیکەی 32 سانتیمەتر و پانییەکەشی 3.8 سانتیمەتر بوو.

لەینێک بیرۆکەی داهێنانەکەی لە ساڵی 1819دا بە چاپ گەیاند. لەو کتێبەیدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن بەو دۆزینەوەیە گەیشتووە، هەر لە لوولکردنی پەڕەوە بۆ دارە کلۆرەکە، هەروەک بنەماکانی دروستکردنی بیستۆک بە باشی ڕوون دەکاتەوە لەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی.

ئەو زانایە لە ساڵی 1826 بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشیی دەردەباریکە (سیل) کۆچی دوایی کرد، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی بەهۆی داهێنانەکەیەوە خۆی زۆر خەریک دەکرد بەو نەخۆشانەی هەڵگری ئەو نەخۆشییە بوون.

دواتر وردە وردە پەرە بەو بیستۆکە سادەیە درا تاوەکو لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کرا بە لاستیک و پاشتریش چەندین گۆڕانکاریی دیکەی بەسەردا هێنرا، تا بەوەی ئەمڕۆ گەیشت.

*پزیشکی هەناوی


هەمەجۆر
رووداو
ژمارە ( 418 ) - دووشەممە 2016/8/1



# کولتوورەکان لە رانیە بە یەک دەگەن

**پشتیوان جەمال- رووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لە ڕۆژانی 22-2016/9/23 لەلایەن سەنتەری رایەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووری، چوارەمین فێستیڤاڵی کولتوورە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت. خالید قادر، بەرپرسی سەنتەری رایەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووری بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو فێستیڤاڵە لە شاری رانیە و بە بەشداری 12 تیپی جیاواز لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەڕێوەدەچێت". سەبارەت بە بودجەی فێستیڤاڵەکەش گوتی "لەبەرئەوەی فێستیڤاڵەکانی دیکەش سەرکەوتوو بوون، چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت پشتگیریمان دەکەن، چونکە فێستیڤاڵەکە بۆ ڕێزگرتنە لە پێشمەرگە و لەپێناوی ئاشتی و پێکەوەژیانی نەتەوەکانە".



# میوانی شەوی کەرکووکی بەڕێوەیە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

نوێترین بەرهەمی هونەرمەند حەمەڕەئوف کەرکووکی بەنێوی میوانی شەو تەواو بووە و بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە.

حەمەڕەئوف کەرکووکی بە (رووداو)ی گوت کە ئەو بەرهەمە لە تێکستی زۆردار و میلۆدی خۆی و لەلایەن موزیسیان فەرهاد حەمەساڵحەوە کاری موزیکی بۆ کراوە و بەم نزیکانە کلیپەکەی بڵاودەکرێتەوە.

کەرکووکی گوتی کە جگە لەو بەرهەمە، سەرقاڵی بەرهەمێکیشە لەگەڵ تیپی موزیکی کەرکووک، تێکستی بەرهەمەکە لەلایەن ئەحمەد محەممەدەوە نووسراوە و میلۆدی خۆیەتی و لەلایەن موزیسیان چالاک سدیق موزیکەکەی بۆ ئامادە دەکرێت.



# کامێرامانێکی رووداو چیای شنگال دەکاتە فیلم



**پەسار فایەق**
**رووداو- شنگال**

کامێرامانێکی رووداو، فیلمێکی درامی لەسەر چیای شنگال و چیرۆکی ئێزدییەکان لە دەڤەری شنگال دێنێتە بەرهەم.

"چیایێ ئاسێ" نێوی فیلمەکەیە کە فارس مشکۆ، کاری دەرهێنان و وێنەگرتنی دەکات و بەرهەمی گرووپی گرعوزێرە بۆ هونەری نواندن. فارس مشکۆ کە کامێرامانی کەناڵی (رووداو)ە، دەڵێت هیچ هاوکارییەکیان نەکراوە بۆئەوەی فیلمەکە لە ئاستێکی بەرزتر بەرهەمبێنن و دواتر لە فێستیڤاڵە سینەماییە جیهانییەکان وەربگیرێت و نمایش بکرێت "داوای هاوکاریمان لە چەند لایەک کرد، بەڵام تەنیا ڕێکخراوی یەزدا هاوکارییان کردین".

ئەو دەرهێنەرە کە پێشتر کاری دەرهێنان و وێنەگرتنی بۆ شەش فیلمی دیکەی درامی و دۆکیومێنتاری کردووە، گوتی ئەو فیلمە باسی قوربانیانی دەستی داعش دەکات، هەروەها ڕەوشی چیای شنگال لەو هەشت ڕۆژەدا کە ئەو وەک کامێرامان لەوێ بووە و داعش چواردەوری چیاکەی گرتبوو.

# ئیسلام گەیشتە ئەمریکا

**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

ئیسلام زاخۆیی هونەرمەندی کورد بۆ ئەنجامدانی چەند کۆنسێرتێک گەیشتە ئەمریکا.

ئیسلام دەربارەی چوونی بۆ ئەمریکا بە (رووداو)ی راگەیاند "لەسەر داوای ڕەوەندی کوردی لە ئەمریکا، بەتایبەت لە ویلایەتی ناشڤیل ئێستا لە ئەمریکام، بڕیارە چەند کۆنسێرتێک لێرە ساز بکەم، هەروەها لە واشنتنیش کۆنسێرتم هەیە".

ئیسلام زاخۆیی گوتیشی "بەنیازم چەند ڤیدیۆ کلیپێک بە شێوازێکی مۆدێرن لە ئەمریکا تۆمار بکەم، لەگەڵ چەند دەرهێنەرێک قسەمان کردووە و دوای کۆنسێرتەکان دەست بە وێنەگرتنی ڤیدیۆ کلیپەکە دەکەین".

# جۆزی لە هەولێر گۆرانی تۆمار دەکات



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

ئەستێرە و گۆرانیبێژی عێراقی ئەحمەد جۆزی دوو گۆرانی عەرەبی لە شاری هەولێر تۆمار دەکات و کلیپیان دەکات.

ئەحمەد جۆزی، لەبارەی ئەو دوو کارە بە (رووداو)ی راگەیاند، تێکستی گۆرانییەکان لەلایەن شاعیری عێراقی وەجدی نووسراون و میلۆدییەکانیش هەڵکەوت زاهیر ئامادەی کردوون.

جۆزی دەشڵێت "کاری میوزیکی بەرهەمەکان لە تورکیا کراون، ئێستا خەریکم گۆرانییەکان کلیپ دەکەم و لە ئایندەیەکی نزیکدا لە کەناڵە هونەرییە عەرەبییەکان بڵاودەکرێنەوە".

# خۆشەویستی شڤان و هەڵکەوت کۆدەکاتەوە



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی ناسراوی کورد شڤان پەروەر، نوێترین گۆرانی خۆی بەناوی "خۆشەویستی" تۆمار دەکات و لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپەکەی بڵاودەکاتەوە.

تێکست و میلۆدی گۆرانییەکە لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە ئامادەکراوە، ئەمەش دەبێتە یەکەم کاری پێکەوەیی هونەرمەندان هەڵکەوت زاهیر و شڤان پەروەر.

هەڵکەوت زاهیر لەوبارەیەوە بە (رووداوی راگەیاند "لە دوو هەفتەی داهاتوودا، شڤان پەروەر بۆ تۆمارکردن و کلیپکردنی ئەم گۆرانییە دێتە هەرێمی کوردستان".

گوتیشی "ئەمە یەکەمین کاری پێکەوەیی من و هونەرمەند شڤان پەروەرە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دوایین کار نابێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا کاری دیکەش بەیەکەوە دەکەین".

# چاوەڕێی داسی زێڕینی کەژان بن



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

کەژان ئەسەدی، کچە شانۆکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆگەرییەکدا دەبینێت بەناوی داسی زێڕین.

ئەسەدی، لەبارەی ئەو شانۆییە بە (رووداو)ی راگەیاند "بەشداریم لە شانۆگەریی مێژوویی داسی زێڕین کردووە کە باس لە قارەمانێتی کچێکی کورد دەکات بەناوی ژیرنیا ئامێد، من ڕۆڵی ئەم کچە قارەمانە دەبینم".

شانۆگەریەکە لە نووسینی غەریب بەهرامی و لە دەرهێنانی عەتا شەکیبابیە و گرووپی شانۆی بەیان بەرجەستەی دەکات.

کەژان ئەسەدی ماوەی 12 ساڵە وەک ئەکتەر بەشداری لە دەیان فیلم و شانۆگەریی کوردیدا کردووە، دوایین کاریشی، بەشداریکردنی بوو لە فیلمێکی سینەمایی بەنێوی "هەنسکی ئاسمان".

# بەختی رووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



## کاوڕ

ئەو خۆشەویستییەی لە نێو ماڵ و خێزاندا هەستی پێدەکەیت، دەبێتە پشتیوان بۆ کارە قورسەکانت و سەرکەوتنت ئاسانتر دەکات. خۆت بەدوور بگرە لەو خەمەی تەنیا لە بیرکردنەوەتدا هەیە و لەڕاستیدا نییە.

## گا

وا هەست مەکە کەسێک بیەوێت ئاستەنگ بۆ کارەکانت دروست بکات. ڕەنگە تاقیکردنەوەکانی ئەمڕۆ ببنە بنەما بۆ سەرکەوتنت لە داهاتوودا. پێویستە هەمیشە خۆت بە بەهێزی پێشان بدەی.

## دووانە

گەڕانەوە بۆ رابردوو کارەکانت رادەگرێت و ڕەشبینیت زیاد دەکات. هێز و چالاکییەکی باشت هەیە بۆ ئەنجامدانی کاری گرنگ تەرخانی بکە. بیرۆکەی باشت هەیە بۆ کارکردن و لەگەڵ کەسێک تاوتوێی بکە.

## قرژاڵ

هەموو توانات لە کارەکەتدا بەکاربهێنە بۆئەوەی لە سەرکەوتن دڵنیا بیت. چەند جارێک لە ژیان تووشی شکست هاتوویت و پاشان بە بەهێزی هەستاویتەوە، ئەمجارەش سەرکەوتن چاوەڕوانتە.

## شێر

ڤینۆس لە کەلوەکەتدایە، کارەکان ڕێکدەخەیتەوە و خۆشەویست دەبیت. کەمێک هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، بەڵام چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆش بە، ئاسوودە بە لەکاتێکی گونجاودا بەخت هاوکاریت دەکات.

## فەریک

بایەخ بە بابەتە داراییەکان بدە. شێوازی مامەڵەت نەرمتر بکە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەخوازیت پەیوەندیی بەردەوامت هەبێت لەگەڵیان. خەمی خۆشەویستی ڕەشبینت دەکات، وا باشە پەلەی لێ نەکەیت.

## تەرازوو

لەم کاتەدا تەنیا هەوڵی خۆت یارمەتیت دەدات، پشت بە بەخت مەبەستە بەڵام لە کاتی ئەنجامدانی کارەکاندا ڕێگریت بۆ دروست نابێت. گەشبین بە هەنگاوەکانت.

## دووپشک

هەموو ئەو شتانەی بیریان لێ دەکەیتەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت باسیان بکە ڕەنگە ئەویش چاوەڕوانی تۆ بکات. ئەگەر زۆر پێویست نەبێت پارە خەرج مەکە بۆ ئەوەی لە ماوەی داهاتوودا تووشی گرفتی زیاتر نەبیت.

## کەوان

ئەنجامدانی کارەکان ڕەنگە قورس بێت، بەڵام هەوڵ بدە تەواویان بکەیت، ماوەکانی داهاتوو سەرقاڵیت زیاتر دەبێت. دەتوانی لە کاتێکی گونجاودا سەفەر بکەیت. کارەکانت زۆر و بەربڵاون.

## گیسک

دەتوانی کارە پەرشوبڵاوەکان ڕێکبخەیتەوە پاشان خۆت بۆ کاری نوێ ئامادە بکە. خۆشەویستەکەت چاوەڕوانی تۆیە گرنگیی پێ بدەی. بەهۆی دۆخێکەوە بابەتێکی ئاڵۆزت بۆ ڕوون دەبێتەوە و بڕیارێک دەدەی.

## سەتڵ

هەندێک گفتوگۆ تەنیا کاتت بە هەدەر دەدات و ئەنجامی نابێت، هەوڵ بدە گفتوگۆی بەسوود ئەنجام بدەیت. کۆتایی بەو جۆرە بیرکردنەوانە بهێنە کە بەردەوام دوودڵیت بۆ دروست دەکەن.

## نەهەنگ

کێشەکەت بە گفتوگۆ چارەسەر بکە هەتا بێدەنگ بیت خەم زیاد دەکات. خۆشەویست دەبیت و چواردەورەکەت چاوەڕوانی سەرکەوتنت لێدەکەن، هەوڵ بدە و نائومێدیان مەکە. گرفتی بچووک گەورە مەکە.



# غەزەلێک، هەمیشە بۆنی ئێستای لێ دێت



کامەران سوبحان

- 1 -

پیاوێکی کورتەباڵای سوور و سپیی چاو گەورە، ریش تاشراوی سمێڵ درێژکۆلە هەمیشە بە جلوبەرگی کوردی و کەواو سەڵتەی جافی و قنج و قیت و دڵتەڕ و روخسار سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت. لەو پیاوە تەنیا چەند وێنەیەکی کەم ماون کە لە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕن. ئەم پیاوە، شاعیرێکی ناوداری کوردە کە هۆز و ماڵباتەکەیان رۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کوردی لە سەدەی نۆزدە و بیستدا بینیوە. ئەم شاعیرە، لەسەر شێوازی پێنج خشتەکیی شاعیرانی وەکو: زێوەر، ناری، سافی هیرانی و شێخ رەزای تاڵەبانی شیعر و غەزەلی سەرنجڕاکێشی نووسیوە و غەزەلەکانی هەرچەندە کۆن بن، بەڵام بۆنی ئێستا و ئێرەیان لێ دێت. زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوە و چەندین شیعری بەو زمانە نووسیوە و سەدان پارچە شیعریشی لە کەشکۆڵ و لاپەڕە دەستنووسەکاندا ون بوون. لەماوەی 43 ساڵ ژیانیدا سەدان شیعری فارسی و کوردیی جوانی نووسین کە بەداخەوە زۆرینەیان کۆنەکراونەتەوە و فەوتاون.

کاتێک عوسمانییەکان بە فەرمی بنەماڵەی جاف لە هەڵەبجە و شارەزوور و گەرمیان دەکەنە بەرپرسی یەکەمی ناوچەکە، وەسمان پاشای جاف و عادیلە خانم زۆر هەوڵ دەدەن هەردوو کوڕەکەیان (تاهیر بەگ، ئەحمەد موختار) بەشێک لەو بەرپرسیارێتییە بخەنە سەرشانیان و هاوکاریان بن لەو کارەدا. ئەحمەد موختار هاوکارییان دەکات، بەڵام تاهیر بەگی جاف بە نابەدڵی یەک دوو ساڵ کاروباری ناوچەکە دەگرێتە دەست و هەر زوو واز دەهێنێت و خۆی بۆ شیعر و غەزەل و کۆڕ و کۆبوونەوە و میوانداریی دیوەخان یەکلایی دەکاتەوە. ساڵێک لەکاتی کۆکردنەوەی بەروبوومی دانەوێڵەی جووتیارانی ناوچەکەدا، وەسمان پاشا پێی دەڵێت: "کوڕم بڕۆ بۆ دەشتی شارەزوور تا سنووری گەرمیان باجی بەرهەمی دانەوێڵەی جووتیاران کۆبکەرەوە".

**پاش چەند رۆژێک لە پشتگوێخستنی ئەم داواکارییە (تایەر بەگ) بە شیعرێک وەڵام دەداتەوە کە ئەوە کاری ئەو نییە و ئەو نایەوێت ئەو کارانە بکات، ئەو دەیەوێت شاعیر بێت و بەس:**


**سەد کە پاشای، حەز بکەی هەر جۆر موکافاتم ئەدەی**
**من قسەی حەق هەر ئەکەم سا چۆن موجازاتم ئەدەی**
**من بە تەختی خوسرەو و جامی جیهانی تێ ئەگەم**
**تۆ بە مەئموور و ئیعانەی دۆم و خەڕاتم ئەکەی**
**من بە سەد مننەت، لە نەخلی لێوی یاری خۆم ئەخۆم**
**تۆ بە شاگردی دوکانی مەروەقە و نانم ئەکەی**
**من ڕەزا نابم، بە نانی گەندومی ئادەم فەریب**
**تۆ ئومێدی کوورەخانەی نانەواخانەم ئەکەی**
**من لە شاهی خاوەنی فێڵ و عەلەم پەروام نییە**
**تۆ بە ژێر دەستی پیادە و ئەسپەوە ماتم ئەکەی**

- 2 -

تاهیر بەگی جاف، لەپاش مردنی لەساڵی 1918 چەندین جار دیوانە شیعرییەکەی چاپ کراوەتەوە. بەڵام هەرجارەی بە کۆمەڵێک کەموکورتییەوە، باسکردن لە چاپی دیوانێکی شیعری کە سەرجەم شیعرەکانی تایەر بەگی تێدا کۆکرابێتەوە جۆرێکە لە مەحاڵ، ئەمە جگە لەوەی دەبێت لە دووتوێی چەند بەرگێکدا کۆبکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئاماژەمان پێدا بەشی هەرە زۆریان لە کاتی خۆیدا و پاش مردنی فەوتان و کۆنەکرانەوە. لەنێو چەندین کەشکۆڵی کۆنی کوردیدا، شیعری تایەر بەگ هەیە، بەڵام بە خەتێکی هێندە ناشیرین شیعرەکانی نووسراونەتەوە، کە پسپۆڕی خۆی دەوێت بتوانێت بیخوێنێتەوە.

یەکەم چاپی دیوانی شیعریی تایەر بەگی جاف لە ساڵی 1936 بوو کە لە چاپخانەی (ژین) لە سلێمانی چاپ کراوە و لەلایەن گیو موکریانییەوە کۆکراوەتەوە. پاش دوو ساڵ جارێکی دیکە ئەم دیوانە چاپ کرایەوە و دواتریش لەساڵی 1966 جارێکی دیکە مامۆستا گیو موکریانی لە چاپخانەکەی خۆی لە هەولێر دیوانەکەی چاپ کردەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیوانەی کە گیو موکریانی چاپی کردووە، کەموکورتی و هەڵەی چاپی زۆرە. دیارە بۆ ئەم دیوانە شیعرییەی تایەر بەگی جاف سوودی زۆر لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکانی (عەلی کەمال باپیر ئاغا) بینراوە کە خۆی لە ژیاندا بەشی زۆری شیعرەکانی تایەر بەگ و ئەحمەد موختاری بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە.

ئەوەی کە من لەم ماوەیەدا کارم لەسەر شیعرەکانی تایەر بەگی جاف کردووە و بەدواداچوونم بۆ هەندێ لە شیعرەکانی کردووە، بە بۆچوونی خۆم پاکترین و کۆکراوەترین دیوانی تایەر بەگی جاف تا ئێستا، دیوانێکی دەستنووسی (300) لاپەڕەییە کە هەردوو نووسەر و توێژەر (محەممەد رەشید ئەمینی –پاوە و کاروان عوسمان خەیات–ڕێبین) بە هاوبەشی کۆیانکردووەتەوە و پەراوێزیان بۆ نووسیوە و پێداچوونەوە و بەراوردکارییان بۆ شیعرە کوردی و فارسییەکانی کردووە. ئەم دیوانە کە هێشتا چاپ نەبووە، دەکرێت بە یەکێک لە پوختترین و کۆکراوەترین دیوانی تایەر بەگی جاف ئەژمار بکرێت. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە رەنگە تایەر بەگ بەشی سێ کتێبی گەورە شیعری بە زمانی فارسی نووسیبێت، بەڵام بەداخەوە لەو دیوانە شیعرییانەی کە تائێستا چاپ کراون، کۆمەڵێکی کەم لە شیعرە فارسییەکانی تێدایە.




- 3 -

شێخ رەزای تاڵەبانی و مەلا کاکە حەمەی مەلا ئەحمەد ناسراو بە (ناری) کە دوو شاعیری کوردن، بەبێ باسکردنی ئەم دوو شاعیرە و ئەزموونی شیعری و شێوازی نووسینیان مەحاڵە بتوانین وەک خۆی تایەر بەگی جاف بخوێنینەوە. تایەر بەگ لە شیعرە فارسییەکانیدا زۆر سەرسام بووە بە شێوازی نووسینی شێخ رەزای تاڵەبانی، هەر جارێکیش شێخ رەزا سەردانی عادیلە خانمی کردبێت لە هەڵەبجە، داوای لە تایەر بەگ کردووە شیعرە نوێیەکانی خۆی بۆ بخوێنێتەوە. لەم پەیوەندییەوە تایەر بەگ زۆر سەرسام دەبێت بە شیعری شێخ رەزا، یەکێک لەو شیعرە پێنج خشتەکییانەی تایەر بەگ کە لەسەر غەزەلێکی شێخ رەزا نووسراوە، غەزەلێکە لە هەشت بەشی پێنج خشتەکی پێکهاتووە. لەرووی وشەسازی و زمانی شیعری و وێنە و رێکخستنی وشەوە بە یەکێک لە غەزەل و شیعرە ئاست بەرزەکانی تایەر بەگ دادەنرێت:

**نەمدی کەڕەتێک تاکە نیگاهێکی عەتا کا**
**بەم شاهی و واڵاییە لوتفێ بە گەدا کا**
**لێی دوورە کە یەک رەسمی موسڵمانی ئەدا کا**
**(ڕۆژێ نەبوو ئەو دوولبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا**
**جارێ نەبوو ئەو کافرە شەرمێ لە خودا کا)**
******     ******
**کاتێک کە پێی نایە رکێف، تاو لە خەمی مرد**
**رۆیشت و خەم و فیکرمی با دڵ لە گەڵی برد**
**ئێسکی لەشی من گشتی لە ژێر باری فیراق ورد**
**(کارێ کە غەم و دەردی فیراقی بە منی کرد**
**سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا)**

زمانی ئەم غەزەلەی تایەر بەگی جاف بەراورد بە ئاستی زمانی نووسینی پەخشان و شیعری کوردی لەو قۆناغەدا، لە ئاستێکی بەرز و پڕ لە وێنە و مانادایە. ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیاری شیعرەکانی تایەر بەگە.

هەر لەو کاتانەی کە شێخ رەزا سەردانی ماڵی وەسمان پاشای جاف دەکات، جارێک شێخ رەزا دەبێتە میوانی ماڵی وەسمان پاشا، بەڵام وەسمان پاشا خۆی لە ماڵ نابێت، کوڕانی وەسمان پاشا و عادیلە خان زۆر رێز لە شێخ رەزا دەگرن، ئەویش لەپای ئەو هەموو رێز و جوامێرییەی ماڵی وەسمان پاشا لەگەڵیدا نواندوویانە، ئەم دێڕە شیعرە بەسەر عادیلە خاندا دەڵێت:

**قامەتت بێشک نەمامی عەرعەرە، یا سووسەنە**
**دەک فیدای ناز و گیشمەت بم، پەریزادەی سنە**

عادیلە خان بەوە زۆر خۆشحاڵ دەبێت، بۆیە لەبری ئەوە، پاڵتۆیەکی بە قیمەت و 200 قڕان دیاری دەبەخشێتە شێخ رەزا. لەو سەردەمەدا باو بووە شاعیران لەبری شیعرەکانیان دیارییان لە کەسایەتییە ناودارەکان وەرگرتووە. بەو پێیەی تایەر بەگیش زۆر شارەزای زمانی شیعریی شێخ رەزا دەبێت، داوا لە دایکی دەکات لەبری ئەوەی خەڵاتی شێخ رەزا بکات سزای بدات، چونکە ئەو پێیوابووە کە (پەریزادەی سنە) تەشەر و جنێوە نەک ستایش.

هاوکات لەنێوان (ناری) و (تایەر بەگی جاف) یشدا، چەندین غەزەل و چوارینە و شیعری هاوبەش و پرسیار و وەڵام بە زمانی شیعر هەن. ئەمە جگە لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ئەدەبی و دۆستانە لەنێوانیاندا. لە ئەزموونی شیعرنووسیندا، لە نێوان (تایەر بەگ و ناری)دا چەند شیعرێک هەبوون وەکو پرسیار و وەڵام. تایەر بەگ گومان و پرسیاری هەبووە لەسەر رەفتاری موسوڵمان و ئاین و بیروباوەڕ، بەشیعر نووسیویەتی و (ناری) وەک شاعیر و مەلایەک وەڵامی داوەتەوە، بەیتی یەکەمی پرسیار و وەڵامە شیعرییەکەی تایەر بەگ و ناری بەم شێوەیە بووە:

**خودا عەدلی لەلای عارف عەیانە**
**بەحەققەت ئێمە گەلین، ئەو شوانە**
**لەبەر چی وا مەڕی خۆی مەردی چوپان**
**بەدەستی خۆی ئەخاتە بەر نیشانە؟**

********     *****

**ئەگەر موئمین بە حەققەت دۆستی حەقن؟**
**چییە حیکمەتی زەلیلی رووسیانە؟**
**موقەددەر بوو کە گەندووم بێ بە رزقی**
**لە ئادەم بۆ دەبێ بگرێ بەهانە؟**

**(وەڵامی ناری بۆ تایەر بەگ)**
**سوئالت ئەی سوخەن سەنجی زەمانە**
**ئەساسی عیجز و تەشویشی مەلانە**
**حەقیقەت قسمەتی ئەحواڵی عالەم**
**دەلیلی زەبت و ئەحکامی نیهانە**

*******     ******

**کەسێ عارف بە حوکمی پادشایە!**
**کە مەحرەم بێ بە ڕازی خوسرەوانە!**
**وەلێ مەجبورە فیکرم بۆ جەوابت**
**ئەگەر چی عاجزی دەوری زەمانە!**

- 4 -

هەموو بەیانییەک زوو، پێش دەرکەوتنی تیشکی خۆر لە بەرزاییەکانی پشتی عەبابەیلێ و شاخی شنروێ، بەشێک لە ژنانی گەڕەکی (جوولەکان، پاشا، کانی عاشقان) بە خۆیان و گۆزەکانیانەوە روویان لە (کانی نواڵە) دەکرد کە کانییەک بوو بەرامبەر ماڵی وەسمان پاشای جاف. (تایەر بەگ)یش لە بانێژە بەرزەکەی ماڵی خۆیانەوە، رووەو خۆرهەڵاتی شار و بە دامێنی کانییەکەدا، چاوی دەبڕییە دیمەنی ژنانی شار. رۆژێک لەو رۆژانە، دڵی شاعیر بە کیژێکی جوولەکەی شارەوە دەنیشێ و ئەو کیژە دواتر دەبێتە مایەی تەقینی کانیاوی شیعری تایەر بەگ.

(شێوە)ی کچی شاوڵە کەڕی زێڕینگەر، سەرەڕای جیاوازیی ئاین، شەیدای بەگزادە دەبێت و شاعیریش بۆ ئەو عیشقە چەندین شیعر و غەزەل دەنووسێ کە دیارترینیان (بە غەمزەی چاوی مەخمووری) بوو:

**بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی، مەستی مەی کردین**
**بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین**
**ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من**
**کەچی دەستی لەسەر دانا، لە سەیری باخی بەی کردین**
**بە هەوری پەرچەم و زوڵفی، روخ و ئەبرۆی کە داپۆشی**
**لە شەوقی روئیەتی بەدر و هیلالی یەک شەوەی کردین**

لە رۆژی ئاهەنگی گواستنەوەدا، موسوڵمان و جووەکانی هەڵەبجە ئاهەنگێکی گەورە دەگێڕن، وەک دەڵێن سێ شەو و سێ رۆژ ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و شادی بەردەوام بووە. بەرهەمی ئەم هاوسەرێتییەش کوڕ و کچێک دەبێت بەناوەکانی (ئەکرەم و بەهییە). پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کە جووەکان بۆ ئیسرائیل کۆچ دەکەن، شێوە و هەردوو منداڵەکەی هەڵەبجە بەجێدێڵن و لەوساوە هیچ کەسێک هەواڵێک لەبارەی هاوسەر و دوو منداڵەکەی تایەر بەگ نابیستێ و ئەوانیش وەک بەشێکی زۆری شیعرەکانی، ون بوون.

- 5 -

(تایەر بەگ و ئەحمەد موختار و وەسمان پاشا و عادیلە خانم) ئەم خێزانە چوار کەسییە، ئێستا پێکەوە لە گۆڕستانی گوندی عەبابەیلێ، لە خۆرهەڵاتی هەڵەبجە، لە شوێنێکی چەپەک و فەرامۆشکراودا نێژراون. ئەمە لەکاتێکدا ئەوان رۆژگارێک سەردار و دەستڕۆیشتووی ناوچەکە بوون، ئەمە جگە لەوەی تایەر بەگ و ئەحمەد موختار دوو شاعیری گەورە بوون کە رۆڵیان هەبووە لە پێشخستنی زمان و شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا. دەبووایە ئێستا مەزارگەی ئەمان شوێنێکی تایبەت و گەشتیاری بێت و نەوە دوای نەوەی ئەم نەتەوەیە لەسەر گۆڕەکانیان یادی ئەو خزمەتەیان بکەنەوە کە ئەوان بە زمان و شیعری کوردییان کرد.

زۆر جار کە دەچمە هەڵەبجە، سەر لە گۆڕی ئەم دوو شاعیرە دەدەم و هەموو جارێکیش ئەو کۆپلە شیعرەی ئەحمەد موختار جاف لەسەر کێلی گۆڕەکەی چەند جارێک لەسەر یەک بەبێ دەنگی دەخوێنمەوە و بە نیگەرانییەکی قووڵەوە ماڵئاوایی لەو ئازیزانە دەکەم.

تا چەند رۆژێک دوای ئەو سەردانە، بیر لە شیعرەکانی ئەو دوو شاعیرە و بێ منەتی و بێ باکیی ئینسانی کورد دەکەمەوە لە فەرهەنگ و مێژووی پڕ لە گەوهەری رابردووی:

**وەختی تێکۆشانە خەڵکینە غەفڵەت تابەکەی**
**واخەزانی کردووە ئێستاکە گوڵزاری وەتەن**
**خۆ وەتەن ئەمڕۆ نەخۆشە ئەم تەبیبی حازیقە**
**چی ئەبێ بیکا موداوا قەلبی بیماری وەتەن**
**کوانێ خەڵکینە لە کوێن فیرقەی مونەووەر تینە تان**
**چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەرد و ئازاری وەتەن**

# عەقڵی کۆلاژی و ئاگایی ساختە

## (دەرکەوتەکانی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا)

ئیدریس شێخ شەرەفی

یەکێک لە ئەرکەکانی سیستەمی تۆتالیتێر وەک لیڤیاتانێکی یەکگرتووخواز، لە ئاستی رووکاری دەسەڵات و لەپێناو دەرکنەکردنی سنووره بەرفراوانەکانی هێزەکەیدا ئەوەیە عەقڵ پارچە پارچە بکات و لە هەمەکیەتی خۆی دەربیهێنێ و بەسەر هەندەکی فرە و شێواو و شکاودا دابەشی بکات. ئەم نەخۆشییە یەکێکە لە نەخۆشییە دیارەکانی سەدەی بیستەم کە بیرمەندانی قوتابخانەی رەخنەیی فرانکفۆرت لە روانگە و رووگەی جیاوازەوە شرۆڤەیان کردووە، بەڵام لە ئێستادا و لە سەردەمی بەجیهانیبوون و بازاڕگەرایی و لە دونیای ئێمەدا رەهەندی زۆر جیاوازی وەرگرتووە.

عەقڵ Raison کە لە زمانی لاتینیدا لە رەگی rat وەرگیراوە (بە هەندێ حەزەرەوە، رەنگە بگەڕێتەوە بۆ apiouoc، artus، ars، art )، لە بنەڕەتدا گوزارشتە لە شتێک کە هەماهەنگە، پێکەوە گونجاوە و لە ئاکامی پێکەوە گونجانیشدا تۆکمەیە، هەربۆیە سیستەمێکە لە هزری بەسەریەکەوە. بێگومان کاتێ قسە لەسەر عەقڵی تۆکمە دەکەین، ئەوا رێک لە ئاستی واقیعدا لەسەری دەدوێین و بەهیچ جۆرێ مەبەستمان عەقڵی جیهانی نییە، بەڵکو ئاماژەکردنە بۆ تەبایی نێوان عەقڵ و واقیعێکی دیاریکراو کە مرۆڤ هەستی پێدەکات و لەناویدایە و لە رێگای سیستەمی زمانییەوە تەعبیری لێدەکات و ئەمەش لەنێو پەیوەندییەکی چڕی سیستەماتیکدایە کە کارلێک دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن. بەڵام هەرکاتێ پەیوەندیی نێوان عەقڵ و زمان لە رێگای هەندێ فاکتەری دەرەکی و دواتر ناوەکییەوە پچڕا بۆ ئەوەی واقیع نەناسرێتەوە (جگە لە هەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەن و پەتی نەبێت، وەک دۆخی هونەر) ئەوا مرۆڤ تووشی "رەوشی وڕێنە" دەبێت و وەک جۆرێک لە نەخۆشی ناتوانێ پێداویستیەکانی واقیعی خۆی دەرک بکات.

ئەم ئیشکالیەتە واتە نەبینینی واقیع و پێداویستییە راستەقینەکان، ئەمڕۆ بە جۆریک لە جۆرەکان سیستەم گەرەکیەتی لە رێگای سەب_سیستەمەکانی خۆی و دەزگا زەبەلاحەکانی میدیاوە وەها وێنای بکات و بازاڕگەرمیی بۆ بکات کە خۆی لە خۆیدا وایە، وەک ئەوەی واقیع بەرهەمی ئیرادە و کار نەبێت و شتێکی لەپێشدا داڕێژراو و ئامادە بێت. کەواتە ئیرادەی تێکشکاو یان دەستەوەستانی لەنێوان ئەوەی دەتەوێ و دەزانی و دەتوانی بیکەی، بەڵام لە ئاوێنەی شکاوی واقیعدا بۆت کۆناکرێتەوە، لە راستی دا مۆنتاجی واقیعێکی داسەپاوە. کەواتە لە بنەڕەتدا کێشەکە پەیوەندی بەوەوە نییە کە "نازانی چیت دەوێت؟" بەڵکو پەیوەندی بەو هەژموون و لێشاوی وێنە و گوتارەوە هەیە کە سیستەم وەک واقیعی موزەیەف دروستی دەکات و "ناهێڵێ بزانی چیت دەوێ!" یان بەربژێر و ئەگەر و وێنەکان بەجۆرێک مۆنتاج دەکات کە بە ئاسانی نەتوانین هەڵبژاردەی خۆمان بناسینەوە و لەناو ژاوەژاوی هەرزان بازاڕی خواست و پێداویستییەکاندا گوێمان لە دەنگی عەقڵ نەبێت. ئەم پرۆسێسە وردە بە جۆرێک کار دەکات و پارێزگاری لە سیستەم دەکات کە تەنانەت ئەگەرەکانی دەرەوەی سیستەمیش دادەڕێژێت و لە رێگای هێرشی وێنە و بیرۆکەوە بە ئاسانی دەتوانێ دەستکاری خواست و ویستی تاک بکات و پەیوەندی نێوان عەقڵ و زمان ببڕێت، هەربۆیە ئەوەی عەقڵ هەستی پێدەکات وەک چالاکبەخشی هزر لەخۆیدا و ئاراستەکردنی ئەم چالاکبەخشییە بەرەو وەڕاستگەڕان (تحقق) و کەماڵ، زمان ناتوانێ گوزارشتی لێ بکات.

کەواتە عەقڵی کۆلاژی، ئەو عەقڵە پارچە پارچە و دابەشبووەیە کە مرۆڤی هەزار پارچە و فرەڕوو و پینەکراو دەخوڵقێنێ، مرۆڤێک کە ناتوانێ سەرەتاییترین ئەرکی عەقڵ کە بریتییە لە سازان لە نێوان شتەکان و هزر لەلایەک و لە نێوان هەماهەنگی هزر لە خۆیدا لەلایەکی ترەوە، دەستەبەر بکات. ئەم شێوازییە دەستکرد و دروستکراوی سیستەمی سیاسییە کە دواتر شۆڕی دەکاتەوە بۆ ناو سەرجەم ژێ_سیستەم و پنتەکانی دیکەی کۆمەڵگا، ئەگینا لە بنەڕەتدا عەقڵ جەوهەرێکی سادەیە و حەقیقەتی شتەکان دەزانێ و ئاوێتەیەک نییە لە بیرۆکە تا بشێت گەندەڵ بێت، کەواتە هەموو پارچە پارچەکردن و پینەکردنێکی عەقڵ گەندەڵییە لە هزر و بیرکردنەوەدا سەبارەت بە واقیع، لێ سیستەم دەیەوێت ئەمە وەک فاکت پێشان بدات و ئێمەش وەک ئەمری واقیع ئەمە قبوڵ بکەین کە نازانین چیمان دەوێت و ناتوانین بە مانا دیکارتییەکە حوکم بدەین، واتە ناشێین راستی لە پووچ و، چاکە لە شەڕ و، جوانی لە دزێوی جیابکەینەوە، یان بە واتا کانتیەکەی ناتوانین عەقڵ وەک کۆمەڵێک پرەنسیپی پێشینە Apriori وێنا بکەین کە رێکخەری مەعریفەیە وەک پرەنسیپی نادژیەکی و پرەنسیپی هۆیەتی و ئامانجداری.

ئەگەر سەیری ئەم پەیوەندییە شێواوە بکەین لە ئێستای خۆمان و کورتە مێژووی ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا کە لە نێوان عەقڵ و زماندا هەیە، بە ئاسانی دەتوانین هەست بەوە بکەین کە عەقڵی کۆلاژی فاکتەری سەرەکی بەرهەمهێنانی ئەم شێوازیە و نۆرماڵیزەکردن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەتی.

کاتێ دەسەڵاتداران و رۆشنبیرە ئایدیۆلۆگەکانی ئەم هەرێمە وەک وشەی یەکتربڕ لە بەرزایی میدیاکانەوە باسی بوون و ژیان و پانتایی گشتی و تایبەتی دەکەن، لە یەک چرکەساتدا دەتوانن وەک داکۆکیکاری دیموکراسی و کرانەوە و دیکتاتۆریەت و داخران و ئازادی و رەشەکوژی و ماف و زوڵم، خۆیان نمایش بکەن بەبێ ئەوەی گوێی خۆیان هیچ فلتەرێکی تێدا بێت و هەموو وەرەقەکانی بەردەستیان و هەموو ئەوەی دەتوانن ئاماژەی بۆ بکەن بە جۆرێک ئاوێتەی یەکتر بکەن کە لە راستیدا هیچ نەڵێن و لە رێگای مەکینەی وشەفرێدانەوە بە جۆرێک بەردەوامی بە پرۆسێسەکە بدەن کە لە چەندین بەرنامە و کەناڵی دژبەیەکدا گوتاربێژی بکەن، ئەوا گرفتەکە تەنیا بەم نمایشە کۆتایی نایەت و لە ئاستێکی بەرفراوانی سایکۆ_سۆسیۆلۆژیدا تووشی کێشەی ئاگایی ساختە (الوعی المزیف) دەبین. واتە ئەم عەقڵە کۆلاژییە هەر بەوەندە ناوەستێت کە نایەوێت تەعبیر لە واقیع بکات لە خۆیدا، بەڵکو سەردەکێشێ بۆ خوڵقاندنی جۆرێک لە ئاگایی کە مرۆڤ ناتوانێ خۆی و دەوروبەری وەک ئەوەی کە هەیە بناسێ و گوزارشتی لێبکات. ئەگەر ئەم کێشەیە لە ئاستی وجودی و کەسایەتیدا بەرهەمهێنەری نامۆیی بێت بە خۆی و ژینگەکەی یان لە باشترین حاڵەتدا بەرهەمهێنەری مرۆڤی ساویلکە و رواڵەتی و بەرخۆر بێت، ئەوا لە ئاستی سیاسی و گشتیدا دەتوانێ نیشانەی داڕزان و بەرەو هەرەسچوون بێت کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەرلەوەی ئەم پرۆسێسە بگاتە کۆتایی خۆی لە ئاستی تاکەکەسیدا، لە ئاستی گشتیدا بەرەو تەقینەوەی سیاسی دەچێت.

لە گەرمەی بەهاری عەرەبیدا یەکێک لە بەرپرسانی ئیسرائیل گوتی: زیاتر لە پەنجا ساڵە دەسەڵاتدارانی عەرەب خەڵک لە دژی ئێمە هان دەدەن، کەچی لە دژی خۆیان راپەڕین! کەواتە چەندە هەوڵ بدرێت جەخت لەسەر تۆخکردنەوە و دامەزراندنی ئاگایی درۆینە و ساختە بکرێت، دواجار دەشێت دەنگی عەقڵی هەمەکی بە ئاگامان بێنێتەوە.

ئێستا ئەگەر ئەم نموونەیە لەسەر کوردستان و گوتارە لەرزۆکەکانی پیادە بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە هەرچەندە دەستکاری ئاگایی مرۆڤ بکرێت و لە خۆی دابېڕێت و نەهێڵرێت بزانێ چی دەوێت، دواجار رەسەنایەتی ناوەکیی مرۆڤ وەک سەرچاوەی فەزیلەت و کەرامەت و ویستی ئازاد، بانگی دەکات بۆ خۆناسینەوە و لەمسکردنی واقیع، چونکە مرۆڤ نەدەتوانێ تا ئەبەد لە خەودا بژی و نە لەغەفڵەتدا. بەڵام ئەم پرۆسێسە هەمیشە و بەردەوام بە یەک ئاراستەدا ناڕوات و لە هەندێ حاڵەتدا شێواویی وێنەکان بەرەو جۆرێک لە شێتی دەیبەن کە رێک دیوی ئاوەژووی گوتاری دەسەڵاتی سیاسییە. کەواتە ئێستا لەنێو ئەو پەیام و گوتارانەی کە هێزە سیاسییەکان ئاراستەی عەقڵی کوردی دەکەن و دەیانەوێت زایەڵەکەی ببیستنەوە، دەتوانین هەست بەوە بکەین کە هیچ پرۆژەیەکی سیاسی خاوەن عەقڵێکی هەمەکی نییە دواجار بمانگەیەنێت بە خود_ئاگایی. بۆ نموونە ئەگەر لەلایەکەوە بمانەوێ دەوڵەتی عەقڵانیی کوردستان، کە لەسەر بنەمای سیستەمی دەستووریی دیموکراتی دادەمەزرێ، بگۆڕین بە جۆرێک لە دیماگۆجیەتی سیاسی و هەڵخەڵەتاندن و قوربانیکردنی ئێستا لە پێناو ئاییندەیەکی وەهمیدا و یان لەولای ترەوە ئەگەر خەونی خۆدۆزینەوە و خۆناسینەوە، لە خۆهەڵواسین بە "ئەویتر" و پێناسەکردنی خۆمان و دیاریکردنی شوناسی خۆمان لە خزانە قاڵبی "ئەوانیدی" دا ببینین، ئەوا بێگومان ئێمە خەریکی کۆلاژکردنی جۆریک لە عەقڵین کە ئاگاییەکی ساختە بەرهەم دێنێ و بەرەو کەماڵمان نابات، بەڵکو بەرەو هەڵدێر و داڕزان دەچین. بۆ دەرچوون لەم تەڵەزگەیە پێویستە بڵندگۆی ژاوەژاوی سیاسی کە گاڵتەجاڕی وەک جۆرێکی باوی سیاسەت دەخاتەڕوو، بگۆڕین بۆ عەقڵی هەمەکبەخشی سیاسی کە جدییە لەسەر چارەنووسمان و سیاسەت وەک ئەرکێکی هەستیاری کۆمەڵایەتی دەبینێ کە ئەخلاق بنەمایەتی لە ئاستی ناوخۆییدا و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بنەڕەتیەتی لە ئاستی دەرەکیدا.





# لە ڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(1)

**تاقە ئایینێک کە هەقە مرۆڤایەتی پێڕەوی بکات، خۆشەویستییە.**

**ئینسان شاکاری خوایە، ئەگەر ئینسانت خۆش نەوێت، خوایشت خۆش ناوێت.**

**بڕوات بە بۆچوونی جیاواز نەبێت، ئاخر تەنیا یەک بۆچوونی ڕاست هەیە کە خۆشەویستییە.**

**ئافرەت کە عاشق دەبێت، جوانیی لێ دەچۆڕێت، خەرمانەیەک دەورەی دەدات و ڕەوتی هەر لە سەمایەکی جوان و هێمن دەچێت.**

**ئەگەر دوو کەس یەکدییان خۆش ویست و خۆشەویستییەکەیان نەبوو بە هاوڕێیەتی، داهاتووی ئەو خۆشەویستییە گەش نابێت.**

**ئەگەر لەوە تێگەییشتین، خۆشەویستی تێکەڵبوونی دوو جەستە نییە، ئاوێزانبوونی دوو ڕۆحە، ئەوسا خۆشەویستی بەرەو باڵاییمان دەبات و فێرمان دەکات دونیا جوان ببینین.**

**بۆ ئەوەی بزانین خۆشەویستی چییە، هیچ چارمان نییە، ئیللا دەبێت عاشق ببین.**

**تا بە ئەزموونی خۆشەویستیدا ڕەت نەبین، نابین بە ئینسانێکی تەواو.**

**ئۆشۆ***

عەوام وەک خوداوەندی خۆشەویستی سەیری پیاوانی ئایین دەکەن، هەرچەندە زۆرینەی پیاوانی دین لەبەردەم ڕەوتی ڕووباری خۆشەویستیدا، بەربەستن. لەم دونیایەدا هیچ شتێک ژاراوی نییە، ئەوە پیاوانی خۆ بە پیرۆز زانن، شیلەی گوڵیان ژاراوی و ئینسانیان وەک دڕندە لێ کردووە. ئایین لە ڕابردوودا، هیچی جوانی پێشکەشی مرۆڤایەتی نەکردووە، لە داهاتوویشدا نایکات. دین وەک چۆن تا ئێستا هیچ خێر و خۆشییەکی بۆ ئینسان پێ نەبووە، لە ئایندەیشدا هیچ خزمەتێکی پێ ناکات. ئەگەر مل بۆ ئەم بۆچوونە نەدەین، ئەوا ئەگەر جاهیل نەبین، هۆشیارانە خەریکی بازرگانیکردنین بە ئۆلەوە.

ئەگەر تۆوێکمان چاند و بەرەکەی تاڵ و ژاراوی بوو، کەواتە هەڵە لە تۆوەکەدایە. ئینسانی ستەمکاری تژی لە ناکۆکی، زادەی بەری ئەو تۆوەیە، یان ڕاشکاوانەتر، پەروەردەی ئەو ئایینەیە کە بە دەستییەوە گیرۆدەیە. سەرنجی مەل و ئاژەڵ بدەن، چونکە دیلی دەستی دین نیین، چەند لە ئینسان دلۆڤانترن. ئینسانی جەنگەڵ کە وابەستەی هیچ ئۆلێک نەبوو، زۆر لە ئینسانی ئێستای شوێنکەوتووی ئایین، ئینسانیتربوو. تا ئینسان خۆی لە دەست دین قوتار نەکات، سەرچاوەی وشککردووی ئەوین نابووژێتەوە.

وەک چۆن لەناو هەموو گابەردێکدا پەیکەرێک هەیە، تەنیا پێویستی بە پەیکەرتاشێکە بیدۆزێتەوە، لەناو هەموو کەسێکی خراپیشدا، ئینسانێکی دلۆڤان هەیە، تەنیا پێویستی بەوە هەیە، خۆی لە زیندانی ئایین قوتار بکات. وەک چۆن پەیکەر دروست ناکرێت، لەنێو گابەردێکدا دەدۆزرێتەوە، لە ناخی هەموو ئینسانێکیشدا، خۆشەویستی هەیە، دەبێت ئازاد بکرێت. هیچ هێزێک ناتوانێک ئاگری خۆشەویستی خامۆش بکات، چونکە خۆشەویستی سرووشتی مرۆڤ پێک دەهێنێت.

وەک چۆن ڕووبار گوێ بە بەربەستە سرووشتییەکان نادات، ڕێڕەوی خۆی دەبینێتەوە و دەگاتە زەریا، ئیللا مەگەر ئینسان لێی نەگەڕێت و بەهۆی بەربەستی دەستکردەوە، ڕێڕەوی بگۆڕێت، ئەو کۆسپانەیشی لەبەردەم ڕووباری خۆشەویستیدا قوت دەکرێنەوە، هەر ئینسان دایهێناون. ئەوە ئینسانە لێ ناگەڕێت، چەمی خۆشەویستی بە ئازادی ڕێ بکات و بگاتە زەریای بەرینی خوا. خۆشەویستی سیفەتێکی ڕەسەنی ئینسانە، ئەگەر کۆسپەکانی بەردەمی تەخت بکرێن، هەڵدەقوڵێت و بەرز دەبێتەوە، تا دەگاتە ئەوپەڕی باڵایی، تا دەگاتە عەرشی بڵندی خوا.

گەورەترین کۆسپ لەبەردەم ئەوەدا کە خۆشەویستی لە دایک ببێت، ئەوەیە ڕێگری لە سێکس بکرێت. وەک چۆن لە وزە، کارەبا بەرهەم دێت، ئەوینیش بەرهەمی وزەی سێکسە. خۆشەویستی گوڵێکە لە تۆوی سێکسەوە پەیدا دەبێت، هەر وەک ئەڵماس، کە لە خەڵووزەوە پەیدا دەبێت. خەڵووز و ئەڵماس هەمان پێکهاتەیان هەیە، ئاخر ئەڵماس، خەڵووزێکی گەشەسەندووە. وەک چۆن تەنیا ئەوە خەڵووزە کە دەبێت بە ئەڵماس، ئەوە تەنیا وزەی سێکسیشە دەبێت بە خۆشەویستی. ئەوە بە گژداچوونەوە و سەرکوتکردن و چەپاندنی سێکسە، لێ ناگەڕێت خۆشەویستی بە دونیادا بڵاو ببێتەوە، لێ ناگەڕێت، خەڵووز ببێت بە ئەڵماس.

ئینسان بەرهەمی سێکسە، خوا بەهۆی وزەی سێکسەوە، ئینسانی خوڵقاندووە، ئەوە دینە، سێکسی لە عەقڵی ئینساندا پیس و ژاراوی کردووە. پێویستە سێکس بۆ بڵندترین وێستگەی پاکژی هەڵبکشێت، وەک چۆن خەڵووز، ئەڵماسە لە لووتکەی گەشەکردنیدا. ئەوە خۆشەویستی نییە کە دەبێت بە سێکس، ئەوە سێکسە کە خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت. با خۆمان لە گوتنی ڕاستییەکان لا نەدەین، لە دونیادا ئاژەڵێک نییە، هێندەی ئینسان تامەزرۆی سێکس بێت، هەر لەبەر ئەمەیشە، ئەوی لەبەر هۆکاری دینی، وزەی سێکسیی خۆی سەرکوت بکات، دەروون و ئاوەزی زیانی قورسیان پێ دەگات و دەبێتە جێی بەزەیی پێداهاتنەوە.

ئەوە دژایەتیکردنی ئایینە بۆ سێکس، وای کردووە، وەک نەخۆشی و وەک شتێکی ژاراوی سەیری سێکس بکرێت. کتێبە پیرۆزەکان وەک دەروازەی دۆزەخ و وەک کانیاوی گوناه سەرنجی ژن دەدەن، ئەوە بۆیە ژن، لە ڕوانگەی پیاوی گیرۆدەی دەستی ئایینەوە، وەک شەیتان سەیر دەکرێت. لە دونیای دیندا، ئەگەر ئینسان وێڕای خوا، کەسێکی تریشی خۆشویست، ئیدی شیاوی سۆزی خوا نییە و ئەگەر زوو خۆی لە داوی خۆشەویستی دەرباز نەکات، بەر نەفرەت دەکەوێت، بە مەرجێک ئەوی تۆوی خۆشەویستیی ئینسانی لە دڵدا نەبێت، قەت ناگاتە هەواری خۆشویستنی خوا.

دونیا خێزانێکی گەورەیە، ئەگەر لە ماڵی هەر خێزانێکی بچووکدا، چرای خۆشەویستی بگرێت، هەموو دونیا دەبێتە چراخان. یەکەمین وزەی سێکس کە بەردەوامیی بە ژیان داوە، زادەی ویستی خوای مەزن بووە، بۆیە گەر خوازیاریت ژیانت نوقمی خۆشەویستی بێت، واز لە دژایەتیکردنی سێکس بهێنە، بە خۆشییەوە پێشوازیی لێ بکە و ددان بەوەدا بنێ کە سێکس وزەیەکی پیرۆزە.

16ی تەممووزی 2015
ستۆکهۆڵم

(*) اوشو، من الجنس الى اعلى مراحل الوعي، نقله الى العربية: ايمن ابو ترابي، دار الفرقد 2011 دمشق.

(**) ئۆشۆ (1931 – 1990) سۆفییەکی هیندی، فەیلەسووفێکی جیهانی، ئوستادی خۆشەویستی، مامۆستای ڕۆحی، بانگخوازێکی گەڕۆکی چالاک، ڕووەکی، دژە زەبروزەنگ و خاوەنی سەدان بەرهەمی فیکری و فەلسەفی.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# عیرفان و گیرفان

تۆ لەوەیان گەڕێ نزیکەی هەموو ئەو کوردانەی پەیوەندییان بە دەوڵەتی خەلافەتەوە کردووە، پێشتر نانێکیان لەسەر سفرەی یەکێک لە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان خواردووە، بەڵام ئەگەر هات و ئیسلامییەکانی کوردستان بەرەیەکی ئیسلامییان دروست کرد، ئیدی دەبێ چاوەڕێ بکەین ژمارەی جیهادییەکانیش روو لە هەوراز بکەن، ئیتر ئەگەر جاران جیهادییەکی کورد، حیزبێک باکگراوندی بوو، لەمەودوا بەرەیەک.

ئیسلامییەکانی کوردستان با بۆ حەلاوی باس بکەن کە ئەوان مۆدێرن و سەردەمیانەن و بەلای توندڕۆییدا ناچن، تۆ لەوە گەڕێ هەموو ئیسلامییەک بۆمبێکی تەوقیتکراوە و میانڕەوی و توندئاژۆیی مەسەلەی کاتە، ئاخر کە بنەماکانی ئاین بۆ هەمیشە نەگۆڕ و ژیانیش بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بێت، ئیتر ئەوە درۆیەکی شاخدارە ئیسلامیی بتوانێت لەگەڵ سەردەمدا خۆی بگونجێنێ. کە ناسناوی کۆنەپەرست دەخرێتە پاڵ ئیسلامی، لە روانگەی ئەوەیە ئیسلامی هەمیشە بۆ دواوە و ژیانیش بۆ پێشەوە دەڕوات، ئاخر بەرژەوەندیی بازرگانی ئاین لەناو میللەتی گێلدا زۆرە، لە کۆمەڵگەی هۆشیاریشدا کەم.

ئیماندار پێویستی بە حیزب نییە بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە خوداوە بکات، ئەوە بەرژەوەندیخوازی ئیسلامییە پێویستی بە حیزبی خودایە تا دەستی لە کێکی دەسەڵات گیر ببێت، یانی قوربان حیزبە ئیسلامییەکانی کورستان، بە ناوی خوداوە، کڵاوی مەکسیکی دەخەنە سەر سەری میللەت.

عومەری کوڕی خەتاب، لە ساڵی قاتوقڕیدا، سزای دەستبڕینی بۆ دزی موحتاج راگرت، یانی بە کوردییەکەی دەقێکی قورئانی لەکارخست. جا قوربان کە ئەو هەمووی چەند ساڵێک لە دوای کۆچی پەیامهێن و بۆ تێکنەچوونی حوکمەکەی ئامادە بێت دەقی قورئان لەکار بخات، ئاخۆ حیزبی ئیسلامی کوردی، دوای زۆرتر لە هەزار و چوارسەت ساڵ، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەبێ چی بکات؟

ئەگەر راستە مامۆستا عەلی باپیر، خەمێتی بۆ ئەم میللەتە بکات تەگبیر. ئەگەر هەوڵی ڕێزدار مامۆستا سەڵاح، گەیشتنی میللەتە بە ئیسڵاح و فەلاح. ئەگەر کاک عیرفان، بۆ خودایەتی نەک بۆ گیرفان. نە بەرەیان گەرەکە نە حیزب، نە پێویست دەکا ئەم دۆستی ئێران بێ نە ئەویان لە ژێر سێبەری سعودستان، نە ئەمیان ئەردۆگانی بێ و نە ئەویان قەتەری، ئاخر کەسی خاڵە ئەوە ڕێژەی نەگۆڕە کاتێ مەسڵەحەت و پارە و دەسەڵات زیاد دەکات، بە هەمان ئەندازە ئیمانەکە کەم دەکات.

ئێوە تەماشای ئەم نموونەیە بکەن و بزانن حیزبی ئیسلامیی کوردی چۆن چۆنی سیاسەت دەکا. لەڕوانگەی ئیخوانیبوونەوە دۆستی ئەردۆگانن، کەچی چونکە کوردن موجامەلەچیی دەمیرتاشن، جا گوایە ئیسلامیی چاکن بۆیە ریشیش دەتاشن. یەکێ دژی پەکەکەیە، دوایی لەگەڵ کوردە، رەخنەی لە تاکرەوی لەناو حکومەتی کوردستان هەیە و تا سەر ئێسقان پاڵپشتی لە کانتۆنەکان دەکات، وێنەی لەگەڵ مامۆستا مەلا کرێکار هەیە و سەرۆکایەتی لیژنەی مافی مرۆڤ دەکات. حەزی لە ژنە بۆیە رێگەی سەلەفی ساڵحی وەک سیکۆتین گرتووە و بەری نادا. خاڵە ئێوە سەرتان لە دنیا شێواندووە دەبێ چی بە ئێمە بکەن باوکەڕۆ!؟



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کوردستان دابەش بێت، یان دەسەڵاتەکانی؟

ئەوەی ساڵێک پێش ئەمڕۆ ناوەندەکانی بڕیار و توێژینەوەو چاودێرانی ناوچەکە وێنایان دەکرد، لە ئەگەری گۆڕانکاریی نەخشەی جوگرافیا و هاوکێشەی هێز لە دوای داعش، یەکێک لەو لایەنانەی بەرهەمی شەڕ و قوربانیەکانی دەچنێتەوە، کوردن. بەڵام ئەمڕۆ پێچەوانە بووەتەوە. ئەگەر پێشتر چاوەڕوانییەکان بە ئەندازەی دروستکردنی کیانێکی نەتەوەیی نوێ لە ناوچەکە بوون، ئەمڕۆ ئەو ناوەندە جوگرافیەی چاوەڕێی بوون بە دەوڵەتی لێدەکرا، لەبەردەم لێکهەڵوەشانەوەو دابەشبوونێکی ترسناکدایە.

هۆکارەکان زۆرن، بەڵام هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم مەترسیە تازەیە، پەیوەندی بە بێدەربەستی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی دەسەڵاتدارانی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانەوە هەیە. ئەگەر ساڵی پار کێشەکان چارەسەر کرابان، ناکۆکییەکان بەم ئەندازەیەی ئێستا قووڵ نەدەبوونەوە. قووڵبوونەوەی ناکۆکیی حیزبەکانیش درزەکانی پێکەوەیی گەورەتر کردووە و ئێستا ئەگەرەکانی راگەیاندنی لێکترازان و دابەشبوون زاڵترە لەو ئەگەرانەی دڵنیایی پێکەوەییمان دەستەبەر دەکات.

لە گوتاری میدیاییدا زۆرترین بانگەشە بۆ دروستکردنی ژینگە و کەشێکی سیاسی دەکرێت کە زەمینەی ڕێگایەکی مەدەنیانە و سەرنجراکێشانەی ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی لێبکەوێتەوە تا کوردستان بە راپرسی بۆ سەربەخۆیی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، بەڵام لە هەنگاوی کرداریدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنگژە سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستان ئاڵۆزتر دەبن، لە میللەتێک ناچین لەبەردەم دۆخێکی وا چارەنووسسازدا بین کە ئەگەر دەرفەتەکان بەو ئەندازەیە گونجاو و لەبارن، پێش هەر شت پێویستی بە ئامادەسازی ناوماڵی کورد خۆی هەیە بۆ ئەگەر و پێشهاتەکانی دوای بڕیارێکی لەو جۆرە. بەڵام پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانی و واقیعەی کە پێویست بوو، ئێستا ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی نزیکتردایین.

ئەگەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی گونجاوە بۆ گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی و جوگرافیای ناوچەکە، بەڵام هەلومەرجی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان ئاوسە بە دابەشبوونی ئەم جوگرافیا بچووکەش. لە کاتێکدا هێشتا چارەنووسی زیاتر لە نیوەی خاکی کوردستان لای بەغدا یەکلایی نەکراوەتەوە، ئەم نیوەیەی تریشی خەریکە دەکەین بە دوو لەتەوە. لەتکردنێک زۆر جیاوازتر لەسەردەمی دوو ئیدارەیی. چونکە ئەوکات هەرێمی کوردستان سنوورێکی جوگرافیی دیاریکراو و ناوێکی بەرجەستە، بەڵام بەهۆی رووداوەکانی شەڕی ناوخۆوە دوو ئیدارەی هەبوو. ئێستا مەترسی دابەشبوون بۆ دوو هەرێمی جیاواز دەکرێت (هەرێمی هەولێر و هەرێمی سلێمانی)، بەمەش کوردستان تەنیا لەم بەشەی باشوور دەبێتە سێ پارچە و مەسەلەی بەهەرێمکردنی کەرکووکیش وەک ئەگەرێک بە کراوەیی ماوەتەوە.

ئەوانەی ئەم دابەشکارییە وەک رێگەچارەیەک دەبینن، هۆکارەکەی لەسەرهەڵدانی کێشەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و چارەسەرنەکردنی کێشەکە و کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان لە یەک ناوەند یان چەند ناوەندێکی بەرتەسکدا دەبیننەوە. بەدیاریکراوی سلێمانی هەست بە پەراوێزکەوتنی دەکات لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی کوردستان و تەنانەت هەست بە پاشکۆیەتی کوتلەی ئەم زۆنەش دەکرێت لە حکومەت. لە کاتێکدا خەڵک چاوەڕێی چارەسەربوونی کێشەی نێوان گۆڕان و پارتی دەکات، بەڵام ئێستا فشارێکی زۆر هەیە لەسەر نوێنەرەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش لەم کابینەیە و داوا دەکرێت هەموویان پێکەوە دەست لەکار بکێشنەوە، کە ئەگەر ئەوە رووبدات ئیتر هیچ دەرفەتێک بۆ پێکەوەیی ناهێڵێتەوە و پرۆسەی دابەشکارییەکە خێراتر دەبێت.

کاتێ لەو کێشانە ورد دەبیتەوە، گومان دەکەیت لەوەی لەبری ئەوەی هەوڵەکان بۆ ڕەوینەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشانە بن، هەست دەکەیت بە مەبەست و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پاساو و بیانووەکان زیاتر دەکرێن. لەم یەک دوو ڕۆژە باسێکی دیکەی گەرمی ئەو جیاکاری و پاشکۆیەتیەی کوتلەی زۆنی سەوز لە هەولێر گەرمتر بووە، کە ئەویش پەیوەستە بە مووچە و ژیان و گوزەرانی خەڵکێکی زۆرەوە. دەگوترێت لە هەولێر سەت هەزار کەس لە پێشمەرگە و ڕێکخستن و کادری حیزبی و کۆمەڵایەتی پارتی خانەنشینن و مانگانە لەپێش هەموو وەزارەتەکانەوە مووچەیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە دەدرێتێ و سیستەمی پاشەکەوتیش نەیگرتوونەتەوە. بەڵام لە سلێمانی بە هەموو تێکۆشەرانی جەلالی سەردەمی شەستەکان و بە هەموو پێشمەرگە و ڕێکخستن و کادری حیزبی و کۆمەڵایەتی یەکێتی و حەوت حیزبی ترەوە، نزیک بە نیوەی ئەو بەشەی هەولێرە، کەچی لە هەشت مانگدا سێ مووچەیان دراوەتێ. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی برینەکەی قووڵتر کردووەتەوە و سیمای جیاکارییەکە و بێ دەسەڵاتیی نوێنەرەکانی سلێمانی لە حکومەت زەق کردووەتەوە. بە ئەندازەیەک کە زۆرینەیەک پێیانوایە ئەوە پاشکۆیەتیە نەک پێکەوەیی.

خستنەڕووی ئەم واقیعە بۆ چارەسەری خێرایە نەک بۆ خوێکردنە برینەکان. ئەوانەی بە ئومێدێکی زیاترەوە چاویان لە ئایندەی کوردستانە و گەشبینن بەوەی کۆتایی داعش ئەگەری گۆڕانکاریی گەورە دێنێتە کایەوە، پێویستە پێش کۆتایی داعش بیر لە چارەسەری ئەو کەلێن و درزانەی ناوخۆ بکەنەوە، تا پێکەوە بڕ بکەین بۆ ئەو پێشهاتە تازانە. بەڵام جێگەی داخی زۆرە کورد کەمتر بیر لە چارەسەری کێشەکان دەکاتەوە و لەجیاتی ئەوە جێی دەهێڵێت زەمەن چارەیان بکات. خەریکە ئەوە دەکرێتە باوەڕێکی گشتی کە ناتوانین یەکتر قبووڵ بکەین، مەحاڵە هەولێر و سلێمانی پێکەوە هەڵبکەن و ئەو خەسڵەتەشە کە کەرکووکی دوورتر خستووەتەوە. جا بۆ ئەوەی ئەم ناتەبایی و یەکتر قبوڵنەکردنە نەبێتە مایەی مەترسی لەسەر خاک و دابەشبوونی جوگرافیا، بیرۆکەیەک بۆ سەرکردەی حیزبە سیاسیەکان دەخەمەڕوو کە هیوادارم بەرپرسیارانە و بە دیققەتەوە لێی بڕوانن.

ناکرێت بەهۆی رک و کینەو ناتەبایی و دەسەڵاتخوازیی ئێوەوە کوردستان پارچە پارچە بکرێت کە خەریکە ئێوە وادەکەن. وەرن کۆببنەوە و لەسەر نەخشەڕێگە و دەستوورێک بۆ ئایندەی کوردستان رێککەون، پرەنسیپ و کۆڵەکەی حوکمڕانیەکەی داڕێژن و پابەند بن بە خەبات بۆ بەدیهێنانی، دەستوورێک بنووسنەوە بۆ دەوڵەتی فیدراڵیی کوردستان. هەمووتان لەم قۆناغە پێکەوە تێبکۆشن بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دواتر هەر پارێزگایەک لەژێر سەقفی کوردستاندا هەرێمێکی سەربەخۆ بێت.

ئێستا مەترسی گەورە لەسەر ناسنامەی کەرکووک دروست دەبێت ئەگەر بکرێتە هەرێمی سەربەخۆ، هەروەها هەڕەشەو مەترسی گەورەیە ئەگەر هەولێر و سلێمانی ببنە هەرێمی جیاواز، بەڵام لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی کوردستاندا ئاساییە هەریەک لەوانە هەرێمی سەربەخۆ بێت، بەمە چارەسەری کێشەی کەرکووکیش دەکرێت و بە دابەشکردنی دەسەڵات بۆ هەرێمەکان، کوردستانیش لە پارچە پارچەبوون دەپارێزین.



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# کورد لە لێواری هەرەس یان سەرکەوتنێکی تازەدا ؟

لەو سەردەمەدا شکست و سەرکەوتنەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە ، هیچ شکست و سەرکەوتنێکی تەواوەتی و لەناکاو نییە، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێستا لەباشووری کوردستاندا رووەو هەرەسهێنانێکی تازەی ئامانجی کوردە ، ئەگەر رێککەوتنێکی نێوخۆیی دروستنەبێت کە کۆتایی بە ناکۆکییەکانی ئێستا بێنێت . کورد ناگەڕێتەوە پێش 1991 ، بەڵام ئەو دابەشبوونە سیاسییەی هەرێمی کوردستان سەردەکێشێت بۆ کەرتبوونێکی راگەیێندراوی ئاشکرای ئیداریی لە هەرێمی کوردستاندا ، ئەوکاتیش ئامانجی سەربەخۆیی دوای گشتپرسی کۆتایی پێدەهێنرێت و تەنانەت ستاتۆ و ناسنامەی هەرێمی کوردستانیش لە ماناکەی بەتاڵ دەبێتەوە ، ئەوەش تەنیا بە زیانی کورد تەواو دەبێت ، هۆکارەکەیشی تەنیا هێزە سیاسییە گەورەکانی باشووری کوردستان دەبن ، ئەمەش بە هەموو پێوەرێک بە شکست و هەرەس پێناسە دەکرێت و پێش هەمووانیش دەسەڵاتدارێتی ئێستای بەغدای زەربە لە کوردەوەشێن سوودی لێدەبینێت .

کورد هەمیشە لەکۆتاییدا دەیدۆڕێنن ، کورد ئەو جەنگاوەرە ئازایانە بوونە کە هەمیشە لەکۆتاییدا لەڕووی سیاسییەوە ململانێیەکانیان دۆڕاندوون ، ئێستا کە هەموو جیهان و بەتایبەتی کورد و دەوڵەتانی ناوچەکە چاوەڕێی رەنگدانەوەی ئەنجامەکانی شەڕی داعشن لەسەر نەخشەی ناوچەکە ، بەداخەوە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئێستای باشووری کوردستان ئەنجامی وێرانکارانەیان دەبێت بۆ کوردستان ، دابەشبوونی سیاسی – حیزبیی ئێستای باشووری کوردستان بەسەر دووبەرەی دژبەیەکدا ، وا دەکات کورد لە ئەنجامدا بەدەستبەتاڵی سیاسی و نیشتمانی لەو شەڕە دەربچێت .

مەترسییەکە لەدوای کۆبوونەوەکانی ئەو دواییەی جەزائیر ، لەپێناو رێککەوتنێکی تازەی تورکیا- سووریا- ئێران- عێراق ، زۆر گەورە خۆی نواند ، بەڵام سەرنەکەوتنی کودەتای سەربازیی لە تورکیا ، پێش هەمووان لەبەرژەوەندی کورد بوو ، چونکە تاڕادەیەکی زۆر رێککەوتنێکی بەوشێوەیەی دایە دواوە، دۆخەکە دیسان دەرفەتێکی تازەی دایەوە کورد ، بەبێ ئەوەی مەترسییەکە بەتەواوی لاببات ، بەڵام ئەگەر لایەنە ناکۆکەکانی ئێستای باشووری کوردستان رێکبکەون ، هیچ مەترسییەک ناتوانێت ئەو دۆخە گونجاوەی ئێستا بۆ باشووری کوردستان هاتووەتە پێشەوە لەبەرژەوەندی کورد بباتە دەرەوە .

ئەو چوار دەوڵەتە لەسەر مەترسیی دابەشبوونی ناوچەکە و بەقسەی ئەوان حەزلێبوون یان بێدەنگبوونی زلهێزەکان لە پارچەبوونی هەندێ وڵاتی ناوچەکە ، بەتایبەتیش سووریا و عێراق کۆدەبوونەوە ، بەڵام ناکۆکییە ناوخۆییەکان ، حیزبە سیاسییەکانی کوردی خستبووە خولانەوە لە بازنەیەکی تەسکی ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە . بەڵام سەرنەکەوتنی کودەتای سەربازیی تورکیا، دەرفەتێکی زێڕینی کاتیی داوەتەوە کورد .

لە هەمانکاتدا ئۆپەراسیۆنی مووسڵ کاریگەری زۆر چارەنووسسازی دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق، پەیوەندییەکانی شیعە – سوننە ، شیعە – کورد ، کورد – سوننە . ئێستا هەمووان هەوڵدەدەن لایەنەکەی ئەوان حوکمی موسڵی دوای داعش بگرێتە دەست ، چونکە ئایندەی عێراق تاوەکو رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە شێواز و پێکهاتەی حوکمدارێتی ئایندەی موسڵەوە . ئایا حوکمێکی سەر بە بەغدای شیعە دەبێت ، یان حوکمێکی سوننەی دژە هەمووان ، یاخود حوکمێکی سوننەی رێککەوتوو لەگەڵ کورد و مەسیحییەکاندا.

ئەوەی دوایی لەبەرژەوەندیی سوننە و کوردە ، چونکە بەغدا و هاوپەیمانەکانی بەچاوی داگیرکردن و لاوازکردن و بەشیعەکردنی مووسڵ و کردنی بە قەڵغان بەرامبەر تورکیا و کۆنترۆڵکردنی رۆژئاوای کوردستان، لەو شارە دەڕوانن. ئەوەش وەک پێشتر ئەنجامی زۆر کارەساتباری دەبێت بۆ سوننە و بۆ باشوور و رۆژئاوای کوردستانیش ، هەروەها لەجیاتی قوڵایی ستراتیژی دەبێتە مەترسییەکی گەورەش بۆ تورکیا .

لەدوای 1991 کورد ئەوەی لە باشووری کوردستاندا گۆڕی، کە جەنگاوەری باش و سیاسەتکاری فاشیلن ، هەرچەند هۆکاری دەرەکیش رۆڵی سەرەکی هەبووبێت . بارودۆخی ئێستا لەوەی 1991 هەستیارترە، ئەوکات و 2003یش ، سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکان ، کاک مەسعود و مام جەلال مۆری خۆیان لە مێژوودا ، کورد لەڕووی سیاسییەوە تێکنەشکا و تەنانەت سەرکەوتووش بوون لە دروستکردنی سەنگی پێویست بۆ کورد لە عێراقدا، ئەگەر بارودۆخەکە بەپێی دروشم و تێڕوانینەکانی ئەوکاتی پارتەکانی باشووری کوردستان تەماشابکرێت کە کێشەی باشووری کوردستان بە فیدراڵیی لەگەڵ بەغدا چارەسەردەکەن .

ئێستا ئامانجی راگەیێندراوی بارزانی گەورەترە ، ئەویش سەربەخۆیی باشووری کوردستانە لە رێگەی گشتپرسییەوە، رێگایەک کە هیچ زلهێزێکی جیهان و دەوڵەتانی دەوروبەریش ناتوانن دژایەتی رەوایی رێگەکەی بکەن ، چونکە سەربەخۆییەکە لە ئەنجامی گرگرتنی ناوخۆی دەوڵەتان و سنوورەکانی ناوچەکەیە ، بەهۆی تایفیبوونی سیاسەت لە ناوچەکەدا ، هەروەها چونکە لە رێگەیەکی ئاشتیانە و گەلێریانەوەیە . هەروەها بارزانی وەک پاڵەوانی شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە ناوچەکەدا دەردەکەوێت ، کە هاوبەشییەکەی لە فەرماندەیی ئەو شەڕەدا پەڕیوە بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستانیش ، کە ئەویش کۆبانێ بوو لە رۆژئاوای کوردستان . ئەوەش ئیعتیبارێکی زۆر گەورە و فراوانتری بۆ بارزانی دروستکردووە ، بەڵام بەهۆی دابەشبوونی سیاسی – کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان ، بارزانی پێویستی بە هاوبەشێکە ، کە دوای دەرچوونی کردەییانەی مام جەلال لە کار و گۆڕەپانی سیاسیدا ، ئەو هاوبەشەش ئێستا تەنیا کاک نەوشیروان مستەفایە لە ناوچەی سلێمانی ، کە خاوەن سەنگێکی گەورەی سیاسی و جەماوەرییە ، بەتایبەتیش کە یەکێتی بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانییەوە ، توانای ئەوەی نییە بڕیاری سیاسی یەکلاییکەرەوە بدات یان رێککەوتنی بەتەنیا لەگەڵ پارتی ئەنجامبدات ، هیچ سەرکردەیەکیشی نییە بتوانێ بڕیارێک بدات کە هەموو یەکێتی پێیەوە پابەندبێت ، بەڵام گۆڕان بەسەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا توانای هەموو ئەوانەی هەبووە و هەیە.

لە ماوەی دووساڵی رابردوودا زیانێکی زۆر بە دەزگا دیموکراسییەکانی هەرێمی کوردستان گەیێندرا ، بەڵام ناکۆکی ئێستا زیانی نیشتمانیی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت ، بۆیەش تێپەڕاندنی وردەکاری کێشەکان بە رێککەوتن لەسەر چارەسەر و پرسە ستراتیژییەکان دەتوانێت گەلی کوردستان لە دەستبەتاڵ دەرچوون و هەرەسێکی دوورمەودا بپارێزێت ، ئەوکاتیش ئۆباڵی هەموو هەرەسێک تەنیا لەئەستۆی هێزە سیاسییە گەورەکانی باشووری کوردستاندایە ، چونکە گەلی کوردستان لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا هەموو قوربانییەکی دا ، گوناحە گەلێکی قوربانیدەری بەوشێوەیە خوێن و رەنج خەسار بکرێت .



حامد محەممەد عەلی

# بۆچی ڕێگری لە گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکرێ؟

ئاوارەکانی عێراق کە زیاتر لە 90%یان سوننەی دیالە و سەلاحەدین و بەغدا و فەللوجە و رومادی و ناوچەکانی دیکەی ئەنبارن و زیاتر لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ئەگەرچی ناوچەکانیان پاککراونەتەوە لە داعش، بەڵام گرووپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی بەهۆکاری سیاسی و تائیفی، رێگری دەکەن لە گەڕانەوەیان بۆ شار و ناوچەکانیان.

بێگومان ئەم کارەی حەشدی شەعبی کە بە ئاگاداری و رەزامەندیی حیزبە باڵادەستەکان و حکومەت بەڕێوەدەچێت ، چەند ئامانجێکی سیاسی و مەزهەبی - ستراتیجی لەپشتەوەیە کە گرنگترینیان بریتین لە: -

1 – دروستکردنی کێشە و قەیران و گوشار لەسەر هەرێمی کوردستان.

2– تێکدانی هاوسەنگیی دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستان.

3 – درێژکردنەوەی مانەوەی ئەم ئاوارانە لە دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان لە هەرێمی کوردستان ، بە تێپەڕبوونی کات وایان لێ دەکات بەتەواوی جێگیر بن، بەتایبەتی کە منداڵەکانیان رابێن لەگەڵ ژیان لە هەرێمی کوردستان و لە خوێندنگا و کۆمپانیا و شوێنەکانی کار جێگیر بن، زۆر ئەستەمە بە ئارەزووی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ ناوچە و شارە کاول و جێ مەترسییەکانی خۆیان .

4– بێگومان نەگەڕانەوەی ژمارەیەکی گەورە لەم ئاوارە سوننە مەزهەبانە بۆ ناوچەکانیان، رێگە خۆش دەکات بۆ پڕکردنەوەی ناوچەکانیان بە خەڵکی شیعەمەزهەبی ناوچەکانی دیکە و داگیرکردنی هەموو موڵک و ئەرز و ئاوەکانیان و فراوانکردنی زۆنی شیعە. ئەمەش لە خۆیدا ئامانجێکی گەورەی ئەو گرووپانەیە کە بە پلانێکی نەخشە بۆدارێژراو لە دەرەوەی سنوور، جێبەجێی دەکەن.

لێرەدا دەردەکەوێت کە رێگری لە گەڕانەوەی ئاوارە سوننەکان بۆ ناوچە رزگارکراوەکانیان ، لە داهاتوودا زیانی گەورە بەکورد و سوننە دەگەیەنێت ، بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە کوتلە پەرلەمانیەکانی هەردوو پێکهاتەکە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هەروەها کوتلە وەزاریەکانیان، گوشاری گەورە لەسەر دەسەڵاتدارانی بەغدا دروست بکەن بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و دەستەبەرکردنی گرەنتی ئەمنیی بۆیان و بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر ئەم پرسە نەکەن و هەموو توانایانی بۆ بخەنە کار.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# "نەوشیروان مستەفای تیرۆریست"!

1

هەفتەی ڕابردوو، سەردانی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، دکتۆر فوئاد حوسێن، بۆ لای سەرکردەکانی زۆنی سەوز و نیلی و گرنگترینیشیان دوو دیدار لەگەڵ ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا، جوڵەیەکی خستە ناو هەوڵەکانی چارەسەری قەیرانی ناوخۆیی. ئەم دیدارانە دەبێ میدیای پارتی و گۆڕانی باشی شۆک کردبێت، چونکە چەندین مانگە میدیای پارتی بە ڕاست و چەپ پەلاماری شەخسی نەوشیروان مستەفا دەدەن و داوا دەکەن بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی بچێتە بەردەم دادگا! دەبێ میدیای سلێمانی و ئەهلیشی بەهەمان ئەندازە سەغڵەت کردبێت کە دوای ئەو هەموو دەستەواژانەی "سەرۆکی ماوە بەسەرچوو"، ڕێکخەری گشتی دووجار بە سیفەتی سەرۆکی دیوان پێشوازی لە دکتۆر فوئاد کرد! دەبێ ئێستا ئەو میدیایانە چی بڵێن؟ بەڵام ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە کە میدیای حیزبی بێ قووڵبوونەوە لە ناوەڕۆکی کێشەکان، دەکەوێتە پەلاماردان و دواییش دەستبەتاڵ لێی دەردەچێت. کێ گۆڕان و یەکێتی وا بەگژ یەکتریدا کرد و ئەو زرووفەی خوڵقاند؟

باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی (کە ئێستا پێکهاتەکەی گۆڕاوە) پشکی شێری لەو قەیرانەدا هەیە کە ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆیی (کوردستان و بەغدا) لە ئارادایە و، سەرباری شەراکەتی پەنجا بە پەنجای لە هەمووسیاسەتە ستراتیژییەکانی کوردستاندا، ئۆباڵی هەموو شتێکی خستووەتە ئەستۆی پارتی.

ئەگەرچی یەکێک لە هەڵە ستراتیژییەکانی پارتی ئەوە بوو کە لەکاتی ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕاندا، مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێمی لەگەڵدا یەکلا نەکردەوە، بەڵام لانیکەم گەڕاندنەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان و، ڕێککەوتنی لایەنەکان لەسەر یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ پارتی چارەسەرێکی موقنیع دەبوو و نەوشیروان مستەفاش لاری لەوە نەبوو کە تا دوو ساڵی دیکە بارزانی لە شوێنی خۆی بێت و، بۆ ئەوەش ڕێگەی یاسایی هەبوو. بەڵام یەکێتی (بە تایبەتیش هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) بۆ پەردەپۆشکردنی قەیرانە ناوخۆییەکانی یەکێتی، خختۆکەی گۆڕان و پەرلەمانتارانی یەکێتییان دا کە ئەو مەسەلەیە پێش نووسینەوەی دەستوور بخەن و دەستیان کرد بە پرۆژە نووسینەوە! کە ئەو کەتنەشیان بە گۆڕان و پارتی کرد، خۆیان بێدەنگ کرد. بەڵام باڵی دەستڕۆیشتوو ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و یارییەکی زیرەکانەی بە کات کرد، تا دوو هەفتەش پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی 17ی مایس لەگەڵ پارتیدا لە گفتوگۆدا بوون بۆ ڕێککەوتنێکی تازە و تەنانەت چوارچێوەکەشی دیاری کرابوو، لەولاشەوە ژێر بەژێر لەگەڵ گۆڕاندا خەریک بوو. پارتیی دەستخەڕۆ کرد و کردی بە عاملی هەموو قەیرانەکە و لە حکومەتیش نەکشانەوە! کۆتاییشی بە گۆڕانخوازان و ریفۆرمخوازان هێنا! قیری سیا، بەو پارەیەی لە نەوت دەستی دەکەوێ، قەرزەکانی گۆڕانیش دەداتەوە.

## کارتی بەغدا

2

لە پەیامەکانی 26ی حوزەیران و جەژنی ڕەمەزاندا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە کورد لەگەڵ بەغدا لەسەر مەسەلەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بکەوێتە دانوستاندنەوە. بۆ ئەوەش پێویست دەکات کە شاندێکی کوردستانی (نەک کورد بەتەنیا) بۆ مەسەلەی جیابوونەوەی ئاشتیانە (نەک بودجە و پارە) لەگەڵ بەغدادا بگەنە ڕێککەوتن. بەڵام یەکێتی و گۆڕان وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەوە، لە سلێمانی پێشوازییان لە مالیکی کرد و مقۆمقۆی ئەوەش هەیە کە هاوکاریی مالیکی بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ سەر دەسەڵات. ڕاستییەکەی لای پارتی کارتی بەغدا هەر ئەوەندە قیمەتی ماوە کە بە ئاشتیانە لێی جودا بێتەوە و، هیچ ترسێکیشی لە ئیئتیلافی بەتەنیای یەکێتی و گۆڕان لەگەڵ مالیکیدا نییە، چونکە مالیکی لەسەر ئاستی وڵاتی بەناو عێراق و تەنانەت نێودەوڵەتیش وەرەقەیەکی سووتاوە و تۆمەتبارە بەو وەزعەی کە لە مووسڵ ڕوویداوە. بۆیە ئەم دژە حەملەیە هەق نییە پاساو و تەبریری بۆ بهێنرێتەوە. ئەگەر بارزانیش بیەوێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا چاک بکاتەوە پێویستی بە یەکێتی و گۆڕان نییە.

## بۆ دەبن بە پارتی؟

3

پاش و پێش ڕێککەوتنی 17ی مایس، ژمارەیەکی زۆر لە کادیر، ئەندام و لایەنگرانی گۆڕان و یەکێتی دێنە ڕیزەکانی پارتی، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆچی پارتی؟ جیا لە باکگراوندی مێژوویی هەندێک لەوانە کە ڕەنگبێ پێشتر پارتی بووبن و بگەڕێنەوە ناو پارتی، بەشەکەی دیکەی پەیوەستە بە چەند هۆکارێکی سەرەکی، گرنگترینیان سیاسەتی دژایەتیی پارتی و، دروستکردنی وەهمی پارتی، بەراددەیەک کە ئەگەر دوو ماسی لە ئاوی دووکان بووبێتە شەڕیان، خراوەتە ئەستۆی پارتی.

ڕێککەوتنی ناوچەیی، پاشگەزبوونەوە لە ریفۆرم و نائومێدیی خەڵک لە دروشمەکان، گۆڕان و یەکێتی دەخاتە بەردەم واقیعێکی نوێ و دەبێ سایکۆلۆژییەتی خۆیان و ئەندامانیان بگۆڕن کە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتیدا مانای پاشکۆیی نییە. بەڵام بێ توانایی لە مانۆڕی سیاسی لە ڕێککەوتنەکانیاندا لەگەڵ پارتی وا دەکات، خەڵک بە پاشکۆ بیانبینن. هەر بۆیە دوای کاردانەوەکانیان بەرامبەر بە پارتی، هێندەی دیکە پارتی لەچاوی خەڵکدا گەورەتر دەکەن و، خۆشیان پتر دەخەنە پەراوێزەوە. ئەو هەموو تۆمەتانەی کە بۆ پارتی و پارتییەکان دروست دەکرێت، ڕەنگبێ خختۆکەی زۆر کەسی دابێت تاوەکو ئەوانیش لەو ڕووباری گەندەڵییەی بەناو پارتیدا دەڕوات، سەتڵە ئاوێک بۆ ماڵ و منداڵەکانیان ببەنەوە! وێنەی پارتییەکان لەناو خەڵکی گۆڕان و یەکێتیدا خەڵکانێکی خۆشبەخت و دەوڵەمەندن کە خەمی هیچیان نییە، کوردایەتیش ناکەن، بەڵام داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن! کورسییان پێ لەپەرلەمان نایەت، بەڵام هەر لەسەر حوکمن. ئێ بەو حاڵە کێ هەیە نەبێتە پارتی؟

---



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# نان ئینجا دیموکراسی

نوکتەیەک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڵاوبووەتەوە کە نەیارانی ئاک پارتی پێی دڵخۆشن: سەرکردایەتیی داعش کۆبوونەتەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ ڕەفتاری دەوڵەتی ئەردۆغان لەپاش کودەتاکە کردووە. بڕیاریانداوە نامەیەکی بۆ بنێرن و تێیدا بنووسن: "تەڕ و وشک پێکەوە مەسووتێنە، دڕندایەتیش سنووری هەیە"! هەرچەندە ئەمە نوکتەیە و بەڕاستی ڕووینەداوە، بەڵام ئەوەی چاودێریی هەڵسوکەوتی دوو هەفتەی ڕابردووی حکومەتدارانی ئەنقەرەی کردبێت، دەبینێ لە تەڕ و وشک سووتاندندا تەقسیر نەکراوە. جا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەوانەی کودەتایان کرد خەتابارترن کە پاساویان دایە دەست سوڵتانی نوێ یان ئەردۆغان و حیزبەکەی خەتابارن کە بەناوی پاراستنی دیموکراسییەوە دیموکراسییان لە تورکیا گەیاندووەتە حاڵێک کەس ئیرەیی پێ نەبات؟ پاش ئەزموونەکەی تورکیاش چاک وایە لەخۆمان بپرسین: لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەی ئێمەدا نان خەڵک دێنێتە سەرشەقام یان دیموکراسی؟

لە سەرەتای دووهەزارەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چەند هەوڵێک بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی بەرەو دیموکراسی لە وڵاتی جیاجیادا دران، نموونەی توونسی لێدەرچێت لە هیچ شوێنێک گۆڕانەکان بەقازانجی خەڵک و بە خێر و خۆشی نەشکاونەتەوە. سەیری نموونەی میسر بکەن. حوسنی موبارەک ی کۆنە عەسکەر چوو و لەکۆتاییەکەیدا سیسی ی کۆنە عەسکەر شوێنی گرتەوە. بەم گۆڕانە ئازادی لە میسر زیاتر بوو؟ ڕەوشی بژێویی خەڵک گۆڕا؟ خەڵک بەختەوەرتر بوون؟ بێگومان نا. لیبیا و سووریا و پێشتریش ئەفغانستان و عێراق و بەدواشیاندا یەمەن نموونەی دیکەن کە هەوڵی ڕادیکاڵ بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی دەرهاویشتەی پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان و زۆر ڕادیکاڵانەیان هەبووە. باسی کوردستانیش ناکەم کە پاش ڕووداوەکانی 23ی حوزەیران، کە کودەتایەکی سپی بوو، هێشتاش هەمووان ئاخ بۆ قۆناغی بەر لە 23ی حوزەیران هەڵدەکێشن.

دروستبوونی داعش و ئەو ماڵوێرانییەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، بەرهەمی هێنانی ئەو کۆنسێپتە نەگونجاوەیە کە لەسەر مێزەکانی بڕیاردان لە واشنتن و برۆکسەل و لەندەن و پاریس دەنووسرێنەوە و بەهەڵە هەوڵ دەدرێت لێرە جێبەجێ بکرێن. کاتێکیش جێبەجێ نابن، هیچ هێزێک ناتوانێ دۆخەکە بگێڕێتەوە بۆ قۆناغی بەر لە تێکدان.

ڕاستە چینی دەستەبژێر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باسی دیموکراسی دەکات، بەڵام ئەوە نەبووەتە مەتڵەبێکی جەماوەری و خەڵک پێش دیموکراسی باسی ئاسایش و نانی گەرم دەکات. خۆ ئیمارات سیستمێکی دیموکراسییانەی نییە و بەپێی هەموو پێوەرێکیش دیکتاتۆرییە، بەڵام کەی بیستووتانە ئیماراتییەکان ڕژابنە سەر جادە و لەپێناوی دیموکراسی ژیانی خۆشی خۆیان تێکدابێت؟ ڕاستە هەموو ئیماراتییەک خۆش ناژیت، بەڵام زۆرینە زۆر ڕازییە لەو ژیانەی هەیەتی.

بۆ تورکیاش هەمان شت ڕاستە. بەرلەوەی ئاک پارتی بێت، خەڵک سەردەمی کودەتاکان و دیموکراسی و سیکولاریزمی بەزۆر سەپێندراوی هاوشان لەگەڵ هەژاری و برسێتیی تاقیکردەوە. لە سەردەمی ئەردۆغان و حیزبەکەیدا ڕۆژ بە ڕۆژ ئازادییان کەمتر بووەوە و جیهانبینیی ئایینگەرایانەی ئاک پارتی (بێگومان بە مامۆستایەتیی گویلەن و هەڵهێنجراو لە بیری ئەو) زۆرتر کۆمەڵگەی تورکیای بەرەو داخران برد، بەڵام لەبەرامبەردا ئابووریی وڵاتەکە باشتر بوو و ژمارەی تێرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە ژمارەی برسییەکان زۆرتر بوون. بۆیە ڕاستییەکەی ئەو شەوەی خەڵک ڕژانە سەرشەقام، لەپێناوی برسینەبوونەوەی سکەکانیان ڕژانە سەرشەقام نەک لەپێناوی دیموکراسی.

با دوور نەڕۆین و سەیری باشووری کوردستانیش بکەین. ئێستا لە کوردستان، پاش ڕووداوەکانی 23ی حوزەیران و دواتر، مووچەی تەواو و ئاسایش و نەبوونی تەقینەوە مەتڵەبترە یان دیموکراسی؟ وابزانم پێویست ناکات وەڵام بدەمەوە.

---



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# چۆن لە کوردستانی "جەنگی ناوخۆ" دەربچین؟

زیاتر لە چەند مانگێکە، بە چەندین ڕێگای جیاواز، ئەم پرسیارەم لە چەندین ئەکتەری جیاوازی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دێت: بۆچی کۆمەڵگای ئێمە بەردەوام ئەزموونی فۆرمە جیاوازەکانی جەنگی ناوخۆ دووبارە دەکاتەوە و بۆچی لە کوردستاندا نەوەیەک دروست نابێت کە جیاوازییەکان وەک سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی ڕەمزی تەماشا بکات نەک هەڕەشە لەسەر خۆی؟

هەرچەند لە چەندین جێگای دیکەدا، بۆچوونی خۆم لەسەر چۆنیەتی چوونە دەرەوە لەم هەلومەرجە دەربڕیوە، بەڵام پێموایە دووبارەبوونەوەی پرسیارەکان و دۆخی مەترسیداری ئێستا و ئێرەی کوردستان، بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی سنووری جوگرافیی نێوان زۆنی زەرد و زۆنی سەوز و شکستهێنانی چەندین هەوڵی "لەحیمکردنەوەی سیاسیانە"ی ئەم دوو زۆنە پێکەوە، وا دەکەن کە گەڕانەوە بۆ سەر تێزی چوونە دەرەوە لە زەبروزەنگ بەها و بایەخێکی تایبەتی خۆی هەبێت.

ئەوانەی کە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبەن، ئەو نەوەیەن کە من لە توێژینەوەیەکدا ناوم ناون "نەوەی ئاگر".

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم نەوەیە منداڵانی ئەو کۆمەڵگایانەن کە بە جەنگی ناوخۆ و شێوازە جۆراوجۆرەکانی زەبروزەنگدا تێدەپەڕن. بیناکردنەوەی نەوەی ئاگر لەسەر بنەماکانی پێکەوەژیان و هەموو ئەو بەهایانەی کە دەیانکاتەوە بە "مرۆڤی ئاسایی"، پێویستی بە پرۆژەیەکی گشتگیری فرەلایەن هەیە. پرۆژەیەک لە خواری خوارەوەی کۆمەڵگاوە دەستپێدەکات و خانە بە خانەی بونیە کۆمەڵایەتییەکانی زەبروزەنگی نەوەی ئاگر بینا دەکاتەوە.

کەم نین ئەو کۆمەڵگایانەی کە "لە سەری سەرەوە" سەرکردە یەکترکوژەکانی دوێنێی لە ئەمڕۆدا پێکەوە کۆدەکەنەوە و ڕێککەوتنی گەورە و فراوانیان پێ واژۆ دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لەم ڕێککەوتنانە کاراییان لەسەر "ئاساییکردنەوە" و "بەمرۆڤکردنەوەی" نەوەی ئاگر دانابێت. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە سوودان، کۆنگۆ، جەزائیر، فەلەستین، مالی و کوردستانیش بکەین.

کۆی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژی و بایەخدارانەی کە سەرکردەکان واژۆیان کردوون، نەیانتوانیوە کۆمەڵگەکان لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی جەنگ و زەبروزەنگ بەرنە دەرەوە، چونکە ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیانەی کە هەموو ڕۆژێک ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکەن، هەموو ئەو مرۆڤە سادانەن کە نەخراونەتە نێو ڕەوتی ئەو پرۆژە کۆمەڵگەییانەی بڕیارە لە "خواری خوارەوەدا" کاربکەن.

هەموو دیپلۆماتەکانی دنیا، هەموو تایبەتمەندە جیهانییەکانی زەبروزەنگ و هەموو سەرکردەکانیش پێکەوە ناتوانن کۆمەڵگەیەک لە ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکانی جەنگی ناوخۆ بەرنە دەرەوە، بەبێ ئامادەبوونی ئەو پرۆژە سۆسیۆلۆژییە فراوانەی کە لە "خواری خوارەوە" کەسایەتی نەوەی جەنگی ناوخۆ بینا دەکاتەوە.

بەپێچەوانەی ئەو ژوورە تەسکانەی کە چەند سەرکردەیەک تێیاندا کۆدەبنەوە و ڕێککەوتن واژۆ دەکەن، ئەم پرۆژە سۆسیۆلۆژییە دێت و تەواوی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە نێو کردەی دانوستاندن، گفتوگۆکردن، لەیەکتر تێگەیشتن، پێکەوە دانیشتن، پەیوەندی دروستکردن، لێکبووردن و کۆبوونەوە لە ڕووبەرە هاوبەشەکاندا و فێری ئەوەیان دەکات کە چۆن لەگەڵ جیاوازییەکانیاندا پێکەوە بژین و چۆن جیاوازییەکانیان وەک سەرچاوەی یەکتر دەوڵەمەندکردن تەماشا بکەن، نەک وەک هەڕەشە بۆ سەر یەکتری.

ئەو ناوچە ڕۆحیانەی کە جەنگی برا گەورەکان برینداری کردوون، ئەو ڕووبەرە شوناسیانەی کە زەبروزەنگی سەرکردە مەزنەکانی کۆمەڵگایەک دڕاندوونی، بە بڕیاری ستراتیژیی سەری سەرەوە سارێژ ناکرێن و نادوورێنەوە، بەڵکو بەکاراکردنی ئەکتەرە کۆمەڵایەتییە بچووکەکانی خواری خوارەوە، لەسەر پرۆگرامێکی زانستیی ورد، سارێژ دەکرێن و دەدوورێنەوە. پرۆگرامێک کە وەک چۆن دەستکاری خودی نەوەی ئاگر دەکات، ئاواش دەستکاری ڕێکخستنە ئابووری و سیاسییەکان دەکات و سەرلەنوێ پەیوەندیەکانیان دادەمەزرێنێتەوە، بەشێوەیەک کە گرووپە کۆمەڵایەتییە دژبەیەکەکانی دوێنێ بتوانن ڕووبەری هاوبەشی پێکەوە ژیان لە ئەمڕۆدا بدۆزنەوە و ئەمەش پێیدەگوترێت: پەڕینەوە لە کولتوری جەنگەوە بۆ کولتوری ئاشتی، لە کولتوری زەبروزەنگەوە بۆ کولتوری لێبووردەیی.

هەر کارکردنێک لەسەر دیمۆکراسی، لەسەر دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگا، لەسەر دروستکردنی سیستمێکی سیاسی دیمۆکراتیک لە کۆمەڵگەکانی پاش جەنگی ناوخۆدا، بەبێ ئامادەیی بەهێزی پرۆگرامی پەڕینەوە لە کولتوری یەکەمەوە بۆ کولتوری دووەم، شانسی گەورەی هەیە کە دواتر ببێتە کارکردن بۆ دروستکردنی گۆڕستان بۆ خودی دیمۆکراسی و قوربانییەکانی.

لەهیچ کۆمەڵگایەکدا "دیمۆکراسی سیاسی" توانای پارێزگاریکردنی لە ئاشتی کۆمەڵایەتی، لە پێکەوە ژیان، لە کولتوری سارد، لە یەکتر قبوڵکردن نییە. بەپێچەوانەوە، دیمۆکراسی سیاسی بەبێ پرۆگرامی پەڕینەوەی کۆمەڵگەیی، دەکرێت ببێتە هۆکاری لەتکردنی وڵات، جەنگی ناوخۆ، گەندەڵی، کۆچی نەوەکان، هەڵوەشانەوەی "پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی"، دروستکردنی چینێکی دابەستەی دابڕاوی کۆمەڵایەتی، لاوازبوونی ئینتیما بۆ نیشتمان و هتد. تەنیا گەرەنتییەک بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لەم قەیرانانە ڕووکردنە ئەو جیهانبینییەیە کە دیمۆکراسی لە سیستمی سیاسیدا کورت ناکاتەوە، بەڵکو سەرەتا و پێش هەموو شتێک وەک پرۆگرامی بیناکردنەوەی کۆمەڵگا تەماشای دەکات.

لە ئێستا و ئێرەی مێژووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا، نەک بەتەنیا ئەو نەوەیەی کە حکومەت بەڕێوە دەبات، بەڵکو ئەو نەوەیەی کە حیزبەکان، کە فەرمانگەکان، کە دەزگاکان، کە زانکۆکان، کە مزگەوتەکان، بازاڕەکان، یاریگاکان و کتێبخانەکان بەڕێوەدەبات، هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە ناومانننا "نەوەی ئاگر"، نەوەی جەنگی ناوخۆ، نەوەی زەبروزەنگە جیاوازەکان. لە ئامادەنەبوونی پرۆگرامی پەڕینەوەدا، سپاردنی کۆمەڵگا بەم نەوەیە، یەکسانە بە کاراکردنەوەی سیستەمی ئامادەباشیی کۆمەڵگەییمان بۆ پێشوازیکردن لە ئەزموونکردنەوەی فۆرمە جیاوازەکانی ئەو زەبروزەنگانەی لە داهاتوویەکی نزیک یان دووردا دێنەوە بۆ بەسەرکردنەوەمان. ئێمە کە دەست بۆ مادەی خاوی "نەوەی ئاگر" نەبەین و سەرلەنوێ نەیکەینەوە بە "نەوەی ئاشتی"، ئیتر چۆن لە هەر چرکەساتێکدا چاوەڕوانی کارەساتی گەورە نەبین!

---



کاوە ئەمین

# هاوڕێم، ئێمە لەسەر جادەی قیرین

چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی گوندی موفتی بە خوێنی چەند پێشمەرگەیەک لە دەستی داعش ڕزگار کرابوو، بە خزمەت شەهید لوقمان و پێشمەرگەکانی دیکە گەیشتین. نزیکی نیوەڕۆ بوو، پلەی گەرما خۆی لە پەنجا پلە نزیک کردبووەوە. کاک لوقمان بە خۆی و سمێڵە گەورەکانییەوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا، سادە و ساکار، بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین. ئەگەرچی ئەوە سەرەتای یەکتربینینمان بوو، لێم پرسی: کاک لوقمان تۆیش کاکەییت؟ بە پێکەنینەوە گوتی: دیارە بە سمێڵە زلەکانمدا تێکەوتوویت، ئەدی نەتبیستووە، ئەوەی سمێڵی سوور بوو هەمزاغا نییە؟

نەخێر ناوەڵڵا، کاکەیی نیم و چەمچەماڵیم، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە، گوندی شەبەک و کاکەییەکان دەپارێزین، گرنگ کورد و کوردستانە!

لەگەڵ پێشمەرگەکاندا زۆر هاوڕێیانە هەڵسوکەوتی دەکرد، زیاتر لە خێزانێک دەچوون کە هەموو چاویان لە دەمی براگەورەکەیان بێت، نەک یەکەیەکی سەربازی، جێگاو ڕێگای پشوودان، خواردن و جل و پێڵاویان هەموو لەیەک دەچوو، تەنیا ئەوە نەبێت هەندێک جار بە گەورەم بانگیان دەکرد و سەرشانی شەهید لوقمان داڵێک و دوو ئەستێرەی بەسەرەوە بوو!

دەیویست بست بە بستی گوندە ئازادکراوەکەمان پیشان بدات، دوای ئەوەی لایتێکی گەورەیان هێنا، هەر خۆی پێشمان کەوت بۆ ژێرەزەمینەکانی داعش، یاخود تونێلەکانی داعش کە لە چەند لایەکەوە وەکو مشکە کوێرە کونیان کردبووە زەویەکەوە و ژێر ماڵەکانیان کردبووە تونێلێک کە بەراستی سەرمان سوڕما. هێشتا بۆنی ئەوانی لێمابوو، ژووری بچکۆلە و بەتانی و سەرین و فەردە خورماکانیان هێشتا لە جێگاکانی خۆیاندا بوون، بەڵام پێشمەرگە هەموو تەقەمەنییەکانیان بووچەڵ کردبووەوە کە لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو.

کاک لوقمان وەکو چاوساخێکی کارامە وەکو چۆن گایدێکی شارەزا مۆزەخانەیەک نیشانی گەشتیاران بدات، ئاوا بەوردی باسی تونێلەکانی داعشی بۆ دەکردین و دەیگوت ئەم وڵاتە جێگای ئەم بێگانانەی تاسەر تێدا نابێتەوە. بەناو تونێلەکاندا ڕۆیشتین تا لە ناو خانوویەکدا خۆمان بینییەوە کە خاڵی پێکگەیشتنی تونێلەکانی داعش بوو.

ئەگەرچی ئەو لە بەردەمی کامێرادا هیچ قسەیەکی بۆ نەکردین بەڵام ئاریان هەموو هاتوچۆکانمانی بەکامێراکەی تۆمارکردبوو، بۆیە کە خەبەری شەهیدبوونی کاکە لوقمان لە فەیسبووک بڵاوکرایەوە، جارێکی دیکە سەیری ڤیدیۆکانم کردەوە، کاکە لوقمان وەکو پاشای دەشتی نەینەوا دێتە پێش چاو.

داعش تەنیا چەند کیلۆمەترێک لەوانەوە دوور بوو، گوندی موفتی کرابووە جێگای حەوانەوە و ناوەندی سەربازی هێزەکەی کاک لوقمان، ئەوان لە حوکمی قەناس بەدەستەکانی داعشدا بوون، بۆیە زوو زوو بە پێشمەرگەکانی دەگوت: ئاگاتان لەخۆتان بێت! ئاخر ڕۆژێک پێشتر گوللە هاوەنێکی داعش لەبەردەم سانگەرەکانی پێشمەرگەدا تەقیبووەوە و شوێنەکەی دیاربوو.

تا دەهات پلەی گەرما بەرزتر دەبووەوە، ئێمەش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک و کاک لوقماندا لەیەکێک لە سەنگەرەکاندا پشوویەکمان دا و داوای چا و ئاویان بۆ کردین، بەڵام من هەستم بە شەرمەزاری دەکرد لەبەردەم پێشمەرگەکاندا کە مەرگ لە هەموو چرکەیەکدا میوانیانە، چایەکەم نەخواردەوە، بەڵام بەراستی ئەوان مەرگیان شەرمازار کردبوو، ئەوەی ترس بوو لە دەم و چاویاندا بەدی نەدەکرا یان وەکو زۆرجار نەنکم لە پێداهەڵگوتنی پێشمەرگەدا دەیگوت "کون لە جەرگیاندا نییە".

ئەگەرچی کات دەڕۆیشت و بەرەو ئێوارە دەبووینەوە، بەڵام هێشتا خۆر بەرپێی پیشمەرگەکانی ڕووناک دەکردەوە و وەکو ئەوەی دڵی نەیەت بەجێیان بهێڵێت، نەوەک لە تاریکیدا شەمشەمە کوێرەکانی داعش زەفەریان پێببەرن.

کارەکەی ئێمە کۆتایی هات و دەبوو خاترخوازی لە کاک لوقمان و پێشمەرگەکانی بکەین، باوەشمان بەیەکدا کرد، دەتگوت سەد ساڵە یەکتری دەناسین بە پێکەنینەوە گوتی "کێ دەڵێت ڕۆژێک پەنجەمۆرێک ناکەین"؟

هێشتا زۆر دوورنەکەوتبووینەوە، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، کاک لوقمان بوو، سەرەتا وامزانی شتێکمان لەبیرچووە، بەڵام ئەو بە دەنگێکی پیاوانەوە پێ گوتم، ویستم بزانم گەیشتوونەتە سەر جادە قیرەکە، نەوەک ڕێگاتان لێ هەڵە بێت و ببنە میوانی داعشەکان!

چەند جارێکی دیکە بەتەلەفون قسەمان کردەوە، بڕیار وابوو لەگەڵ کاروان و ئاریان شەوێک بچینەوە بۆ لایان و ژیانی شەوێکی پێشمەرگەکان تۆمار بکەین، بەڵام ئێوارەی 28ی تەمووز، زەنگی تەلەفونێک تاساندمی، هەواڵی شەهیدبوونی کاک لوقمان بوو، هەواڵێک شەهیدبوونی باوکمی بەبیرهێنامەوە کە لە خەویشدا قسەیەکی نایەتەوە یادم، بەڵام ئەو گفتوگۆیەی نێوان شەهید لوقمان و کچەکەی کە بەتەلەفون قسەیان دەکرد و ئێمە گوێمان بۆ شل کردبوون، ڕەنگە هیچ کاتێک لە هزرمدا نەسڕێتەوە.

کاکە لوقمان بە کچەکەی دەگوت کە دیاربوو لێی تورەبوو کاتێک کاژێر چواری بەیانی چەند ڕۆژێک پێشتر بەجێیهێشتبوو و دڵی نەهاتبوو خەبەری کاتەوە: "دەی کچم، بەو بەیانییە زووە دڵم نەهات خەبەرت بکەمەوە، ئەی نازانیت جەژن بەڕێوەیە و منیش کە مووچەکەم وەرگرت دیاری جەژنت بۆ دەهێنم، نابێت لێم تورەبیت".

نازانم دوای ئەو گفتوگۆیە، منداڵەکانی بینییەوە یان نا، بەڵام ڕەنگە ئێستا تەنیا من بزانم هەستیان چۆنە، بێ باوکی چەند دەردێکی بێ دەرمانە.

نە فریاکەوتم بەدیداری کاکە لوقمان شادبمەوە، نە پەنجەمۆریشمان کرد، بەڵام ئەوەی دیارە و وەکو سەرورییەک بۆی دەمێنێتەوە، ئەو بە خوێنی خۆی پەنجەی لەسەر نەخشەی وڵاتەکەی مۆرکرد، نەخشەیەک ئەگەر دڕۆزنەکان لەوە زیاتر لەتوکوتی نەکەن، ڕەنگە خوێنی کاکە لوقمان و باوکم و هەزارانی دیکە، سەرلەنوێ دروستی بکەنەوە.

خوات لەگەڵ هاوڕێ، ئێمە لەسایەی خوێنەکەی تۆوە لەسەر جادەی قیرین و ترسمان نییە.

---

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# هۆڵەندییەک بە زازاکی گۆرانی دەڵێت

12 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





